تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(5990) چوارشەممە 19ی ئابی 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

لە یادی (٧٤) ساڵەی دامەزراندنی پارتیمان

سەری ڕێزو نەوازش بۆ شەهیدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان و ڕابەر و سیمبولی نەتەوەییمان بارزانی نەمر دادەنوێنین



١٦ی ئابی ١٩٤٦ - ١٦ی ئابی ٢٠٢٠

٧٤

ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

بە فەرمانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی سلێمانی و چەمچەماڵ تەرخانکرا



بە فەرمانی مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بڕی زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەمی ئاو لە ناو شاری سلێمانی و شاری چەمچەماڵ تەرخانکرا.

سەرچاوەیەك لە ئەنجوومەنی وەزیران ڕایگەیاند کە ماوەیەکی زۆرە کێشەی کەمئاوی لە هەردوو شاری سلێمانی و چەمچەماڵ هەیە و بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا بڕی زیاتر لە چوار ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە خەرج بکرێت .

وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیار لەبارەی مووچەی سێ مانگی 2018 دەدات

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراق، پێویستە مووچەی سێ مانگی 2018 بە پاشەکەوت هەژمار بکرێت و مووچەی هەر مانگێك بۆ ئەو مانگە ناوزەد بکرێت. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

بزووتنەوەی گۆڕان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات



بزووتنەوەی گۆڕان بەبۆنەی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز: مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان

بەبۆنەی یادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پیرۆزباییەکی گەرم لە بەڕێز سەرۆکی پارتی و بەڕێزان ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و تەواوی ئەندامانتان دەکەین.

ئەم یادە هاوکاتە لەگەڵ کۆمەڵێك قەیرانی سیاسی و دارایی و تەندروستی و ئەمنی کە یەخەی بە هەرێم و هاونیشتمانیان گرتوە، ئەوەش ئەرکێکی بەپەلەی خستۆتە سەرشانی سەرجەم هێزە سیاسییەکان لە پێناو گفتوگۆ و ڕاوێژ و دانیشتن بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاوی دەربازبوون لەم تەنگژانەو پاراستنی دەستکەوتەکان و هەنگاونان بەرەو ئایندەیەکی باشتر بۆ گەلەکەمان و کارکردن بە ئاراستەی ڕێکەوتنی گشتگیر لەسەر بنەمای دەستوور و بەرژەوەندیە باڵاکانمان لەگەڵ حکوومەتی عێراقدا. بۆ ئەو مەبەستانە، سازدانی کۆبوونەوەی سێ قۆڵی و بەرفراوانتریش بە ڕێکارێکی گونجاو ئەزانین.

لەم بۆنەیەدا، بەپێویستی دەزانین جارێکی تر جەخت لەسەر خێراکردنی هەنگاوە کردارییەکانی چاکسازی ڕاستەقینە لە هەرێمی کوردستان بکەینەوە، بەشێوەیەك هەنگاوەکان وەڵامدەرەوەی پێداویستییەکانی خەڵك و، تێپەڕاندنی قەیرانی دارایی و چارەسەرکردنی کێشە بنەڕەتییەکان و بەهێزکردنەوەی دامەزراوە شەرعییەکان بێت، بەئاراستەی سەپاندنی دەسەڵاتی حکوومەتی هەرێم و دامەزراوەکانی بەسەر سەرجەم داهاتە ناوخۆییەکانیدا.

بزوتنەوەی گۆڕان



بەیان سامی عەبدولڕەحمان:

کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەشێک دەبێ لە ئەجیندای گفتوگۆکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا

خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق کە ئێستا بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی سەرەك وەزیران شاندێکی عێراقی لە واشنتن گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمەریکا و تەکیدی کردەوە کە کورد لەم گفتوگۆیانەی نێوان عێراق و ئەمەریکا بەشێکە لەئەجیندای گفتوگۆکان.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)



وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان: لەگەڵ بەغدا لە پەیوەندییداین کە دەرمان هاوشێوەی هەموو پارێزگاکان بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکرێت

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی دەڵێت، لەگەڵ بەغدا لە پەیوەندی داین کە دەرمان هاوشێوەی هەموو پارێزگاکان بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکرێت. بە گوتەی سامان بەرزنجی، توانای نەخۆشخانە حکوومییەکان سنووردارە و لە ئەگەری نەمانی شوێن بۆ نەخۆشان، ناچارن ڕەوانەی نەخۆشخانە تایبەتییەکانیان بکەن. وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی سەردانی پارێزگای دهۆکی کرد و لە نزیکەوە چاودێری نەخۆشخانەی ئازادی کرد کە بۆ نەخۆشانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تەرخان کراوە.

(زیاتر لە ل5 بخوێنەوە)




لیوا قارەمان:

بڕیارە سەردانی بەغدا بکەین و چارەنووسی شەش بنکە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش یەکلابکەینەوە

ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند، بڕیارە بۆ ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی شەش بنکە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکان، شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی بەغدا بکات و ڕێککەوتنیش لەسەر دروستکردنی بنکەکان کراوە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

لوبنانییەکان بەردەوامن لە دەربڕینی ناڕەزایی



13

ئەمشەو بۆ گەیشتن بە یاریی کۆتایی

14

لیۆنی فەڕەنسی دەیەوێت بایرن میونشنی ئەڵمانی تووشی شۆک بکات



لە یادی 16ی ئابدا، پارتی دیموکراتی کوردستان پاڵپشت و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و چارەسەرکردنی گرفت و کێشە ئابووری و کارگێڕیەکان





دامودەزگاکان ڕادەسپێرێت هاوکاری باوکی پێشمەرگەکە بکەن

مەسرور بارزانی لە تەندروستی باوکی پێشمەرگەیەکی دیلی دەستی تیرۆریستانی داعش دەپرسێت

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دامودەزگاکانی حکوومەتی ڕاسپارد هاوکاری پێشکەشی مام عەلی بکەن، کە باوکی پێشمەرگەیەکی دیلی دەستی تیرۆریستانی داعشە و هەفتەیەکە بەهۆی تووشبوونی بە کۆرۆنا لە نەخۆشخانەیەکی چەمچەماڵ چارەسەر وەردەگرێت.

مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ سێشەممە 18/8/2020 لە تەندروستیی عەلی محەمەد ڕەسوول ناسراو بە مام عەلی پرسی، کە دەکاتە باوکی پێشمەرگەیەك بەناوی ئاکۆ کە لە ساڵی 2014ەوە دیلی دەستی داعشە.

سەرۆکی حکوومەتی دامودەزگاکانی حکوومەتی ڕاسپارد هاوکاری پێویست پێشکەشی مام عەلی بکەن، کە ماوەی هەفتەیەکە بەهۆی تووشبوونی بە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە نەخۆشخانەی ئاسوودە لە شاری چەمچەماڵ چارەسەر وەردەگرێت و، دۆخی تەندروستی ناجێگیرە.

پەرلەمانتارێکی گۆڕان سوپاسی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

ئەندامێکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان سوپاسنامەیەکی ئاراستەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. جەلال محەمەد، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، لە سوپاسنامەیەکدا، ئاماژەی بەوە داوە، دوای ئەوەی شەوی سێشەممە سەردانی خەستەخانەی ئاسوودەی تووشبووانی کۆرۆنای کرد لە چەمچەماڵ، گوزەرانی مام عەلی باوکی ئاکۆ کە پێشمەرگەیەکی دیلی دەستی تیرۆریستانی داعشە، زۆر نیگەرانی کردووە کە داوای دەکرد ڕێگەی بدەن نەخۆشخانە جێبهێڵێت بۆ ئەوەی بڕوات و نان بۆ منداڵەکانی کۆڕەکەی پەیدا بکات. پەرلەمانتارەکەی گۆڕان سوپاسی مەسرور بارزانی، سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستانی کردووە کە لەسەر ئەم بابەتە هاتە دەنگ و دام و دەزگاکانی ڕاسپاردووە کا هاوکاری مام عەلی بن و بەگرنگییەوە لەسەر ئەم پرسە هاتۆتە سەر هێڵ. ئەمەش دەقی سوپاسنامەکەیە:

سوپاسنامە

دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو سەردانی خەستەخانەی ئاسوودەی تووشبووانی کۆرۆنامان کرد لە چەمچەماڵ، گوزەرانی مام عەلی باوکی ئاکۆ کە پێشمەرگەیەکی دیلی دەستی تیرۆریستانی داعشە زۆر نیگەرانی کردم کە داوایدەکرد ڕێگەی بدەن خەستەخانە جێبهێڵێت بۆ ئەوەی بڕوات نان پەیدا بکات بۆ منداڵەکانی کۆڕەکەی.

بە سوپاسەوە میدیاکان گرنگییەکی زۆریان بەم هەواڵەداو بەم هۆیەشەوە بەڕێز سەرۆك وەزیران مەسرور بارزانی لەسەر ئەم بابەتە هاتە دەنگ و دام و دەزگاکانی ڕاسپاردووە کا هاوکاری مام عەلی بن و بەگرنگییەوە لەسەر ئەم پرسە هاتۆتە سەر هێڵ. وەك پەرلەمانتاری کوردستان ویژدانم ئاسوودەو مورتاح دەبێت کاتێك بەمجۆرە بتوانم کێشەکانی خەڵك بگەیەنمە شوێنی مەبەست کە دەرئەنجامی مانەوەو بەجێ نەهێشتنی خەڵکە، هەمیشە خزمەتکارو کۆڕی خۆتان دەبین.

جەلال محەمەد

ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی گۆڕان

حزبی شیوعی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات

حزبی شیوعی کوردستان بەبۆنەی 74 ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆك مەسعود بارزانی و مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز/ جەنابی سەرۆك مەسعود بارزانی

بەڕێزان/ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان

سڵاو و ڕێز...

بە بۆنەی 74ـەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتە تێکۆشەرەکەتان، پارتی دیموکراتی کوردستان، بە ناوی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتیی حزبی شیوعی کوردستان، پیرۆزبایی گەرمی ئەو یادەتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ دەخوازین.

بەڕێزان. لەکاتێکدا کە یادی ساڵڕۆژی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەنەوە، کوردستان و ناوچە کەو جیهان بە بارودۆخێکی زۆر هەستیار و مەترسیدارا دەڕوات، لەلایەك ڤایرۆسی کۆرۆنا کە بووتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر هەموو مرۆڤایەتی و لەلایەکی تر بارودۆخی سیاسی و ئابووری کە کاریگەری سەختی نێگەتیڤی کردووەتە سەر بارودۆخی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای بۆردوومانکردنی ڕۆژانەی ناوچە سنوورییەکانمان لەلایەن دەوڵەتە دراوسێکان کە خەڵکی سڤیل دەبنە قوربانی و ناچار دەکرێن کە گوند و دێهاتەکان و ڕەز و باخەکانیان جێبهێڵن، ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی کردۆتە سەر بژێوی ژیانیان.

بەڕێزان.. لەم قۆناغەدا پێویستە لایەنەکان کێشە و ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکەن و بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی ڕوو بەڕووی کێشە و قەیرانەکان ببنەوە، لە پێناو باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان. لەم بۆنەیەدا جارێکی تر جەخت لەسەر پتەوکردنی پەیوەندیی دێرینەی هەردوو حزب دەکەینەوە.

دووبارە پیرۆزباییمان قبووڵ بفەرموون.

لەگەڵ ڕێزماندا

مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کوردستان

وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕیار لەبارەی مووچەی سێ مانگی 2018 دەدات



سەرچاوەیەك لە وەزارەتی دارایی و ئابووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ڕێککەوتن لەگەڵ حکوومەتی عێراق، پێویستە مووچەی سێ مانگی 2018 بە پاشەکەوت هەژمار بکرێت و مووچەی هەر مانگێك بۆ ئەو مانگە ناوزەد بکرێت. سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق کراوە، لە هەرێمی کوردستان دەبێت پاکانەی حیسابات بکرێت و مانگە مووچەی هەرێم لەگەڵ مانگە مووچەی بەغدا ڕێك بخرێت و بەو جۆرە ئەو سێ مانگەی ساڵی 2018 کە لەلایەن کابینەی پێشووەوە مووچە نەدراوە، بە پاشەکەوت هەژمار دەکرێت.

سەرچاوەکەی وەزارەتی دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕوونیکردەوە، بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی عێراق، حکوومەتی هەرێم دەبێت بەپێی سیستمی مانگانەی عێراق، مووچە بدات و مووچەی هەر مانگێك، بۆ ئەو مانگە هەژمار دەکرێت. بۆیە ئەو سێ مانگەی کە لە ساڵی 2018 لە لایەن کابینەی پێشووەوە مووچە نەدراوە، بە کردەوە پاشەکەوت کراوە. ڕاشیگەیاند، هەرێمی کوردستان نزیکەی 27 ملیار دۆلار قەرزارە و لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، مانگانە مووچەی دابەشکردووە و تا ئێستا یازدە مووچەی داوە و بەم نزیکانەش مووچەی تر دەدرێت و دەبێتە مووچەی دوازدە. ئەوەشی خستووەتەڕوو، بەهۆی ئەو قەرزە زۆرانەی لە ساڵانی ڕابردوو لە سەر هەرێم کەڵەکە بووە، زۆربەی سەرچاوە دەرەکییەکان ئامادەنین قەرزی دیکە بە هەرێم بدەن و حکوومەتیش نایەوێت چیتر باری سەرشانی هاوواڵتییان قورستر بکات و قەرزی زیاتر بکات، بۆیە دەبێت خۆی لەگەڵ ڕەوشی دارایی و ئابووریی ئێستا بگونجێنێت تا ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێت.

ئێران.. گیانلەدەستدان بە کۆرۆنا لە 20 هەزار نزیکبووەتەوە

ژمارەی تووشبوانیش گەیشتە 347 هەزار و 835 کەس

لە ئێران لە میانی 24 کاتژمێردا، 168 کەسی دیکە بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، بەمەیش کۆی گشتی حاڵەتەکانی گیانلەدەستدان بەهۆی ڤایرۆسەکەوە بۆ 19 هەزار و 972 کەس بەرزبوویەوە.

دوێنێ سێشەممە گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری لەبارەی دواییین ئامارەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ڕایگەیاند کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 168 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و 385 حاڵەتی نوێی تووشبوونیش بە ڤایرۆسەکە تۆمار کراوە.

سیما سادات لاری باسی لەوەش کرد کە ژمارەی ئەو کەسانەی تا ئێستا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەو وڵاتە گیانیان لەدەستداوە گەیشتووەتە، 19 هەزار و 972 کەس و ژمارەی حاڵەتە تۆمارکراوەکانیش گەیشتووەتە، 347 هەزار و 835 کەس.

سادات لاری ئاماژەی بەوەیش کرد کە سێ هەزار و 882 تووشبوو لە یەکەی چاودێری چڕدا چارەسەر وەردەگرن و تا ئێستا، 300 هەزار و 881 تووشبووی دیکەی ڤایرۆسەکە دوای وەرگرتنی چارەسەر چاکبوونەتەوە و نەخۆشخانەیان بەجێهێشتووە.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران ئاشکراشیکرد تا ئێستا، دوو ملیۆن و 914 هەزار و 49 پشکنینی تاییەت بە ڤایرۆسەکە ئەنجامدراوە. سیما سادات لاری باسی لەوەشکرد کە هەریەك لە پارێزگاکانی مازەندەران، تاران، قوم، گوڵستان، خۆراسانی باکوور، ئەردەبیل، ئیسفەهان، ئەلبورز، خۆراسانی ڕەزەوی، کرمان، سیمنان، ئازەربایجانی خۆرهەڵات، مەرکەزی، یەزد و گیلان وەك «ناوچەی سوور» لەقەڵەمدراون کە مەترسی تێیاندا بەرزە، و 11 پارێزگای دیکەش وەك ناوچەی مەترسیدار دەستنیشانکراون.



حکوومەتی عێراق هەوڵی گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکانی شەڕی داعش بۆ باشووری کەرکووک دەدات

دوێنێ سێشەممە شاندێکی سەربازی عێراقی گەیشتنە کەرکووك و تاوتوێی گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکانی شەڕی داعش بۆ باشووری شاری کەرکووك دەکەن. شاندەکەی عێراق پێکهاتبوون لەعەبدولئەمیر ئەلشەممەری، جێگری سوپا سالاری عێراق و جەعفەر ئەلبەتات، فەرماندەی پۆلیسی فیدراڵی و شاندێکی یاوەری. بەگوێرەی زانیارییەکان مەبەستی سەردانی شاندەکە بۆ شاری کەرکووك، تاوتوێکردنی بارودۆخی ئەمنی شارەکە و نەو بۆشاییە ئەمنییەیە کەوا لە نیوان هێز عێراقییەکان و هێزەکانی پێشمەرگەدا هەیە و چۆنێتی هەماهەنگی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە. هاوکات ئەو شاندەی عێراق، باس لە گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکانی شەڕی داعش بۆ شۆینی خۆیان لە باشووری کەرکووك دەکەن .

لە یادی (74) ساڵەی پارتیماندا ڕێبازی بارزانی نەمر کە ڕێبازی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستانە، پێکهاتەکانی گەلی کوردستان بە سەرچاوەی هیزی خۆی دەزانێ

بەیان سامی عەبدولڕەحمان بۆ (خەبات):

کێشەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەشێک دەبێ لە ئەجیندای گفتوگۆکانی نێوان عێراق و ئەمەریکا



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمەریکا لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات تیشکی خستە سەر گفتوگۆکانی نێوان ئەمەریکا و عێراق کە ئێستا بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی سەرەك وەزیران شاندێکی عێراقی لە واشنتن گفتوگۆ دەکەن سەبارەت بە پەیوەندییەکانی عێراق و ئەمەریکا و تەکنیدی کردەوە کە کورد لەم گفتوگۆیانەی نێوان عێراق و ئەمەریکا بەشێکە لەئەجیندای گفتوگۆکان.

خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان لە دریژەی لێدوانەکەیدا باسی لەزۆر بابەتی گرنگ لەنێوان هەردوو وڵات کرد و گوتی: مەسەلەی چارەنووسی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق و پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانی عێراق لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێشە ئابووریەکان و بابەتی ئاوارەکان و پەیوەندی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێم و کێشە دەستوورییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئەو ناوچانەی کە دەکەوێتە چوارچێوەی مادەی 140ی دەستوور و شایستە دارایی کانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراق و ئەو قەرزانەی بە عێراق دەدرێت و چەند بابەتێکی تر تاوتوێ دەکرێت.

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە ئەمەریکا هەروەها گوتی: ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆرستانی داعش و مافی پێکهاتەکان لە عێراق و ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆرستانی داعش بە هەمان شێوە جێگەی بایەخ دەبێ لە گفتوگۆکاندا و هیوادارم بە ئەنجامێکی باش بگات.

خاتوو بەیان گوتیشی: ئەمەریکا لەسەروبەندی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دایە و پێناچێ ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانە ئەمساڵ بەدیار بکەوێت و ڕەنگە لەساڵی داهاتووەوە ڕەنگدانەوەکانی باشتر ببینرێت. هەروەها گوتی: ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ ئەمەریکا هەیە و ڕەنگە بڵێم پەیوەندی هەرێمی کوردستان باشتر و فراوانتر بێت لەپەیوەندی نێوان واشنتن و بەغدا.

دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق:

داهاتی یەک ڕۆژی دەروازە سنوورییەکان، گەیشتووەتە پێنج ملیار دینار

دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق بڵاویکردەوە کە داهاتی یەك ڕۆژی دەروازە سنوورییەکان، گەیشتووەتە پێنج ملیار دینار. لە ڕاگەیەندراوێکدا، دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق ئاماژەی بەوەداوە کۆی گشتی ئەو داهاتەی کە ڕۆژی دووشەممە لە دەروازە سنوورییەکان بەدەستهاتووە، گەیشتووەتە پێنج ملیار دینار.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشکخراوەتە سەر ئەوەی کە وێرای ئەوەی باجی گومرگی لەسەر زۆرێك لە کەلوپەلی هاوردەکراو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، داخستنی دەروازە سنوورییەکان لە دەروازە سنوورییەکاندا سفرکراوە، بەڵام ڕۆژی دووشەممە، داهاتی دەرواوە سنوورییەکان، گەیشتووەتە پێنج ملیار دینار.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشکخراوەتە سەر ئەوەی کە وێرای ئەوەی باجی گومرگی لەسەر زۆرێك لە کەلوپەلی هاوردەکراو بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، داخستنی دەروازە سنوورییەکان لە دەروازە سنوورییەکاندا سفرکراوە، بەڵام ڕۆژی دووشەممە، داهاتی دەرواوە سنوورییەکان، گەیشتووەتە پێنج ملیار دینار.

ئەمەیش لە کاتێکدایە پێشتر سەرۆکی دەستەی دەروازە سنوورییەکانی عێراق، عومەر وائیلی ڕایگەیاندبوو کە داهاتی دەروازە سنوورییەکان بۆ مانگی تەموزی ڕابردوو، 100 ملیار دینار بووە.

جگە لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان، عێراق خاوەن نۆ دەروازەی سنووریی وشکانییە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ کە ئەوانیش زرباتییە، شەلامجە، مونزەرییە، شیب لەگەڵ ئێران، سەفوان لەگەڵ کوێت تربێل لەگەڵ ئوردن، وەلید لەگەڵ سووریا، عەرعەر و عەرعەری نوێ لەگەڵ سعوودیە.

لیوا قارەمان:

بڕیارە سەردانی بەغدا بکەین و چارەنووسی شەش بنکە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش یەکلابکەینەوە



ئەندامێکی شاندی دانوستانکاری وەزارەتی پێشمەرگە بۆ گفتووگۆکردن لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی عێراق ڕایگەیاند، بڕیارە بۆ ڕێککەوتن لەسەر دروستکردنی شەش بنکە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکان، شاندێکی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی بەغدا بکات و ڕێککەوتنیش لەسەر دروستکردنی بنکەکان کراوە.

لیوا قارەمان کەمال، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: بڕیارە شاندی وەزارەتی پێشمەرگەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدا بکات و دەست بە گفتوگۆ بکات لەگەڵ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ناوچە کوردستانییەکان هەن، چونکە ڕێککەوتن کراوە شەش بنکە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەش دروست بکرێن.

ناوبراو گوتیشی، بڕیارە شەش بنکەی گەورە لە هەولێر و بەغدا و چوار بنکەی بچووکیش بۆ ژووری هاوبەش لە ناوچە کوردستانییەکان دروست دەکرێن، کە ئەوانیش بریتین لە کەرکووك و دیالە و مووسڵ و مەخمور. دەشڵێ، لەسەر دروستکردنی شەش بنکە گەیشتوونەتە ڕێککەوتن تەنها ماوە لەسەر وردەکارییەکان بگەنە ڕێککەوتن، کە لە ناوچە کوردستانییەکان لە چ شوێنێك بنکە دروست بکەن و لەم کۆبوونەوەیەشدا هەوڵ دەدەن ئەو پرسە یەکلا بکەنەوە. لیوا قارەمان ئاماژەشی دا، کاری ئەو بنکانە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشە دژی داعش لە ناوچە کوردستانییەکاندا.

دادگای نێودەوڵەتی سەرکردەیەکی حزبوڵای لوبنانی بە تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری تاوانبار کرد

دوێنێ سێشەممە 18-8-2020 لە لاهای، دادگای نێودەوڵەتیی تایبەت بە دۆسیەی تیرۆرکردنی ڕەفیق حەریری سەرۆك وەزیرانی پێشووتری لوبنان، سەرکردەیەکی حزبوڵای لوبنانی تاوانبار کرد.

دادگا نێودەوڵەتییەکە ڕایگەیاند کە سەلیم عەیاشی تەمەن 56 ساڵ، بەرپرسی سەربازی لە ناو میلیشیای حزبوڵای لوبنانی بکوژی ڕەفیق حەریرییە. قازی دەیڤید ڕێی لە کورتەی بڕیاری دادگاکەیدا کە لە دوو هەزار و 600 لاپەڕە پێکهاتووە، دووپاتی کردەوە سەلیم عەیاش تاوانبارە بە کوشتنی ڕەفیق حەریری و ئەنجامدانی هێرشە تیرۆریستییەکە، کە لە ئەنجامدا جگە لە حەریری، 21 کەسی تریش کوژران.

عەیاش یەکێك بوو لەو پێنج تۆمەتبارەی حزبوڵا کوژرانی یەکێکیانی بە ناوی مستەفا بەدر لە سووریا ڕاگەیاندبوو.

جێی باسە ڕەفیق حەریری بە ژیان و مەرگی کاریگەریی چارەنووسازی لەسەر بارودۆخی لوبنان هەبووە. بە گوێرەی ماڵپەڕی ڕووداویش، حەریری لە دوو قۆناخدا سەرۆکوەزیرانی لوبنان بووە، یەکەمجار لە 1992 بۆ 1998 و دواتریش لە 2000 بۆ 2004، کاتێك خۆی دەستی لەکار کێشایەوە. چوار مانگ دوای دەستلەکارکێشانەوەی، بۆمبێك لەسەر ڕێگای کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی لە نزیك هۆتێلی سەینت جۆرج دانراو بە تەقینەوەی بۆمبەکە لە بەیروت کوژرا. حەریری لە کاتێکدا دەسەڵاتی سەرۆکوەزیرانی لوبنانی وەرگرت، کە تەنیا دوو ساڵ بەسەر کۆتاییهاتنی شەڕی نێوخۆیی 15 ساڵەی لوبناندا تێپەڕیبوو، بۆیە ئەرکی ئاوەدانکردنەوەی لوبنان و کۆنترۆڵکردنی گرژییە سیاسییەکانی دوای شەڕی نێوخۆی کەوتبووە ئەستۆ.

ڕەفیق حەریری لە کۆتاییەکانی 1944 لە شاری سەیدا لەدایکبوو. لە تەمەنی 21 ساڵی چووە سعودیە و لە 1978 بووە هاووڵاتیی سعودیە. سەرەتای ژیانی لە سعودیە بە وانەگوتنەوە دەستپێکرد، بەڵام ماوەیەکی کورت لە کۆمپانیایەکی بیناسازی دامەزرا و دواتر کۆمپانیای نۆجیەی سعودی دامەزراند.

حەریری بە هۆی دژایەتیی لەگەڵ ئیمیل لەحود، سەرۆککۆماری ئەوکاتی لوبنان کێشەی بۆ دروست ببوو، هەر ئەوەش وایکرد حەریری لە 1998 کورسی دەسەڵات جێبهێڵی. لەحوود بە کەسێکی نزیك لە سووریا لەقەڵەم دەدرا. حەریری دژی مانەوەی هێزەکانی سووریا لە لوبنان بوو. هەرچەند هیچکات بە ئاشکرا دژی سووریا نەوەستایەوە، بەڵام لە کۆبوونەوە نهێنییەکاندا دژایەتی خۆی لەگەڵ مانەوەی هێزەکانی سووریا لە لوبنان ڕاگەیاندووە. بە گوتەی وەلید جومبوڵات، سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی پێشکەوتنخوازی لوبنان، لە کۆبوونەوەیەکی 2004ی نێوان بەشار ئەسەد و حەریریدا، سەرۆکی سووریا هەڕەشەی لە حەریری کردبوو کە «لەحود و من یەك کەسین، ئەگەر تۆ و ژاك شیراك بەنیازن من لە لوبنان دەربکەن، ئەوە لوبنان تێکدەشکێنم». دەستلەکارکێشانەوەکەی 2004ی حەریری وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر گوشارەکانی حکومەتی سووریا بۆ هێشتنەوەی لەحوود لە قەڵەم دەدرا. زۆر کەس لە ناوخۆ و دەرەوەی لوبنان پێیانوایە حەریری گیانی لەسەر ئەو بڕیارە دانا. وژرانی حەریری شۆڕشی بە دواوە بوو، کە بە ڕاپەڕینی سەربەخۆییش ناسراوە و داوای سەرەکییان کشانەوەی هێزەکانی سووریا لە خاکی لوبنان بوو. ئەو ڕاپەڕینە لە ماوەی دوو مانگدا توانی حکومەتی سووریا ناچار بکات هێزەکانی لە سووریا بکشێنێتەوە.





ڕۆژئاوای کوردستان..
لە شارۆچکەی سەرێ کانی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراو بە خاڵێکی پشکنینی میلیشیاکان تەقییەوە

لە شارۆچکەی سەرێ کانیی ڕۆژئاوای کوردستان، کە لەژێر کۆنترۆڵی میلیشیا چەکدارە توندڕەوەکانی بەناو ئۆپۆزسیۆنی سەربازیی سووریادایە، بە ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو هێرش کرایە سەر خاڵێکی پشکنینی چەکدارەکان و بەهۆیەوە سێ چەکداری توندڕەو کوژران.

لە ناوچەی مەبروکە خۆڕئاوای شارۆچکەی سەرێ کانیی ڕۆژئاوای کوردستان کە بە پێشتر لەلایەن سوپای تورکیاو میلیشیا چەکدارە توندڕەوەکانەوە داگیرکرابوو، بەهۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبێلێکی بۆمبڕێژکراوەوە لە نزیك خاڵێکی پشکنینی چەکدارەکانەوە سێ چەکدار کوژران و چەند کەسێکی دیکەش بەهۆی تەقینەوەکەوە بریندار بوون کە بۆ چارەسەر گواستراونەتە نەخۆشخانەکانی ناوچەکە.

100 دۆلاری ئەمەریکی بە 741 لیرەی تورکی مامەڵەی پێوە کرا
لیرەی تورکی بەرانبەر بە دۆلار دابەزێنێکی دیکەی تۆمار کرد



ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار دادەبەزێت، ئەم دابەزینەش کاریگەریی زۆری کردووەتە سەر ژیانی هاووڵاتیان، چونکە هەموو شتێك نرخەکەی بەهۆی بەرزبوونەوەی دۆلارەوە بەرز بووەتەوە.

دوێنێ سێشەممە 2020.8.18 لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار دابەزینێکی دیکەی تۆمار کرد، و لە بازارەکانی تورکیا 100 دۆلاری ئەمەریکی بە 741 لیرەی تورکی مامەڵەی پێوە کراوە. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی ئابووریناسانی تورکیا، بەرزبوونەوەی بەهای دۆلار بەرامبەر بە لیرە هۆکارەکەی (خستنەڕوو و داواکردنە)، واتە هەر شتێك خستنەڕووی لە بازاڕ کەم بوو، نرخەکەی بەرز دەبێتەوە، دۆلاریش خستنەڕووی کەمە، بۆیە بەهاکەی بەرز بووەتەوە و لیرەش دابەزیوە.

یەکێك لەو مەترسییانەی لە میدیاکانی تورکیا باسی لێوە دەگرێت، زیاتر دابەزینی بەهای لیرەی تورکییە، چونکە زۆربەی پێشبینییەکان دەیدەخەن تا کۆتایی ئەمساڵ، نرخی 1 دۆلار بۆ 8 لیرەی تورکی بەرز دەبێتەوە، ئەمەش ئابووریی تورکیا بەرەو هەرەسهێنان دەبات.

د.ڕێواز فایەق پرسەنامەیەک ئاراستەی هێمن هەورامی دەکات

بۆ کۆچی دوایی مامی بەڕێزیان، د.ڕێواز فایەق سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد کەئەمە دەقەکەیەتی:

برای بەڕێزم کاك هێمن هەورامی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامی بەڕێزتان (مام ڕەحیم هەورامی)م پێگەیشت، پرسەو سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆم ئاراستەی خۆتان و خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەم، لەخوای گەورە داواکارم سەبووریی هەمووڵایەك بدات و کۆچکردوو بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

انا لله وانا الیه راجعون

د.ڕێواز فایەق
سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
2020-8-18

سکرتێری پەرلەمانی کوردستان پرسەنامەیەک ئاراستەی هێمن هەورامی دەکات

بۆ کۆچی دوایی مامی بەڕێزیان، منی نبی قەوەچی سکرتێری پەرلەمانی کوردستان پرسەنامەیەکی ئاراستەی هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کرد کەئەمە دەقەکەیەتی:

بەناوی خوای گەورەو دلۆڤان

بەڕێز/ هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان

بەدڵێکی خەمناکەوە هەواڵی کۆچی دوایی مامی بەڕێزتان خوالێخۆشبێ (مام ڕەحیم هەورامی)م پێگەیشت، بەم بۆنە خەمناکەوە پرسەو سەرەخۆشیی خۆم ئاراستەی بەڕێزتان و کەسوکارو بنەماڵە تێکۆشەرەکەتان دەکەم، داواکارم لەخوای گەورە سێبووری و ئارامی بەهەموو لایەك ببەخشێت و گیانی خوالێخۆشبێ بەبەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

«انا لله وانا الیه راجعون»

منی نبی قەوچی
سکرتێری پەرلەمانی کوردستان
2020-8-18

دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی داعش لە ڕۆژئاوای عێراق

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی سەربازیی عێراق، دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی داعشی لە ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار ڕاگەیاند. بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی سەربازیی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە هێزەکانی هۆبەی هەواڵگریی سەربازیی لە فیرقەی هەشت بە هاوکاری هێزەکانی فەوجی دوو سەربە لیوای 30ی پیادەی سوپا، دوو تیرۆریستی داعشیان لە ناوچەی خەسیم سەربە قەزای قائم ڕۆژئاوای پارێزگای ئەنبار دەستگیرکردووە.

هەروەها ئاماژەی بەوە داوە، تیرۆریستە دەستگیرکراوەکان کە بەپێی ماددەی چواری تیرۆر داواکراون، دوای وەرگرتنی گوتەکانیان، بە مەبەستی تەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان ڕەوانەی لایەنی داوەریی کراون.

دیندار زێباری: تا ئێستا 3530 ڕفێندراوی ئێزدی لە دەستی داعش ڕزگارکراون

قوربانیانی تاوانەکانی داعش لە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەبێ جیاوازی پێویستیان بە قەرەبووکردنەوە هەیە



دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش ئێزدییەکان و گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان لە شنگال و دەشتی نەینەوا و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی سنووری هەرێم ڕووبەڕووی چەندین شێوازی پێشێلکاری بوونەوە لەوانە کۆمەڵکوژی، ئاوارەیی و دەربەدەر بوون، وێرانکردنی خانوو وماڵ و ڕفاندن، هەروەها بەشێکی زۆری مەزارگە و شوێنە ئایینییەکانیشیان خاپوور کران.

لە ئێستادا پرۆژە یاسایەك بەناوی یاسای (ئێزدییە ڕزگاربووەکان) لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ تایبەت بە چارەنووسی ڕفێندراوانی دەستی داعش و دووبارە شیاندنەوەیان، سەبارەت بەم پرۆژە یاسایە و هەوڵەکان بۆ یارمەتیدانی قوربانیانی داعش، د.دیندار زێباری ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لەحکوومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: حکوومەتی هەرێم لەم ڕووەوە چەند تیمێکی دامەزراند لەوانە پێکهێنانی لێژنەیەك بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و بەدواداچوونی کەیسی کوردانی ئێزدی و پێکهاتەکانی تر و دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگە و چارەسەرکردن و لێژنەیەکی تایبەت بە دیکۆمنت کردن و بەجێنۆسایدناساندنی تاوانەکانی داعش.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی هەوڵەکانی حکوومەت بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوان گوتی: بە هەوڵەکانی ئەم لێژنەیەی کە حکوومەتی هەرێم پێکیهێناوە بۆ ڕزگارکردنی ڕفێندراوان تواناوە تا ڕۆژی 2020/7/1 لەو ڕفێندراوانە 3530 کەسیان ڕزگارکراون لەوانە 1199 ئافرەت، 339 پیاو، 1041 منداڵ کچ و 951 منداڵ کوڕ و 2887 یان تا ئێستا ڕزگار نەکراون، بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵە بەردەوامانەی حکوومەتی هەرێم ڕفێندراوانی داعش پێویستییان بە هاوکاری هەمە لایەنە هەیە.

هەروەها سەبارەت بە دیکۆمێنتکردنی تاوانەکانیش زێباری گوتی: بەپێی داتاکانی دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان تا ئێستا 2600 کەیسی ڕفێندراوانی ئێزیدی، کریستیان، شەبەك و تورکمان تەواو بووە و زیاتر لە 3000 کەیسیش لە لێکۆڵینەوەدایە، لەڕووی دەروونییەوە 1278 ئافرەت لە سەنتەری ڕاوێژکاری پارێزگای دهۆك چارەسەر کراون.

ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکوومەتی هەرێم سەبارەت بە پرۆژە یاسای (ئێزدییە ڕزگاربووەکان) لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وتی: قوربانیانی داعش لە گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان بەبێ جیاوازی پێویستیان بە قەرەبوو کردنەوە هەیە لە زۆر ڕووەوە، بەپێی ڕووپێوێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی قوربانیان بە هیوای دووبارە گەڕانەوەن بۆ شوێنی خۆیان و دەستکەوتنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ژیان، و داوای قەرەبوو کردنەوەی مادەی و مەعنەوی دەکەن بەهۆی ئەو زیانانەی لەئەنجامی هێرشەکانی داعش بەریان کەوتووە. لەلایەکی دیکەوە شیاندنەوەی قوربانیان لە هەموو ڕوویەکەوە بەتایبەتی پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و دەروونی و پاڵپشتی یاسایی و پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پاراستنی مافی گشت پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان و دامەزراندن و دۆزینەوەی هەڵی کار بۆیان پێویستە لەبەرچاو بگیرێن.

ئەوەشی ڕوونکردەوە کە پێویستە ئەم یاسایە گشت قوربانیانی دەستی داعش بگرێتەوە لە پێکهاتە ئایینی و ئێتنییەکان لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و قەرەبوو کردنەوە، هەروەها هانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بدرێت بۆ هێنانەدیی پێکەوەژیانی نێوان پێکهاتەکان و میکانیزمێکی یاسایی دابنرێت بۆ ڕێکخستن و چارەسەرکردنی ڕەوشی ئەو منداڵانەی کە باوکیان داعش بووە و دووبارە شیاندنەوە و گێڕانەوەی ئەو منداڵانەی چەکدار کراون لەو ماوەیەدا و تیرۆریستان و گروپە چەکدارەکان بەکاریان هێناون بۆ ئەنجامدانی کردەوە سەربازییەکان.

لە کۆتایی لێدوانەکەیدا ڕێکخەری ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکان گوتی: پێویستە لە هەر یاسایەك کە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی داعش دەربچێت گرنگی بە دانپیانانی تاوانباران و سزادانی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە و ئاشکراکردنی ڕاستییەکان بدرێت بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان لە ڕفاندنی ئێزدییەکاندا هەبووە، هەروەها داوای لێبوردن لە کەسوکاری قوربانیان بکرێت و هەوڵەکان خێراتر بکرێن لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان و گێڕانەوەی ڕوفاتی قوربانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ لێڕێچینەوە لە تاوانەکانی داعش (یونیتاد).

شایەنی باسە دەستەی لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی بەڵگەکان و چارەسەرکردن لە حکوومەتی هەرێم CIGE ڕووپێوێکی مەیدانی ئەنجامداوە لەگەڵ ژمارەیەك لە ڕزگاربووانی دەستی داعش لە 14 کەمپی ئێزدییە ئاوارەکان دەربارەی پرۆژە یاسای (ئێزیدییە ڕزگاربووەکان) کە لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی گفتوگۆی لەسەر دەکرێ تایبەت بە چارەنووسی ڕفێندراوانی دەستی داعش و دووبارە شیاندنەوەیان.

هەفتەی داهاتوو دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکەنەوە



ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی فەتح لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەحمەد عەلی حوسێن ڕایگەیاند کە لە هەفتەی داهاتوودا، ئەنجوومەنی نوێنەران دانیشتنەکانی سەبارەت بەتەواوکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان دەست پێ دەکاتەوە.

ئەحمەد عەلی حوسێن لە لێدوانێکی بەرلەسازکردنی دانیشتنی داهاتووی ئەنجوومەنی نوێنەران، ڕێککەوتن لەسەر یەکلاییکردنەوەی بازنەکانی هەڵبژاردن بکرێت و گوتی: شەقامی عێراقی خواستی لەسەر تەواوکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان هەیە تا ڕەوانەی سەرۆکایەتی کۆمار بکرێت بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت.

ئەو پەرلەمانتارە ڕاشیگەیاند لە هەفتەی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد کە چەند ڕۆژێك لەمەوبەر کۆبوونەوەیەك سازکرا لە ماڵی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی کە ژمارەیەك سەرۆك فراکسیۆن و کەسانی شارەزا و ڕاوێژکار تیایدا ئامادەبوون، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن.

ئاماژەی بەوەیش داوە کە دەبێت

ژمارەی گیانلەدەستدانیش گەیشتە 777 هەزار و 477 کەس

ژمارەی تووشبووان بە کۆرۆنا لە جیهان 22 ملیۆن و 52 هەزار کەسی تێپەڕاند



لە سەرتاسەری جیهان، ژمارەی تووشبووان بە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هۆبەی چین سەریهەڵدا، 22 ملیۆن و 52 هەزار کەسی تێپەڕاند. بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە زانیارییەکانی پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، 777 هەزار و 477 کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە.

لە کاتێکدا ژمارەی تووشبووان بە پەتاکە لە جیهان گەیشتووەتە، 22 ملیۆن و 52 هەزار و 773 کەس، 14 ملیۆن و 759 هەزار و 843 تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە. هاوکات لەئێستادا لەسەرانسەری جیهان، شەش ملیۆن و 479 هەزار و 453 کەس هەڵگری ڤایرۆسەکەن.

شایەنی گوتنە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەرزترین ئاماری تووشبوون و گیانلەدەستدانی بە پەتاکە تۆمارکردووە کە تا ئێستا پێنج ملیۆن و 612 هەزار و 27 حاڵەتی تووشبوون و 173 هەزار و 716 حاڵەتی گیانلەدەستدانی تۆمارکردووە.

پەرلەمانتارێک.. زیاتر لە 100 پەرلەمانتار تووشی کۆرۆنا بوونە



ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێ، ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی پەرلەمانی عێراق تووشی پەتای کۆرۆنا بوونە و، بەو هۆیەشەوە کۆبوونەوەکان وەستاون. د. مەیادە نەجارِ، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: کۆرۆنا گەیشتووەتە نێو ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و زیاتر لە 100 پەرلەمانتار تووشی ئەو پەتایە بوون.

نەجارِ ئاماژەشی دا، پەرلەمانتار هەیە بەو پەتایە تووشبووە، بەڵام پێی باش نەبووە بڵاوی بکاتەوە و ڕاینەگەیاندووە، بەڵام هەن ئاشکرایان کردووە کە تووشبووی ئەو ڤایرۆسەن، کە هەر بەو هۆیەشەوە کۆبوونەوەکان وەستاون.

لەیادی 16ی ئاب دا

سڵاو دەنێرین بۆ کەم ئەندامانی کوردستان و بریندارەکانی جەنگی تیرۆرستانی داعش

ژیان | www.xebat.net | چوارشەممە 2020/8/19 ژمارە(5990) | # ماسك بەستن | رووداوەکانی رۆژ | 5 | 74 | سەرکەوتنی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ٢٦ی ئابی ١٩٤٦ - ٢٦ی ئابی ٢٠٢٠



750 کارمەندی تەندروستی تووشی کۆرۆنا بوون کە 55یان لە دهۆکن

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان:

لەگەڵ بەغدا لە پەیوەندیداین کە دەرمان هاوشێوەی هەموو پارێزگاکان بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە بکرێت

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی دەڵێت، لەگەڵ بەغدا لە پەیوەندی داین کە دەرمان هاوشێوەی هەموو پارێزگاکان بۆ هەرێمی کوردستان رەوانە بکرێت. بە گوتەی سامان بەرزنجی، توانای نەخۆشخانە حکوومییەکان سنووردارە و لە ئەگەری نەمانی شوێن بۆ نەخۆشان، ناچارن رەوانەی نەخۆشخانە تایبەتییەکانیان بکەن. وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی سەردانی پارێزگای دهۆکی کرد و لە نزیکەوە چاودێری نەخۆشخانەی ئازادی کرد کە بۆ نەخۆشانی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ تەرخان کراوە.

سامان بەرزنجی هەر لە میانی سەردانەکەی بۆ پارێزگای دهۆک، دەروازەی ئیبراهیم خەلیلی بەسەرکردەوە و دواتر لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسییدا وەڵامی پرسیاری رۆژنامەنووسانی دایەوە.

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان باسی لە ئامانجی سەردانەکەی کرد و گوتی: لەبەرئەوەی ئیبراهیم خەلیل دەروازەیەکی سەرەکییە لە گەڵ تورکیا و لەئێستادا، گەشتکردن و جموجۆڵی بازرگانی بەرفراوانتر دەکرێت، بە تایبەتیش پرسی ئەوەی تورکیا پێشنیازی کردووە هاوشێوەی پێشوو نەبێت و شوفێرەکان بگۆڕدرێن، هەروەها کۆمەڵێک بڕیار کە پێشتر دراون دەچنە واری جێبەجێکردنەوە.

سامان بەرزنجی گوتیشی: پرسی تێستکردن لەسەر سنوور و فڕۆکەخانەکان بۆ گەشتیاران و شوفێری بارهەڵگرەکان و هەموو ئەو کەسانەی هاتوچۆ دەکەن خرایە بەرباس، هەروەها سەردانی بنکەی تەندروستیش-مان کرد کە سەنتەرێکی زۆر باشە و پشکنینەکان لە هەمان رۆژ دەدرێنەوە. سەردانی تاقیگەی کۆنترۆڵی جۆریی و پشکنینی خۆراك کرا و لە نزیکەوە زانیارییمان وەرگرت لە کۆبوونەوەی ئێمە لەگەڵ بەرپرسبەری دەروازەی ئیبراهیم خەلیل باس لە ڕێکارەکانی تەندروستی کرا کە ئەمانە ڕێکاری زۆر گرنگن نەوەك تەنها لە ئیبراهیم خەلیل، باشماغ، حاجی ئومەران و پەرویزخان بەڵکو لەنێو فڕۆکەخانەکانیش ئەنجامدەدرێن و بە میدانی و لە نزیکەوە چاودێری هەموویان دەکەین تاکو بزانین لە چی ئاستێك دایە.

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی لە بارەی پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ وەزیری تەندروستیی عێراق، حەسەن تمیمی گوتی: ئەگەری هەیە لە هەفتەی داهاتوودا، سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و ئێمە ڕۆژانە بۆ پرسی تەندروستی لە پەیوەندیدایین و پرسی دابینکردنی دەرمان کە عێراق بۆ هەموو پارێزگاکان دابینی دەکات و بۆ ئەوەی بەشی هەرێمی کوردستانیش بنێردرێت ئەوا ئەمڕۆ ئەم پرسە تاوتوێ دەکەین.



وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاند: تا ئێستا دووجار لەو بوودجەیەی کە بۆ تەندروستیی عێراق تەرخانکراوە بەشی هەرێمی کوردستانیان داوە و هەرکاتێك کە پاڵپشتی نێودەوڵەتیی بۆ بەغدا دابین کرابێت ئێمەیش داوامان کردووە و ئێمە تا ڕادەیەکی باش لەگەڵ وەزارەتی تەندروستیی عێراق لە پەیوەندی و هاوکاریدان.

سامان بەرزنجی لە بارەی وەرگرتنی نەخۆش لە نەخۆشخانە تایبەتەکان و نرخی وەرگرتنی نەخۆش و پشکنین گوتی: ژمارەیەك لەو قەرەوێلانەی کە بۆ چاودێری چڕن لە نەخۆشخانە تایبەتەکان دانراون ئەگەر لە نەخۆشخانە گشتییەکان شوێن نەمێنێت ئەوا ئێمە نەخۆش ڕەوانەی لای کەرتی تایبەت دەکەین بۆ ئەوەی گیانیان پارێزراو بێت، لەوێ دەخەوێندرێن و ئەوە دەبێت بە خۆڕایی بێت و ژمارەیەك نەخۆشخانە ئیستجابەی باشیان هەبووە و ئێمەیش چاودێری دەکەین و تیمی هاوبەشمان پێکهێناوە بۆ ئەوەی سەردان و پشکنین بکات.

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان گوتیشی: لەگەڵ سەندیکای پزیشکانی کوردستان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە نەوەك تەنها لە نرخی بینینی نەخۆش، بەڵکو هەندێك تیمی گەڕۆك بەبێ مۆڵەت سەردانی ماڵانیان کردووە ئەوەیش بەبێ مۆڵەت قەدەغەیە و دەست بەسەر دەکرێن.

وەزیری تەندروستیی هەرێمی کوردستان، سامان بەرزنجی لە وەڵامی پرسیارێك لەبارەی تووشبوونی 750 کارمەندی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ گوتی: بەداخەوە بەڵێ ژمارەیەکی زۆری کارمەندی تەندروستیی تووشبوون، تەنها لە دهۆك 55 کارمەندی تەندروستیی تووش بوون. بە گوتەی وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان ژمارەیەك لە کارمەندانی تەندروستی کە تووشی کۆرۆنا بوون گیانیان لە دەستداوە و ژمارەیەکیش چاکبوونەتەوە و گەڕاونەتەوە سەر کارەکانیان.

لە ساڵی 2016ـەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان 955 کۆڵبەر کوژراون و 387 هاوڵاتیش لەسێدارە دراون



ڕێکخراوێکی تایبەت بە پرسی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئاشکرای کردووە لە سەرەتای ساڵی 2016ـەوە هەتا ئێستا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، 955 کۆڵبەر لە سنووەکان کوژراون و 387 هاوڵاتیی کورد لەسێدارە دراون و 133 هاوڵاتیش کوژراون و بریندار کراون.

لەمبارەوە ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافەکانی مرۆڤ، لە ڕاپۆرتێکی ئاماریدا بڵاوی کردووەتەوە: لە ساڵی 2016ی زایینی تا ئێستا لانیکەم 955 کۆڵبەر کوژراون و بریندار کراون، 387 هاوڵاتیی کورد لەلایەن دەزگای داوەریی ئێرانەوە لەسێدارە دراون، 133 هاوڵاتی مەدەنی کوژراون و بریندار کراون، 73 هاوڵاتیش لە گرتووخانەکان گیانیان لەدەست داوە و 197 کەسی دیکەش لە سنووەکانی کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین کوژراون، یان بریندار کراون. ڕاپۆرتە ئامارییەکە بەم چەشنەی خوارەوە بە جیا ئامار و داتای ئەو چوار ساڵەی خستووەتەڕوو:

ساڵی 2017:

- کوژران و بریندارببوونی 226 کۆڵبەر
- لەسێدارە دانی 112 هاوڵاتیی کورد
- دەستبەسەرکردنی 571 هاوڵاتیی کورد
- سەپاندنی 446 ساڵ حوکمی بەندکران بەسەر 79 هاوڵاتی و حوکمی سێدارە بەسەر 4 هاوڵاتیی دیکەی کورد.
- کوژران و بریندارببوونی 15 هاوڵاتیی مەدەنی کورد بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران.
- گیانلەدەستدانی 6 بەندکراو لە بەندیخانەکانی کوردستان.
- کوژران و بریندارببوونی 54 هاوڵاتیی کورد بە هۆی تەقینەوەی مین.

- ساڵی 2018:

- کوژران و بریندارببوونی 231 کۆڵبەر.
- لەسێدارەدانی70 هاوڵاتیی کورد.
- دەستبەسەرکردنی 717 هاوڵاتیی کورد.
- سەپاندنی 824 ساڵ حوکمی بەندکران بەسەر 170 هاوڵاتی و حوکمی سێدارە بەسەر 12 هاوڵاتیی دیکەی کورد.
- کوژران و بریندارببوونی 16 هاوڵاتیی مەدەنیی کورد بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران.
- گیانلەدەستدانی 27 بەندکراو لە بەندیخانەکانی کوردستان.
- کوژران و بریندارببوونی 59 هاوڵاتیی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین.

ساڵی 2019:

- کوژران و بریندارببوونی 252 کۆڵبەر.
- لەسێدارەدانی 52 هاوڵاتیی کورد.
- دەستبەسەرکردنی 812 هاوڵاتیی کورد.
- سەپاندنی 71 ساڵ حوکمی بەندکران بەسەر 163 هاوڵاتی و حوکمی سێدارە بەسەر 3 هاوڵاتیی دیکەی کورد.
- کوژران و بریندارببوونی 70 هاوڵاتیی مەدەنیی کورد بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران.
- گیانلەدەستدانی 20 بەندکراو لە بەندیخانەکانی کوردستان.
- کوژران و بریندارببوونی 27 هاوڵاتیی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین.

هەشت مانگی یەکەمی ساڵی 2020:

- کوژران و بریندارببوونی 150 کۆڵبەر.
- لەسێدارەدانی 43 هاوڵاتیی کورد.
- دەستبەسەرکردنی270 هاوڵاتیی کورد.
- کوژران و بریندار بوونی 17 هاوڵاتیی مەدەنی کورد بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی ئێران.
- گیانلەدەستدانی 16 بەندکراو لە بەندیخانەکانی کوردستان.
- کوژران و بریندارببوونی 28 هاوڵاتیی کورد بەهۆی تەقینەوەی مین.

ناتانیاهو ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستەوە کە باس لە فرۆشتنی F35 دەکەن بە ئیمارات



سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو ئەو هەواڵانەی بەدرۆخستەوە کە باس لەوە دەکەن دوای ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی تەل ئەبیب و ئەبوزەبی حکوومەتی تەل ئەبیب ڕەزامەندی نیشان دەدات لەسەر ئەوەی ئەمەریکا فڕۆکەی جەنگیی F-35 بە ئیمارات بفرۆشێت.

لەو بارەیەوە نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی وەزیرانی ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند «سەرۆکوەزیران (ناتانیاهو) هەر لە سەرەتاوە دژی فرۆشتنی F35 و چەکە پێشکەوتووەکانی دیکە بووە بە هەموو وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەو وڵاتە عەرەبیانەشی ڕێککەوتنی ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل هەیە.

هەروەها لە بەیاننامەکەدا باس لەوە کراوە کە لەو ڕێککەوتنەی لەنێوان تەل ئەبیب و ئەبو زەبی کراوە بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان، ماددەیەك نییە ئەو ڤیتۆیە بسڕێتەوە کە دانراوە بۆ فرۆشتنی F35 و چەکە پێشکەوتووەکانی دیکە بە ئیمارات لەلایەن ئەمەریکاوە.

ڕۆژنامەی Yedioth Ahronoth کە یەکێکە لە ڕۆژنامە پڕفرۆشەکانی ئیسرائیل، بڵاوی کردووەتەوە کە دوای ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان تەل ئەبیب و ئەبو زەبی، ڕێگا بەردەم ئەمەریکا کراوەتەوە بۆ فرۆشتنی فرۆشتنی F-35 و فرۆکەی بێ فرۆکەوانی پێشکەوتوو بە ئیمارات. جێی باسە ڕۆژی پێنجشەممە 13ی ئاب سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنڵد ترەمپ ڕایگەیاند کە ئیسرائیل و ئیمارات گەیشتوون بە ڕێککەوتن بۆ «ئاساییکردنەوەی تەواوەتی» پەیوەندییەکانیان. ئیمارات لە دوای میسر لە 1979 و ئوردن لە 1994دا، سێیەم وڵاتی عەرەبییە کە ڕێککەوتنی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی واژووکردووە.

شاندێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی بەرپرسی لقی 10ی سۆران دەکات



ڕەنجبەر بەرزنجی_ن_سۆران

بە بۆنەی دەستبەکاربوونی عەبدولواحید رواندزی وەك بەرپرسی لقی 10 ی سۆران شاندێکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان کە پێکهاتبوون لە وەیسی سەعید وەیسی و ئەرشەد حوسێن و خەدیجە عومەر و حەسیبە سەعید سەردانی لقی 10 یان کرد و وێرای پیرۆزبایی لە بەرپرسی لق ,لە بەرامبەر ئەو بەرپرسیارێتییەی کە پێی سپێردراوە , ئاماژەیان بە رۆڵی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستان لە رابەرایەتیکردنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان کرد کە 74 ساڵە لە پێناو ئازادی و سەربەستی گەلی کوردستان تێدەکۆشێت , هەروەها پاڵپشتی و پشتیوانی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ زیاتر خزمەتکردنی هاوواڵتیان دووپاتکرایەوە و لای خۆشییەوە بەرپرسی لقی 10 ی سۆران وێرای دەربرینی خۆشحاڵی بەرامبەر ئەم سەردانە , جەختی لە هاوکاری و هەماهەنگی زیاتری نێوان هەردووڵا کردەوە.

وەزیرێ ساخلەمێ و پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزێ ل سەر بجهـ ئینانا رێنمایێن خو پاراستنێ ژ ڤایروسێ کورونا دکەن



دوهی سێشەمبی 2020-8-18 ل کوچکا مێهڤانداریا د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ پێشوازیا بەرێز د.سامان بەرزنجی وەزیرێ تەندورستی یێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ و شاندێ دگەلدا کر.

دهەڤدیتنەکێدا ب ئامادەبوونا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمێ ل پارێزگەهێ بەحسێ ڕەوشا دام و دەزگەهێن ساخلەمێ ل پارێزگەها دهۆکێ و ئەو خزمەتکارییێن پێشکێشی هاوڵاتیان دکەن و چاوانیا بجهێنانا رێنماییێن ساخلەمێ ژ بو خوپاراستن ژ ڤایروسێ کورونایێ ب گشتی هاتەکرن.

وەزیرێ تەندورستییێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دپەیڤەکێدا پیرۆزباهیا پارێزگەرێ دهۆکێ کر ل دور وەرگرتنا پوستێ پارێزگەریا دهوکێ و سەرکەفتن بو خواست و سوپاسیا پارێزگەرێ دهوکێ و ژورا ئوپەراسیونا کر هەمبەر بجهئینانا رێنماییێن وەزارەتا تەندورستی ژ بو بەرهنگاربونا ڤایروسێ کورونا و تەکەزکر کو خو پارێزیی باشترین رێگریە ل بەلاڤبونا ڤایروسێ کوڤید 19 و خواست کو هەموو لایەن دهاریکاربن بو نەهێلانا بەلاڤبونا ڤێ پەتایێ.

ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ دیارکر کو پەتایا ڤایروسێ کورونا نەخوشیەکا بەربەلاڤە و ل پتریا وەلاتێن جیهانێ پەیدابویە و کارتێکرنەکا خراب کریە سەر هەموو سەکتەرێن ژیانێ و تەکەز کر کو دڤێت هەموو لایەن بوچونێن وەزارەتا ساخلەمێ ل بەرچاڤ وەرگرن و پێگریێ ب رێنماییێن خوپاراستنێ ژ ڤایروسێ کورونا بکەن .

هەروەسا خەلك خو ب پارێزیت و سەرەدانا جهێن قەرەبالغ نەکەن و پشتەڤانیا کارگێریا پارێزگەهێ و ژورا ئوپەراسیونا نیشان دا بو هەر هاریکایەکێ بو وێ یەکێ رێنماییێن خوپاراستنێ بهێنە بجهئینان و مەرتسیا ڤایروسی بهێتە دوورکرن .

هەژی گوتنێ یە وەزیرێ تەندورستییێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ سەرا چەندین فەرمانگەهێن وەزارەتێ ل سنورێ قەزایێن دهوك و زاخو و جهێن دی کریە و ژنێزیك هایداری رەوشا وان فەرمانگەها بویە نەخاسمە نەخوشخانێن هاتینە تەرخانکرن بو دووڤ چونا نەساخێن ڤایروسێ کورونا.

قەزا شێخان.. هەشت تیم دوفچوونا ڕەوشا تووشبووێن کۆرۆنایێ دکەن

د. کەریم کەمال، ڕێڤەبەرێ ساخلەمیا شێخان دیارکرکو نوکە تووشبووێن کۆرۆنایێ یێن گەلەك گوند و کومەڵگەە و ناحیێن سەر ب موسل ڤە ل شنگال دهێنە وەرگرتن و پشکنین کرن لەورا ژی بارگرانیی ل سەر ئەنجامدانا پشکنینان چێبوویە ئەم دخوازێن زووتر پشکنین کۆرۆنایێ بهێنە کرن بۆ دەستنیشانکرنا تووشبووێن کۆرۆنایێ.

هەروسا دیارکرکو هەتا ڕۆژا 17/8/2020ێ ل شێخان زێدەتر ژ 62 تووشبووێن کۆرۆنایێ یێن هاتینە تۆمارکرن هەر ژدەستپێکا کۆرۆنایێ هەتا نۆکە موسل هەڤکاریا مە نەکریە کو هەموو کەرەستێن پێدڤی یێن ساخلەمیێ ژلایێ پارێزگەها دهۆکێ ڤە بۆ شێخان دهێنە دابینکرن .

ئاشکەرا کر کو نۆکە کۆرۆنا دناڤ شێخان دا هەیە ل گۆری پلانا ساخلەمیا دهۆکێ ئەم بەردەوام دوفچوونا کەسێن بەرکەفتیێن تووشبوویان دکەین هیڤدارین ئەو کەسێن نیشان لدەڤ هەبن قەستا دام و دەزگەهێن ساخلەمیێ ل شێخان و ئەلقوش بکەن داکو نەخۆشی زێدەتر بەلاڤ نەبیت.

بە وزەی خۆر کارەبا بەرهەم دەهێندرێت



وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بە پڕۆژەی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە دەکات. پڕۆژەکە 75 میگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنێت و بەسەر سێ پارێزگای هەرێم دابەش دەکرێت.

ئەندازیار ئومێد ئەحمەد، وتەبێژی وەزارەتی کارەبا ڕایگەیاند: «لە چوارچێوەی پلانەکانمان بۆ بەرهەمهێنانی کارەبای زیاتر، بەرهەمهێنانی کارەبایە لە ڕێگەی وزە خاوێنەکان. یەکێك لە پڕۆژەکانمان بەرهەمهێنانی 75 میگاوات کارەبایە لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە بەرهەم دەهێنرێت و بەیەکسانیش بەسەر پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆك دابەش دەکرێت «.

گوتیشی: «ئێستا پڕۆژەکە لە قۆناغی تەندەرین دایە و دەیدەین بە بەڵێندەر و دەکەوێتە واری جێبەجێکردنەوە».

بەڕێوەبەری کۆنترۆڵی کارەبای هەرێم، ڕوونیکردەوە: «بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا لە ڕێگەی وزەی خۆر، پێویستمان وێستگەیەکی گەورە هەیە، هەموو هەوڵێك دەدەین لەو پڕۆژەیەدا وەك تاقیکردنەوە سەرکەوتووبین، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا پڕۆژەکە بەرفراوان بکەین».

ئاماژەی بەوەشدا: «زیادکردنی بەرهەمی کارەبا ڕاستەوخۆ کاریگەری دەبێت بۆ زیادبوونی کاتەکانی پێدانی کارەبا بە هاوواڵتیان».

ئاگادارییەک لە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتیی هاتووچۆی هەولێر ئاگادارییەکی بڵاوکردووەتەوە سەبارەت بە سەردانیکردنی بەشی مۆڵەتی هاتووچۆ بۆ ڕاییکردنی مامەڵە و ترای.

بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی هاتووچۆی هەولێر دەڵێ: سەرجەم هاوواڵتی و شۆفێران بەتایبەتی ئەوانەی ناویان لە سیستەمی ئۆنلاین تۆمارکردووە بۆ سەردانکردنی بەشی مۆڵەتی هاتووچۆی هەولێر و، نۆرەیان بۆ دانراوە لەماوەی نێوان 2020-1-12 تاوەکو 2021-1-31، دەتوانن لەماوەی هەفتەی داهاتووەوە سەردانی بەشی مۆڵەت بکەن بۆ ڕاییکردنی مامەڵەکانیان و نەنجامدانی ترایەکان بەو شێوەیە:

1 ـ ئەوانەی نۆرەیان لە 12-1 تاوەکو 12-15بۆ دانرابوو، دەتوانن لە ڕۆژی یەکشەممە ڕێککەوتی 8-23 سەردان بکەن.

2 ـ ئەوانەی نۆرەیان لەماوەی نێوان 12-16 تاوەکو 12-31 بۆ دانرابوو، دەتوانن لە ڕۆژی دووشەممەی هەفتەی داهاتوو لە بەرواری 8-24 سەردان بکەن.

3 ـ ئەوانەی نۆرەیان لەماوەی نێوان 2021-1-2 تاوەکو 2021-1-15 بۆ دانرابوو، دەتوانن ڕۆژی سێشەممە 8-25 سەردان بکەن.

4 ـ ئەوانەی نۆرەیان لەماوەی نێوان 2021-1-16 بۆ2021-1-31 بۆ دانرابوو، دەتوانن لە ڕۆژی چوارشەممە 8-26 سەردان بکەن.

5 ـ ئەو کەسانەی مۆڵەتی شوفێرییان بەسەرچووە و دەیانەوێت تازەی بکەنەوە، پێویست بە نۆرەی ئۆنلاین ناکات و، تەنها پێویستە پشکنینی چاویان کردبێت و ڕاستەوخۆ دەتوانن سەردانی بەشی مۆڵەت بکەن.

6 ـ دەبێت سەرجەم هاوواڵتیان لەکاتی سەردانیکردن پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و دەستکێش و دەمامک ببەستن.

ڕواندز.. دانانی تۆڕی ئاوی گەڕەکەکان



لەسەر ڕاسپاردە و فەرمانی د.فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر و بەئامادەبوونی مەسعود کارەش جێگری پارێزگار و ئەحمەد قادر قایمقامی قەزای ڕواندز و بەرپرسانی ئاوی دەوروبەری هەولێر، لەسەر بودجەی پارێزگای هەولێر، دەست بەجێبەجێکردنی قۆناغی یەکەمی پڕۆژەی دانانی تۆڕی ئاوی گەڕەکەکانی قەزای ڕواندز کرا.

دوای بەسەرکردنەوەی قەزای ڕواندز لەلایەن پارێزگاری هەولێر لە 2020.8.6و لەنزیکەوە ئاگادارببوون لە کێشە و گرفتی کەم ئاوی و نەبوونی تۆڕی ئاوی بەشێکی زۆری گەڕەکەکانی قەزاکە و نەهێلانی هێنانی ئاو لەڕێگەی تەنکەر بۆ ئەو گەڕەکانە، دوای دیراسەکردن پارێزگاری هەولێر بڕیاریدا لەسەر بودجەی پارێزگا دەست بەپڕۆژەی دانانی تۆڕی ئاو و چارەسەری گرفتی ئاوی دەڤەرەکە لەماوەی دوومانگدا بکرێت، ئەمڕۆش قۆناغی یەکەمی پڕۆژەکە کەوتە واری جێبەجێکردنەوە.

جێگەی باسە، دانان و ڕاکێشانی تۆڕی ئاوی بۆ ئەو گەڕەکانە دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی بەهەدەردانی پارەیەکی زۆر کە ساڵانە بۆ دابینکردنی ئاوی لە ڕێگەی تەنکەر سەرفکراوە، پڕۆژەیەی دانانی تۆڕی ئاوی گەڕەکەکانی کانی، نەورۆز، کۆمەڵگەی لاوان، گوندی بەرزێوە، گوندی چۆمەخێن، بەرگرکەی نوێ، بانە زێوک، بێ نوریان ی قەزای ڕواندز بەگوژمەی 300 ملیۆن دینار لەسەر ئەرکی پارێزگای هەولێر جێبەجێ دەکرێت . پێشتر تێچووی ساڵانەی دابینکردنی ئاو بۆ دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە لەڕێگەی تەنکەر 150 ملیۆن دینار بووە، بەمشێوەیەش بە تێچووی دووساڵی دابینکردنی ئاو بەتەنکەر لەوگەڕەکانە، توانرا کێشەی چەندین ساڵەی دانیشتوانی ڕەواندز بۆ هەمیشە چارەسەربکرێ و کۆتاییش بەو بەهەدەردانی ئەو پارەیە بهێنرێت.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان
خانەوادەی بەڕێزی مەحمود بەگ دێلزی

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گولان و کەسایەتیی ناسراوی گوندی دێلزیان و دەڤەری سۆران، (مەحمود بەگ دێلزی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و تەواوی کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و بەشداری خەمتانین.

لە خودای گەورە داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو مەحمود بەگ دێلزی بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و بە بەهەشتی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایتان پێ ببەخشێت.

....

بەڕێزان، خانەوادەی ڕەفعەت حاجی حمە ئاغا

بە دڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول و کەسایەتی دیاری قەرەداغ(ڕەفعەت حاجی حمە ئاغا)مان پێگەیشت.

سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، هاوخەمی ئێوە و دۆست و خزمانی قەرەداغین.

لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

....

بەڕێزان لە خانەوادەی هاشم حمەد ئەمین خدر

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی(هاشم حمد ئەمین خدر) کوڕی خوالێخۆشبوو(حمد ئەمین شێخ وەسانی) سەرلقی شۆڕشی ئەیلوولمان پێگەیشت. سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و دۆست و ئاشنایانتان و خزمانی شێخ وەسان دەزانین.

لە خودای دلۆڤان داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

....

بەڕێزان خانەوادەی تێکۆشەری گەلەکەمان مامۆستا محەمەد مەلا قادر

زۆر خەمباربووین بە بیستنی هەواڵی کۆچی ناوادەی کاکە ئاوارە مەلا محەمەد کوڕی تێکۆشەر و مامۆستا و هەڤاڵی هەمیشە لەیادمان، خوالێخۆشبوو محەمەد مەلا قادر . بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی بنەماڵە کوردپەروەرەکەتان و کەسوکار و هەڤاڵ و ئاشنایانی خوالێخۆشبوو دەکەین و هاوبەشی خەم و پەژارەتانین. لەخوای گەورە داواکارین سەبوری و دڵنەوایی بە هەمووڵایەک ببەخشێت و گیانی کۆچکردویش بە بەهەشتی بەرین شادبکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان

سوپاس و پێزانین

بە ناوی خودای گەورە

سوپاس نامە ی بنەماڵەی (عەمید سەید محەمەد سەید حەمە عارف تاوگۆزی)

بەڕێز/کاك سیداد بارزانی بە نوێنەرایەتی سەرۆك بارزانی، پەیوەندی تەلەفونی پێوە کردین

بەڕێز/ بارەگای بارزانی

بەڕێز/ فەرماندەیی پێشمەرگەی زیرەڤانی

بەڕێزان/ کاربەدەستانی حزبی و حکومی و سەربازی

خزمان و دۆستانی خۆشە ویست بەو پەڕی ڕێزەوە ماندوبونتان لە بەر چاو دەگرین و لە خەم و ئازارەکانتان کەم کردینە و بە ناوی بنە ماڵەی(سەید حەمە عارف تاوگۆزی)سوپاسی یەک بە یەکتان دەکەین کە بە هیچ جۆریک ناتوانین پاداشتی ماندوبونتان بدەینە وە لە کاتی نەخۆش کەوتن و کۆچی دوایی ئازیزمان (عەمید سەید محەمەد تاوگۆزی)تا کۆتای هاتنی پرسەکەی بۆیە داوا لە خودای گەورە دەکەین سەربەرزو سەرفرازتان بکات ...

بنەماڵەی سید حمە عارف تاوگۆزی
دڵشاد سید حمە عارف

ئاکرێ..لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا دایک و کوڕێک گیانیان لەدەستدا

ڕووداوێکی هاتچۆ لە شارۆچکەی گردەسێنی سەر بە قەزای ئاکرێ ڕوویداو و بەهۆیەوە دایک و کوڕێکی گیانیان لەدەستدا.

لەوبارەیەوە موختاری شارۆچکەی گردەسێن گوتی: لە ڕووداوەکەدا جگە لە گیان لەدەستدانی دایکێک و کوڕەکەی بە ناوەکانی «لەیلا تەها و موخلس کامل حامید» دوو منداڵی دیکەش بریندارببوون و گواستراونەتەوە بۆ نەخۆشخانەی ئاکرێ. یەکێک لە منداڵەکان بە سەختی بریندار بووە. ئەو موختارە ئاماژە بەوەش دەدات کە ڕووداوەکە لەتێوان دوو ئۆتۆمبێل لە جۆرەکانی لاندگرۆزەر و پیکئاپ نیسان ڕوویداوە و تیمەکانی هاتووچۆش سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن.

هەولێر.. دوو کەس لەکاتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکران

دوێنێ سێشەممە 18/8/2020، بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیسی پارێزگای هەولێر، ڕاگەیاندراوێکی پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووك بڵاوکردەوە، تێیدا هاتووە: بەشی پۆلیسی فریاکەوتن توانیان دوو تۆمەتبار بەناوەکانی (ش.ع.ع و م.و.خ) لەکاتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیر بکەن». باس لەوەش کراوە، لەکاتی دەستگیرکردنیان توانرا دەست بەسەر بڕێک ماددەی هۆشبەر و ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا کۆرۆلا تاکسی دا بگیرێت،

لەیادی 16ی ئاب دا

ستایشی خۆراگری و فیداکاری و لەخۆبوردەیی پزیشک و کارمەندانی تەندروستی دەکەین لە روبەڕوبونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا

خەبات | www.xebat.net | چوارشەممە 2020/8/19 ژمارە(5990) | # ماسك بەستن | ڕیپۆرتاژ | 7 | 74 | ٦٦ی ئابی ١٩٤٦ - ٦٦ی ئابی ٢٠٢٠ | سەمین سالیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان

خاوەن باخەکانی کوردستان بازاڕەکان پڕ دەکەن لە هەنجیر

سالانە لە دەڤەری ئاکرێ زیاتر لە 300 تەن و لە پشدەر 500 تەن هەنجیر بەرهەم دەهێندرێت





خەبات: عەلی بانیشاری

ئاشکرا نییە بەرهەمی سالانەی هەنجیر لە کوردستان دەگاتە چەند تەن، بەڵام جووتیارانی کوردستان لەم وەرزەدا ڕۆژانە چەندین تەن هەنجیر دەخەنە بازاڕەوە. ئێستا گەرمەی خستنە بازاڕی هەنجیرە، هەر ئەوەش وایکردووە نرخەکەی ڕوو لە دابەزین بکات. کرێاران زۆرتر چاویان لەسەر هەنجیری(ئاکرێ، تەقتەق، پشدەر، هەورامان، شارباژێر) لە. بەپێی ئامارێکی نافەرمی سالانە تەنها لە سنووری قەزای ئاکرێ 300 تەن و لە ناوچەی پشدەر زیاتر لە 500 تەن هەنجیری جۆراو جۆر بەرهەم دەهێنرێت.

سواڕە عەتا، جووتیارێکی دانیشتووی شارۆچکەی خورمالی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە و دەڵێت: دەشتی شارەزوور بۆ چاندنی دار هەنجیری زەرد زۆر گونجاوە، چونکە ئاو هەواکەی گەرمە. بەڵام هەنجیری ڕەنگ سەوز زیاتر لە ناوچە فێنکەکان گەشە دەکات و بەرهەمی باش دەبێت. سواڕە چەندین ساڵە خەریکی چاندنی دار هەنجیر و خزمەتکردنییەتی و ئێستا بەرهەمەکەی خستووەتە بازاڕەوە. گوتی: پاش بانگی بەیانی دەست دەکەم بە لێکردنەوەی هەنجیر و لەگەڵ خۆرهەڵاتندا دەیخەمە بازاڕەوە، جار وا هەیە تا نیوەڕۆ سەرجەمی بەرهەمی ئەو ڕۆژەم ساخ دەبێتەوە.

هەروەها گوتیشی: ئەو دار هەنجیرانەی لە زەوی شێدارەدا چێنراون پێویستە 10 ڕۆژ جارێک ئاو بدرێت، بەڵام لە زەوی بەردەڵاندا دەبێت هەفتەی جارێک ئاو بدرێت. سواڕە دەشڵێت: باشترین کات بۆ ئاودانی هەنجیر ئێوارانەیە. پێشی وایە شۆردنی دار هەنجیر ئەگەر تۆز و خۆڵی پێوە بوو زۆر گرنگە و وا دەکات بەرهەمی باشتر بدات و کەمتر تووشی نەخۆشی بێت. ئامارژەی بەوەشدا ئەگەر دار هەنجیر خزمەتی باش بکرێت 5-8 کیلۆ بەرهەمی دەبێت.

سەرچاوە تەندروستییەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن هەنجیر گورچیلەکان چالاک دەکات و سووڕی خوێن بەهێز دەکات. لە چەندین ڕاپۆرتی زانستیدا هاتووە هەنجیر یارمەتی هەرسکردن دەدات و هێز و توانایەکی باش بە مرۆڤ دەدات. بەپێی وتەی پزیشکانی پسپۆڕی زانستی خۆراک ئەو بەروبوومە هاوینە سوودێکی ئێجگار زۆری بۆ ئەو کەسانەی هەیە کە تووشی هەڵامەت دەبن و ڕێگەش نادات ئاو لەناو دڵ و سییەکان و لەشدا کۆببێتەوە. هەنجیر یەکێکە لەو بەرهەمانەی بۆ کۆکە و کەمکردنەوەی غازاتی سك و نەخۆشییەکانی پێست بەسوودە. پزیشکانی زانستی خۆراک ئامۆژگاری ئافرەتانی دووگیان دەکەن مانگانە چەند جارێک هەنجیر بخۆن.

جەلیل پیرۆت، لەسەر ڕێگای هەولێر-کۆیە لە پشتی پیکابێکەوە 11 سندوق هەنجیری دانابوو، لەسەر پارچەیەک کارتۆن کە بە پیکابەکەدا هەڵواسییبوو نوسرابوو هەنجیری تەقتەق کیلۆی بە 1500 دینار. جەلیل دەڵێت: زیاتر لە سێ حەفتەیە هەنجیری تەقتەق پێگەیشتووە و خواستێکی زۆری لەسەرە. دەشڵێت: ئەو ناوچانەی کە گەرمن زووتر هەنجیریان پێدەگات. ئامارژەی بەوەشدا یەکەم بەری هەنجیر نرخەکەی دەگاتە 4-6 هەزار دینار.

ناوبراو گوتیشی: ڕۆژ هەیە تەواوی ئەو هەنجیرەی پێمە دەیفرۆشم و هیچی لە گەڵ خۆم نابەمە ماڵەوە. باسی لەوەشکرد هەنجیر لە زۆربەی بەروبوومەکانی دیکە خواستی زیاترە لەسەرە، چونکە هەم ماوەی پێگەیشتن و خستەبازاڕی کەم هەم بۆ چەندین مەبەست هاوڵاتیان بەرکاریدێنن. ئەو بەقاڵە پێی وایە هەنجیری ئاکرێ و تەقتەق باشترین جۆری هەنجیرن لە باشووری کوردستان، هەر لەبەرئەوەشە لە بازاردا زۆر زوو ساغ دەبنەوە و کرێاران زیاتر لە هەنجیری ناوچەکانی دیکە بۆی دەپرسن.

ئەو توێژینەوانەی لەسەر هەنجیر ئەنجامدراون گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی ئەو میوەیە زیاتر لە 21 سوودی هەیە. لەوانەش: بۆنی ناخۆشی ناوەدەم ناهێڵێت و ئازاری جومگەکان کەمدەکاتەوە. هەروەها هەنجیر پەستانی خوێن دادەبەزێنێت و مێشك بەهێز دەکات. لە کوردستان چەندین جۆر هەنجیر هەیە لەوانەش(ئەرزنی، تەفسك زەرد و ڕەش، یەحیا بەگ، بێناتی، شێنك، هەنجیرە ڕەشە، ریباری، سوور خاڵ، هەنجیرە کێویلە، تەفسك سیی(دووبەر)، ڕێخك، ریحانی ڕەش، شنگاری ڕەش ،

■ ئەو توێژینەوانەی لەسەر هەنجیر ئەنجامدراون باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە 21 سوودی هەیە

وەزیری، بایە...هتد). هەنجیر دۆڵەمەندە بە ڤیتامین(B1، B2، B3، B5، B6، B9،C، K). باشترین پلەی گەرما بۆ گەشەکردنی هەنجیر (29-37)پلەی سەدییە.

هەنجیری ئاکرێ تام و بۆن و شێوەی لەگەڵ هەنجیری شوێنەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان و عێراق جیاوازە، هەر ئەمەیش وای کردووە دانیشتوانی عێراق و گەشتیارانی بیانی هەنجیری ئاکرێ لەگەڵ خۆیاندا ببەنەوە.

ئەحیا بەگ، بێناتی، هەنجیرە ڕەش، تەفسك زەرد و ڕەش، هەنجیرە دێم، هەنجیرە پاییز و سوورخاڵ، ناوی ئەو خۆرە هەنجیرانەن کە سالانە ڕەوانەی ئەورووپا و ئەمریکا دەکرێت.

سالانە لە مانگی ئاب تا مانگی تشرینی یەکەم وەرزی پێگەیشتنی هەنجیرە لە ئاکرێ و بە گوتەی خاوەن باخێکی هەنجیریش، سالانە جۆرەکانی هەنجیر ڕەوانەی شارەکانی دیکەی عێراق و دەرەوە دەکەن، ئامارژە بەوەیش دەکات کە سەرەڕای بوونی چەندین جۆری هەنجیر، بەڵام جۆری ئەحیا بەگ، یەکێك لە باوترین جۆرەکانی هەنجیرە کە خواستێکی زۆری لەسەرە.

خاوەن باخی هەنجیر و ئەندازیاری کشتوکاڵ، شەهاب فارس ئامارژە بەوە دەکات کە کرێاریان لە هەموو شوێنەکانی عێراق هەیە و زۆرجاریش هەنجیری باخەکەیان نارددووەتە ئەمریکا و ڕاشیدەگەیەنێت کە بەنیازن ساڵی داهاتوو پەرە بە کارەکەیان بدەن.

شەهاب فارس-ی تەمەن 65 ساڵ گوتی: هەنجیر لە سەرەتای مانگی ئاب پێ دەگات، بەڵام ئەمساڵ





■ هەنجیری ئاکرێ و تەقتەق بە تام و بۆنی جیاوازەوە هەناردەی ئەورووپا و ئەمریکا دەکرێت

پێش جەژنی قوربان هەنجیر پێگەیی و هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە کەشوهەوا گەرم بوو، ئاویش هەبوو، مانگی ئەیلوول تا مانگی تشرینی یەکەم وەرزی پێگەیشتنی هەنجیرە و بە درێژایی ئەم ماوەیە خەریکی لێکردنەوەی هەنجیر دەبین.

خاوەن باخی هەنجیر، شەهاب فارس سەبەتەیەکی لە دار دروستکراو و گۆچانێکی داری بۆ لێکردنەوەی هەنجیر بە دەستەوەیە و لە هەر دارێك چەند هەنجیرێك دەخاتە ناو سەبەتەکەوە و ئامارژەی بەوەیش دا کە هەموو ڕۆژ کاتژمێر پێنجی بەیانی هەنجیرەکانیان دەڕنن و ڕووبەری باخەکەیش دوو دۆنمە و چەندین دار هەنجیری لەناودایە و دارەکانیش لە چەندین جۆری هەنجیر پێکدێن و لەبارەی جۆرەکانی هەنجیریشەوە دەڵێت: هەنجیر چەند جۆرێکی هەیە لەوانە، ئەحیا بەگ، بێناتی، هەنجیرە ڕەش، تەفسك زەرد و ڕەش، هەنجیرە دێم، هەنجیرە پاییز و سووڕخاڵ، هەنجیرە ڕەش، تەفسك زەرد و ڕەش، هەنجیرە پاییز و سووڕخاڵ و چەند جۆرێکی دیکەیش، هەنجیر لە ناوچە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە، بەڵام باوترین جۆریان ئەحیا بەگە کە تام و بۆنێکی تایبەتی هەیە، هەروەها پەلکی هەنجیرەکە تەنکترە.

هەنجیر میوەیەکی خۆشی وەرزی هاوینە و میوەیەکی پڕ کانزایە، بە تەڕی و بە وشکی دەخورێت و لە خێزانی تووەکانە، ئەو میوەیە وەکو میوەکانی دیکە نییە لە ڕووی خواردنەوە، تا بە تەواوی پێ نەگات ناخورێت، خوای گەورە سورەتێکی بە ناوی هەنجیر دابەزاندووە، سوێند خواردنی خودای گەورە بەم میوەیە، گرنگیدانە بە سوودەکانی ئەو میوەیە و لەبارەی بەشێك لە سوودەکانی هەنجیریش، شەهاب فارس گوتی: من هەموو ڕۆژ کاتژمێر پێنجی بەیانی دەست بە لێکردنەوەی هەنجیر دەکەم و لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تا ئیستا لەم بوارە کار دەکەم، پێشتر چەند دار هەنجیرێکمان هەبوو، بەڵام ئێستا وەك دەبینین لە ژماردن نایە و لە داهاتووشدا زیاتر پەرە بە بوارەکە دەدەین، لەگەڵ ئەوەیشدا هەنجیر سوودی زۆرە، کانزای مەگنسیۆم و کالیسیۆم و چەندین کانزای دیکەی تیادایە و ئەگەر هەنجیرێك بخەیتە ناو ئاو و بەیانییەکەی ئاوەکەی بخۆیتەوە کاریگەری باشی هەیە بۆ نەخۆشی شەکرە و چەندین نەخۆشی دیکە.

هەنجیر بۆ دروستکردنی مورەبا و سەوك و لەتکە هەنجیر سوودی لێ وەردەگیرێت و لەبارەی کرێارەکانی هەنجیری باخەکەی، شەهاب فارس دەڵێت: ساڵانە بەقال هەیە لە ئاکرێ هەنجیرەکەمان لێ دەکرێت و لەوێیەوە دەینرێت بۆ هەولێر، دهۆك، بەغدا و ئەوروپا، تەنانەت بۆ ئەمریکاش دەینێرین، بەڵام ئەمساڵ بەهۆی کەمی کرێارەوە نرخ دابەزیووە، ساڵانە ئێمە کیلۆی بە پێنج هەزار دەماندا بە بەقالەکان، بەڵام ئەمساڵ نرخەکەی بۆ نیوە دابەزیوە.

بەقاڵێك کە ماوەی 22 ساڵە لە دوکانەکەی کار دەکات، ئامارژە بەوە دەکات کە حەز بە فرۆشتنی بەرهەمی خۆماڵی دەکات و ساقی ئاکرێ، سرکەی هەنار و چەندین شتی دیکەی خۆماڵی لە دوکانەکەیدا دەبینرێت و ڕایدەگەیەنێت کە لەئێستادا بەهۆی پێگەیشتنی هەنجیر، کرێاری تایبەتییان هەیە و بەردەو شارەکانی دیکەی عێراق دەینێرن.

خالید ڕەشید یاسین گوتی: «ماوەی 22 ساڵە لێرە کار دەکەم و هەموو بەرهەمی سروشتیی دەفرۆشین، ئێستا وەرزی هەنجیرە و لە مانگی ئاب تا مانگی 11 فرۆشتنی هەنجیر بەردەوام دەبێت.

خالید ڕەشید دەشڵێت: ئەمساڵ بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بازگەکان بەستراون و بەمهۆیەوە خەڵك ناتوانێت بێتە ئاکرێ، ئەگەرنا خەڵك لە هەموو شارەکانی عێراق دەهاتنە ئێرە بۆ کرینی شتی خۆماڵی، چونکە هەنجیری ئەحیا بەگ تەنها لە خاکی ئاکرێ پێ دەگات، ئەمەیش وای کردووە کە ڕێژەیەکی زۆر داری هەنجیر لە جۆری ئەحیا بەگ لە ئاکرێ بچێندرێت.

ئەو بەقالە ئاماژە بەوەیش دەکات کە ڕێژەیەکی زۆر لە فرۆشەکانیان دابەزیووە و گوتی: پارسالّ کیلۆی هەنجیر بە شەش هەزار دینار بوو، بەڵام ئەمساڵ بە سێ هەزار دینارە و ڕێژەی کرین و فرۆشتنی بەرهەمەکان 30% کەمی کردووە، هۆکارەکەیشی بۆ ئەو دۆخە تەندروستییە دەگەڕێتەوە«.

سالانە لە دەڤەری ئاکرێ زیاتر لە 300 تەن هەنجیر بەرهەم دەهێندرێت و زیاتر لە پێنج جۆر هەنجیریشی هەیە لەوانە، ئەحیا بەگ، بێناتی، هەنجیرە ڕەش، تەفسك زەرد و ڕەش، هەنجیرە دێم، هەنجیرە پاییز و سووڕخاڵ، لەگەڵ ئەوەیشدا باخەوانانی ئاکرێ سالانە دەیان تەن هەنجیر وشك دەکەنەوە بۆ ئەوەی هاوواڵتیان لە شەوچەڕەی وەرزی زستاناندا سفرەکانیان پێ ڕازێنەوە.



لە یادی (74) ساڵەی پارتیماندا،

سڵاو دەنێرین بۆ تێکۆشەران، زیندانیانی سیاسی و تێکۆشەرانی رۆژە سەختەکان



تێکۆشەرو کەسایەتی ناسراو شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی:

مەسعود بارزانی وەکو پێشمەرگە و کەسایەتییەکی سیاسی و سەربازی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە و هەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا ئێستاکەش لە هەموو کات زیاتر گەلی کورد پێویستی بەو کاریزمایە هەیە

سەرۆک بارزانی بە حیکمەت و سیاسەتی ژیرانەی خۆی توانی زۆربەی وڵاتانی دونیا دژی داعش کۆبکاتەوە، بەتایبەتی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بۆ لێدانی داعش و لەناوبردنیان کە تا ئێستاش ئەو هێزانە شان بە شانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دژی تیرۆرستانی داعش دەجەنگن..

زانیار سەردار قڕگەیی

بەشی سێیەم



لەناو هەموو میللەتێکدا سەرکردەکان ڕۆڵێکی کاریان لە بنیاتانی نەتەوە و گەیشتن بە ئازادی و سەرفرازیی ئەو نەتەوەیە هەیە، هیچ نەتەوەیەکیش بێ ئەم سەرکردە کاریزمایانە نەیانتوانیوە بەرامبەر داگیرکاران خۆیان ڕابگرن، هەربۆیە نەتەوە ئازادیخوازەکان شانازی بە سەرکردە و بیرەوەرییەکانیانەوە دەکەن، گەلی کوردیش خاوەنی دەیان سەرکردەی گەورەیە لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆیدا، کە وەکو زنجیرەیەکی دانەبڕاو پەیوەندییەکی فیکری و ڕۆحیان پێکەوە هەیە. لەم قۆناغە هەستیارەی نەتەوەی کورددا مەسعود بارزانی سەرکردەی ناسراوی گەلی کورد و کوردستان ڕۆڵ و کاریگەریی خۆی لەسەر ڕووداوەکان و گەیشتن بەسەربەخۆیی هەبووە و هەیە، ئەم سەرۆکە بەدرێژایی تەمەنی پڕ سەروەری تێکۆشاوە و خەباتی کردووە بۆ نەتەوەکەی و ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری لەسەر ڕەوش و ڕووداو و گۆڕانکاریەکان هەبووە و هەیە و مێژووش بە شانازییەوە لاپەڕەی گەشی زێڕینی بۆ تۆمار کردووە، بەتایبەت لەم ساڵانەی دواییدا کە بەهۆی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئەرک و کارەکانی هێجگار گرانتر و پڕ زەحمەت تر و هەستیارتر و تەنانەت مەترسیدارتر بوون بۆ سەر ژیان و کارەکانی.. لە 25/ئەیلوولی/2017 ئەم ڕابەرە مەزنە توانی کارە مەزنەکە (ڕووداوە گەورەکە) ئەنجام بدات کە ئەویش (ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان) بوو، کە بەدرێژایی مێژووی بزاڤی ڕزگاریی خوازی بۆیەکەمجار تاکە سەرکردە و سەرۆک کە توانی ئازایانە بۆڕانە بڕیاری ریفراندۆم بدات ئەویش مەسعود بارزانی بوو. هەر بۆیە لە ئێستاشدا گەلی کوردستان لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستی بە بارزانی هەیە. لە یادی لەدایکبوونی سەرۆک مەسعود بارزانیداو بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی سەرکردەکان و مێژووی خەباتی سەرۆک مەسعود بارزانی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی شێخ تاهیر عەبدولغەفوور شووشی تێکۆشەر و کەسایەتی ناسراوی کوردستان کرد. ئەویش بەم جۆرە وەڵامی داینەوە.

*** لە شەڕی داعش دا مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی بەهێزترین و کاریگەرترین هێزی زەمینی دژی تیرۆرستان کە هێزی پێشمەرگە بوو، لەوکاتەدا پێشمەرگە ئوستووڕەی داعشی تێکشکاند، لەمەشدا دەستکەوتی گەورەی بۆ کورد بەدیهێنا ڕۆڵی سەرۆک بارزانی چۆن بوو؟ کاردانەوەی لەسەر ئاستی جیهان و ناوخۆ چی بوو؟**

- ئەو پێشکەوتن و ئارامیەی هەرێمی کوردستان و تەبایی خەڵکی کوردستان و پێشوازی کردنیان لە دەستووری عێراقی فیدراڵی و بەرپاکردنی ڕێککەوتنامەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی و دامەزراندنی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان و تەرخانکردنی بودجەیەکی شایستە بۆ هەرێمی کوردستان و بەرەوپێش چوونی پرۆسەی بیناسازی و باشبوونی ژیانی هاووڵاتیان ئەمانە هەمووی بوونە هۆکارگەلێکی سەرەکی و کاریگەر بۆ جوڵاندنی دوژمنانی کورد لەناوخۆ دەرەوە کە دەستیان کرد بە داڕشتنی پیلانی جۆراوجۆر بۆ تێکدانی ئەزموونی پێشکەوتووی هەرێم لە ڕووی سیاسی و ئابووری و ئەمنی، یەک لەو دوژمنانە تیرۆریستانی داعش بوو کە مەسعود بارزانی بە حیکمەت و سیاسەتی ژیرانەی خۆی توانی زۆربەی وڵاتانی دونیا دژی داعش کۆبکاتەوە، بەتایبەتی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەورووپا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتی سەربازی بۆ لێدانی داعش و لەناوبردنیان کە تا ئێستاش ئەو هێزانە شان بە شانی پێشمەرگە و سوپای عێراق دژی تیرۆرستانی داعش دەجەنگن.

هەڵبەتە ئەو پێشکەوتنانەی هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە بینی و ئەو ئەمن و ئارامی و تەباییەی خەڵکی کوردستان و پێشوازی کردنیان لە دەستووری عێراقی تازە و بەرپاکردنی ڕێککەوتنامەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی و دامەزراندنی حکوومەتی یەکگرتووی کوردستان و هەڵبژاردنی مام جەلال بە سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵی و تەرخان کردنی بودجەیەکی زۆر بۆ هەرێمی کوردستان و ئاوەدان کردنەوەی هەرێمی کوردستان و باشبوونی ڕەوشی هاووڵاتیان ئەمانە هەموویان بوونە فاکتەرێکی سەرەکی و کارتێکەر بۆ جوڵاندنی دوژمنانی کورد لەناوخۆ و لە دەرەوە کە دەست بەداڕشتنی پیلانی جۆراوجۆر بۆ تێکدانی پێشکە و تو و یی هەرێمی سیاسی لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و ئەمنییەوە بکەن.

وەلێ دوژمن و ناحەزانی دەرەوەیش لەلایەن خۆیانەوە جارێکی تر کەوتنە پیلانگێڕی بۆ تێکدانی ڕەوشی سیاسی و ئابووری و ئەمنی هەرێم بە کەمکردنی ڕۆڵی کورد لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتی فیدراڵا لە بەغدا و دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی کوردستان و بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دژایەتی کردن لە هەناردەکردنی نەوتی هەرێم بۆ بازاڕەکانی دەرەوە و هەر بەوەندە نەوەستان، دەستیان کرد بە بەهێزکردنی تیرۆریستانی داعش و ڕادەستکردنی هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتووی سوپای عێراق و هاندانیان تا حکوومەت و خەڵکی کوردستان لەناو ببەن.

سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری ئەو پیلان و بەرنامانە بوو، بۆیە ئازایانە و بوێرانە دژی ئەو پەلامارانە وەستا و هەر لە شەوی 3/8/2014 لە ئازادکردنی شارۆچکەی مەخمووردوە تا دوا ڕۆژی شەڕی باشیک لە مانگی 11/2016 سەرۆک بارزانی وەک فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی کوردستان لە هەموو بەرەکانی شەڕی دژی داعش لە «شەنگال تا چیاکانی وەرتک و دەشتی مەخمور و کەرکووک» شان بەشانی فەرماندە و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ئامادەیی هەبووە و بووبووە جێی ورە بەرزی پێشمەرگەی کوردستان.

هەرچەند هێرش و ڕەفتارەکانی داعش زەرەر و زیانێکی گەورەیان لە هەرێمی کوردستان دا و زیاتر لە 1800 پێشمەرگە شەهید و 11 هەزاری دیکەیش بریندار بوون، بەڵام خۆنیان بەفیڕۆ نەچوو، سەربەرزیەکی گەورەیان بۆ میللەتی خۆیان لە هەموو جیهان تۆماریان کرد و بوونە ناونیشانی فیداکاری و مەردایەتی و ئازایەتی.

ئا ئەمەیە مەسعود بارزانی پێشمەرگە و سەرکردە و ڕابەر و سیاسەتمەدار و کوردپەروەر و ئاشتیخواز، ئەو مەسعود بارزانییە کە خەونی دوژمنانی وەکو داعش و بەعسییەکان و مالیکی ژێر خاک کرد، وەکو چۆن باب و باپیرانی خەونەکانی کۆنەپەرستانی وەک نووری سەعید و عەبدولسەلام عارف و سەددام حوسێنیان پووچەڵ کردەوە.

*** مەسعود بارزانی لە ژیانی پێشمەرگایەتی و سیاسی خۆیدا خاوەنی چەندین هەڵوێستی نەگۆڕ بووە، ئایا ئەمە بۆ ڕێبازی مستەفا بارزانی سەرۆکی ڕۆحی نەتەوەی کورد و کوردستانییەکان دەگەڕێتەوە؟**

- بە درێژایی خەبات و تێکۆشانی میللەتی کورد هیوا و ئامانجی هەموو سەرکردە و تێکۆشەران و پێشمەرگەی کوردستان لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان بووە و گەیاندنی بە ئامانجە نەتەوەییەکانی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بووە. ڕێبازی بارزانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشەی کردووە و بەرفراوان بووە ناوی دەرکرد بەوەرگرتنی هەموو نیشتمانپەروەرەکانی کورد و بارزان بۆتە سەنتەری کورد ایەتی و ڕێبازی بارزانی نەمر.

پاش مانْداوایی شێخ محەمەد بارزانی لە 1903 دەبینین کوڕی شێخ عەبدولسلامی دووەم جێگای خۆی دەگرێت و دەبێت بە شێخی تەکیەی بارزانی و ڕابەری تێکۆشانی خەڵکی کوردستان و یەک لەدوای یەک گەورەکانی ئەم بنەماڵەیە مەشخەڵی شۆڕشگێڕیان هەڵدەگرن و بە بیروباوەڕێکی خوداناسی و دادپەروەری و کوردایەتی و بەرگریکردن لە مافە ڕەواکانی میللەتی کورد کردووە بە درێژایی زیاتر لە 130 ساڵ بە خەبات و تێکۆشان بەبێ ڕاوەستان و پچڕان و هەر پێنج تێکۆشەرە سەرکردە لە شەهید عەبدولسەلامی دووەم دەست پێدەکات و پاشان شێخ ئەحمەد بارزانی و بارزانیی نەمر و ئیدریس بارزانی جوانەمەرگ و سەرۆکی ئێستا مەسعود بارزانی و، هەموو ئەو سەرکردانە ڕۆڵ و بەهرەمەندی خۆیان هەبووە لە تێکۆشان و شۆڕشی میللەتی کورد لە سەردەمی ڕۆژگاری خەباتی خۆیدا بەتایبەتی میللەتی کورد بارزانیی نەمر کە بەڕێزیان بووەتە خاوەنی قوتابخانەی کوردایەتی و هەڵگری ئاڵای شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و دامەزرێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و ڕابەری پێشمەرگەی بە ئەمەکی کوردستان.

پاش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە 16ی ئابی 1946و، پاشان گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ڕووسیا بۆ کوردستان و، دواتر دەستپێکی شۆڕشی ئەیلوولی ساڵی 1961 دەبینین داواکارییەکانی میللەتی کورد بەرفراوانتر و قورستر دەبن هەر لە شەڕاکەتی کورد و عەرەب لە خاکی عێراقدا و داوای لامەرکەزی و خودموختاری و بەرجەستەکردنی سیستەمی فیدراڵی لە باشووری کوردستان دا و دامەزراندنی دەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چەسپاندنیان لەنێو دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، لە ساڵی 2005 بۆ ملکەچکردنی دەوڵەتی عێراق بۆ دابینکردنی ماف و بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد زۆر یاداشت و بەڵێننامە دەرچوو وەک: بەڵێننامەی عەبدولکەریم قاسم کە دەڵێت: (العرب والاکراد شرکاو فی هڕا الوگن). پاشان بەیاننامەی حوکمڕانیەکانی حزبی بەعس لە ساڵی 1963 بە دابینکردنی حوکمی لامەرکەزی بۆ پارێزگا کوردییەکان لە باکووری عێراق، پاشان ڕێککەوتنی 29 حوزەیرانی1966 لە نێوان حکوومەتی عەبدولڕەحمان عارف و سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بەدابینکردنی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد و ڕێککەوتنامەی 11ی ئاداری 1970 بۆ مسۆگەرکردنی ئۆتۆنۆمی و لە پاشانیش جێگیرکردنی حوکمی فیدراڵی هەرێمی کوردستان لەناو بڕگەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا ئەویش لە ساڵی 2005.

ئەمە هەمووی خوێندنەوەیەکی خێرا بوو لە قۆناغەکانی پێشوو بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی میللەتی کورد لە باشووری کوردستان دا کە هەموویان زۆر گرنگ و کارتێکەر بوون لە نزیککردنەوەی میللەتی کورد لە ڕزگاربوون و سەربەخۆیی تەواو.

مەسعود بارزانی وەک قوتابی و سەرکردە و شۆڕشگێڕی بەئەمەکی قوتابخانەی ڕێبازی بارزانیی نەمر هەستی بەوە دەکرد ئەو هەلومەرج و دەرفەتانەی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە لەناو محافلی نێودەوڵەتیدا ڕەخساون بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سەرەکییەکان و بەجێهێنانی خەونەکانی باب و باپیران و سەرکردە نەمرەکان و ڕۆحی شەهیدانی کوردستان زیندوو بکاتەوە بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری، بۆ گۆڕبەگۆڕکردنی هەموو جۆرەکانی چەوساندنەوە و خۆپەرستی و شۆڤێنی و دیکتاتۆریەت بووبن بە خاک کردنی خەونەکانی سەددام حسین و عەماش و

لە یادی (74) ساڵەی دامەزراندنی پارتیمان سڵاو دەنێرین بۆ کوردستانیانی تاراوگە



سەرجەم ئەو کەسانەی لە ساڵی 1946 لە دایک بوون

سیاسەتی سەرۆک بارزانی بووە جێگای سەرنجی پایتەختە گەورەکانی دونیا وەکو واشنتن و پاریس و ریاز و گەلێک شوێنی تر..





عەلی کیمیاوی و مالیکی و هەزارەهای دیکە لە دوژمنانی میللەتی کورد. بۆ سەرکەوتن و سەربڵندی و سەروەری میللەتی کورد و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو شاخ و داخەکانی کوردستان هەموومان لەگەڵ ڕێزدار مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستانین بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پیرۆزە.

وەك پێشتر ئاماژەم پێ کرد، وا دیارە قسەکانی نووسەری بەڕێگەز کوردی میسری خاتوو «دوریە عەونی» لە جێگای خۆیدا بوو لە ڕۆژی هەڵبژاردنی یەکەم لە پەرلەمانی کوردستان لە 1992 و لە ڕادیۆی BBC بەریتانی لە لەندەنەوە لە وتارێکی مێژوویی بەناونیشانی (بارزان کارخانەیە بۆ دابینکردنی سەرکردەی قارەمان بۆ میللەتی کورد). لەوانەیە قسەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزە لەجێگای خۆی دابووە، چونکە بەدرێژایی 120 ساڵ شێخەکانی بنەماڵەی بارزان سەرکردە و تێکۆشەر و قارەمانی میللەتی کورد بوون و هەموو ژیانیان بەخشیوە بۆ ئازادکردنی ئەم میللەتە هەر لە شێخ عەبدولسەلام بارزانی و شێخ ئەحمەد بارزانی و مستەفا بارزانی هەتا دەگاتە ئیدریس بارزانی و سەرۆك مەسعود بارزانی و گەشەکردن و بەڕێوەچوونی ڕۆڵی بەڕێزان نێچیرڤان ئیدریس بارزانی و مەسرور مەسعود بارزانی لە چوارچێوەی قوتابخانەی مستەفا بارزانی نەمر دا لە پێشکەشکردنی کار و خزمەتی بێ سنوور بۆ ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێش بردنی کوردستان لە هەموو بوارەکاندا و دابینکردنی دیموکراسی و ئەمن و ئارامی و ژیانێکی بەختەوەر و ئازاد بۆ هەموو چینەکانی خەڵکی کوردستان بەبێ جیاوازی و فەراهەم کردن و بەرجەستە کردنی زەمینە و مەرجە گونجاوەکان بۆ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان.

• جەنابی کاك مسعود خاوەنی زۆرێك لە خەسڵەت و سیفاتە، بەڵام دەپرسم سەرنج ڕاکێشترین خەسڵەتەکانی چییە؟

- بێگومان هەبوونی چەند سیفات و تیرۆرستی و بیروباوەڕەکانیان، ئەمە و وەرگرتنی هەزارەها پەنابەرانی عێراقی و سووری لەلایەن حکوومەتی کوردستان و پێشکەش کردنی هەموو یارمەتییەکانی پێویست بۆیان، ئەمە هەموویان بوونە بابەتەکانی گەرم و گرنگ بەدەستی مەسعود بارزانی بۆ ڕاکێشانی پشتگیری و یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان.

4 ـ شێوەی حوکمڕانی و دیموکراسی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی فرە حزبی و بەرجەستەکردنی ئازادی سیاسی و بیروباوەڕی هەمەجۆر و پەیدابوونی کاردانەوەکانی ئەرێنی لە میدیا و دەزگاکانی سیاسی و دبلۆماسی و ڕێکخراوەکانی جیهانی و لە دەوڵەتانی دەوروبەر بەرامبەر حکوومەت و خەڵکی کوردستان و بەرقەراربوونی ڕەوشی ئەمنی و ئارامی هەرێمی کوردستان.. ئەمانە هەموویان بوون بە فاکتەرێکی بەهێز بەدەستی مەسعود بارزانی و سیاسەتمەدارەکانی تری کوردستان بۆ پتەوکردنی پشتگیری حکوومەت و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و هاندانی حکوومەتەکانیان بۆ کردنەوەی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیەکانیان لە هەولێر پایتەختی کوردستان.

5 ـ مەزڵومیەت و نەهامەتییەکانی میللەتی کورد و دابەشبوونی کوردستان بۆ سەر چوار وڵاتی داگیرکەر و بەفیرۆدانی خێر و خێراتی و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکی کوشندە بۆ لەناوبردنی خەڵك و خاکی کوردستان ئەمانە هەموویان بوون بە بەڵگە و کەرەستەی زیندوو بۆ بەکارهێنانیان لە بانگەوازی مسعود بارزانی بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و هەموو دەزگاکانی سیاسی و دبلۆماسی و ئاشتیخوازی جیهانی و هاندانی ئەو هەموو دەزگا و لایەنانە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان و ڕزگارکردنیان لە جینۆسایدو و هەوڵەکانی لەناوبردنیان لە ڕێگای ئەنفال و یەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژی.

6 ـ مسعود بارزانی بە کەسایەتی خۆی و بەو سیفات و ڕاستگۆیی و ئارامی خۆی توانی خۆی بخاتە نێو دڵا و دەروونی زۆر لە سیاسەتمەدار و بەرپرسان و سەرۆك دەوڵەت و دبلۆماتکارانی سەرتاسەری جیهان وە بوو بە یەکێك لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی دونیا و لەهەر سەردانێك بۆ هەر وڵاتێك بە پێشوازیەکی گەرمی بێ سنوور بەخێرهاتنیان وەك سەرۆك دەوڵەت پێشوازیان لە بەڕێزیان دەکرد و دەکەن و مەسعود بارزانی بوو بەمعادەلەیەکی قووس و سەنگین لە داڕشتنی زۆر لە بابەتەکانی سیاسی بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بەکوردستان و وڵاتانی دەوروبەر و بەدرێژەدان بە جەنگی نێودەوڵەتی دژی داعش و تیرۆرستەکانی تر.

ئەمە هەموو ئەو فاکتەرە بەهێزانەن ئەوانەی مەسعود بارزانی و هاوڕێکانی لە گفتوگۆ و سیاسەت و پەیوەندییە دبلۆماسییەکاندا بەکاردەهێنن بۆ خزمەتی دۆزی میللەتی کورد و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ.

خەسڵەتی کەسی لەناو خودی مەسعود بارزانیدا هەیە، وەکو ڕاستگۆیی و مرۆڤدۆستی و دادپەروەری و یەکسانی و ڕێزگرتن و شارەزایی لە هونەری سیاسی و دبلۆماسی و ئەزموونێکی نیشتمانپەروەری ئەم هەموو سیفەتانە بەڕێزیانی خستە نێو کەسانی دبلۆمات و سیاسەتمەدارەکانی ناسراو و جێگای سەرنجی زۆر لەسەر نووسەری گەورەی جیهان و سەردانە سیاسییەکانی مەسعود بارزانی هەر لە چوارچێوەی عێراق و پایتەختەکانی دەوڵەتەکانی دەوروبەر ڕانەوەستا بەڵکوو سیاسەتی مەسعود بارزانی بووە جێگای سەرنجی پایتەختە گەورەکانی دونیا وەکو واشنتن و پاریس و ریاز و گەلێك شوێنی تر و هاتنی بەسەدەها سەرۆك دەوڵەت و وەزیر و پەرلەمانتار و سیاسەتمەدار بۆ هەولێر نیشانەیەکی زیندووی زەقە لەسەر سەرکەوتن و پەرەپێدانی سیاسەتی ڕەوای نێودەوڵەتی مەسعود بارزانی و بەرزبوونەوەی ڕۆڵی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان.

• ئەم سەرکەوتنانە لەسەر چ فاکتەر و واقیعێك دەبێژە پێدراوە؟ ئەی دۆزی کورد لە بوارەکانی سیاسی و دبلۆماسی نێودەوڵەتیدا گەیاندۆتە چ ئاستێك؟

- ئەگەر بە وردی پێداچوونەوە و خوێندنەوە لەسەر کەسایەتی مەسعود بارزانی و هەڵوێستەکانی بێتە کردن، دەبینین هەموو کارە سیاسییەکانی ئەم سەرکردەیە لەسەر فاکتەر و واقیعی ئەو بابەتانە دڕێژیان پێدراوە و دۆزی میللەتی کورد لە بوارەکانی سیاسی و دبلۆماسی نێودەوڵەتیدا گەیاندۆتە ئاستێکی شایستە و پێشکەوتوو و متمانەی زۆر لە دەوڵەتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی وەرگرتووە، وەك:

1 ـ شوێنی جیۆپۆلەتیکی کوردستان و کەوتنی کوردستان لە نێوەڕاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و خاوەن زەمینەکی فراوان لە شاخ و داخ و دەشت و بیابان و ئاو و هەوایەکی گونجاو و سروشتێکی جوان و بڕ لە سامانە سروشتییەکان و خاوەن ژینگەیەکی لەبار کە هەمیشە جێگای سەرنج ڕاکێشی خەڵکی بێگانەیە.

2 ـ دەوڵەمەندیی کوردستان بە کانزا و سەرچاوەکانی سروشتی وەك نەوت و گازی سروشتی و کانزاکانی تر کە ئەمەش بووەتە هۆکارێکی زەق و گەورە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بێگانە و خەڵکانی تر بۆ داگیرکردنی کوردستان و دزینی خێر و خێراتی ئەم وڵات و چەوساندنەوەی خەڵکی کوردستان و واژووکردنی چەندەها ڕێککەوتنامە لەنێوانی داگیرکەرانی کوردستان وەکو بەڵگەنامەی سایکس بیکۆ و ڕێککەوتنی (سعدئاباد و لۆزان و ئەلجەزائیر) و گەلێکی تر.

دەرهێنانی نەوت و گازی سروشتی لەلایەن حکوومەتی کوردستان و هەناردەکردنی بۆ بازارەکانی دەرەوە و جێگیربوونی باشووری کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی جیهان بایەخێکی گرنگ و هەستیارە بۆ خەڵکی کوردستان و بەکارهێنانیان بۆ دروستکردنی باشترین پەیوەندییەکانی سیاسی و ئابووری لەگەڵا حکوومەت و کۆمپانیای بیانی و دان بەڕەوای مافەکانی خەڵکی کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی وەئەمەش بۆتە واەدکی بەهێز لە دەستی مەسعود بارزانی بۆ بەکارهێنانیان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی میللەتی کورد لەنێوان محافیلی نێودەوڵەتیدا.

3ـ پەرەپێدانی ئەرزشەکانی دیموکراسی و دادپەروەری لەناو کۆمەڵگەکانی خەڵکی کوردستان و ڕێزگرتنی لە مافی مرۆڤ و پاراستنی ئازادی سیاسی و ئابووری و کولتووری لەلایەن هەموو لایەنەکانی حکوومی و سیاسی و حزبی و ڕێزگرتن لە بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی و کولتووری و فەرهەنگی هەموو کەسێك و هەبوونی سیستەمی فرە حزبی لە کوردستاندا و ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو هزرەکی توندڕەوی و بەتایبەتی شەڕی پێشمەرگە دژی داعشی خوێنمژ و هاوکاری و هەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگە لەگەڵا ئەمریکا و هاوپەیانی نێودەوڵەتی بۆ لەناوبردنی هەموو گرووپەکانی تیرۆرستی و بیروباوەڕەکانیان، ئەمە و وەرگرتنی هەزارەها پەنابەرانی عێراقی و سووری لەلایەن حکوومەتی کوردستان و پێشکەش کردنی هەموو یارمەتییەکانی پێویست بۆیان، ئەمە هەموویان بوونە بابەتەکانی گەرم و گرنگ بەدەستی مەسعود بارزانی بۆ ڕاکێشانی پشتگیری و یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان و خەڵکی کوردستان.

4 ـ شێوەی حوکمڕانی و دیموکراسی و پەیڕەوکردنی سیاسەتی فرە حزبی و بەرجەستەکردنی ئازادی سیاسی و بیروباوەڕی هەمەجۆر و پەیدابوونی کاردانەوەکانی ئەرێنی لە میدیا و دەزگاکانی سیاسی و دبلۆماسی و ڕێکخراوەکانی جیهانی و لە دەوڵەتانی دەوروبەر بەرامبەر حکوومەت و خەڵکی کوردستان و بەرقەراربوونی ڕەوشی ئەمنی و ئارامی هەرێمی کوردستان.. ئەمانە هەموویان بوون بە فاکتەرێکی بەهێز بەدەستی مەسعود بارزانی و سیاسەتمەدارەکانی تری کوردستان بۆ پتەوکردنی پشتگیری حکوومەت و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی و هاندانی حکوومەتەکانیان بۆ کردنەوەی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیەکانیان لە هەولێر پایتەختی کوردستان.

5 ـ مەزڵومیەت و نەهامەتییەکانی میللەتی کورد و دابەشبوونی کوردستان بۆ سەر چوار وڵاتی داگیرکەر و بەفیرۆدانی خێر و خێراتی و بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکی کوشندە بۆ لەناوبردنی خەڵك و خاکی کوردستان ئەمانە هەموویان بوون بە بەڵگە و کەرەستەی زیندوو بۆ بەکارهێنانیان لە بانگەوازی مسعود بارزانی بۆ ناوەندە نێودەوڵەتییەکان و هەموو دەزگاکانی سیاسی و دبلۆماسی و ئاشتیخوازی جیهانی و هاندانی ئەو هەموو دەزگا و لایەنانە بۆ یارمەتیدانی خەڵکی کوردستان و ڕزگارکردنیان لە جینۆسایدو و هەوڵەکانی لەناوبردنیان لە ڕێگای ئەنفال و یەعەرەبکردن و کۆمەڵکوژی.

6 ـ مسعود بارزانی بە کەسایەتی خۆی و بەو سیفات و ڕاستگۆیی و ئارامی خۆی توانی خۆی بخاتە نێو دڵا و دەروونی زۆر لە سیاسەتمەدار و بەرپرسان و سەرۆك دەوڵەت و دبلۆماتکارانی سەرتاسەری جیهان وە بوو بە یەکێك لە سیاسەتمەدارە ناودارەکانی دونیا و لەهەر سەردانێك بۆ هەر وڵاتێك بە پێشوازیەکی گەرمی بێ سنوور بەخێرهاتنیان وەك سەرۆك دەوڵەت پێشوازیان لە بەڕێزیان دەکرد و دەکەن و مەسعود بارزانی بوو بەمعادەلەیەکی قووس و سەنگین لە داڕشتنی زۆر لە بابەتەکانی سیاسی بەتایبەتی ئەو بڕیارانەی پەیوەندیان بەکوردستان و وڵاتانی دەوروبەر و بەدرێژەدان بە جەنگی نێودەوڵەتی دژی داعش و تیرۆرستەکانی تر.

ئەمە هەموو ئەو فاکتەرە بەهێزانەن ئەوانەی مەسعود بارزانی و هاوڕێکانی لە گفتوگۆ و سیاسەت و پەیوەندییە دبلۆماسییەکاندا بەکاردەهێنن بۆ خزمەتی دۆزی میللەتی کورد و بەرەو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ.



گەل ستراتیژ و ئایدیولوژیا پارتییە و کریە سەروکانیا هێزاخو

ژیان تاهر زێوەی

ڕەگەزپەرستی، نەدادپەروەری، زوڵم و زۆرداری، یان ژی گەلەك جاران حەزا بدەستڤەئینانا دەستهەلاتێ ژ ئەگەرێن سەرکییێن پەیدابوون و درستبوونا پارتێن سیاسی و سەرهلدان و شورەشانن د ناڤ هەر مللەتەکیدا. د دیروکا مروڤایەتییدا دگەل پێشکەفتن و شارستانیەتێ بەردەوام بزاڤ و پێکول ژ بو بدەستڤەئینانا ئازادی ودادپەروەریێ هاتینە کرن. ب سەدان شورەش و سەرهلدان ژ ئالیێ گرووپ یان پارتێن سیاسی ڤە هاینە کردن ژ بو دەستەبەرکرنا مافێن سیاسی، جڤاکی، ئابووری و چاندی.

هەردەمێ ئارمانج ژ درستبوون و لڤینێن پارتێن سیاسی و شورشان درستکرنا کەنالەکێ پەیوەندیێ دناڤبەرا دەستهەلاتێ و مللەتیدا ژبو پرکرنا ڤالاتیا دناڤبەرا جڤاکی و دەستهەلاتیدا بوویە، هندی کو ئەو بزاڤ د دوومدرێژ و ب زەحمەت و ب قوربانیدانەکا زور ژی بوویە، ل دوماهیێ سەرکەفتن هەر بەهرا وان بوویە. شورشا نێلسون ماندێلای دژی ئاپارتایتێ (ئانکو ڕەگەزپەرستیێ) ل ئەفریقیا باشور، و بزاڤا مهاتما گاندی دژی ئمپراتوریا بریتانی ژ نموونێن هەری زیندی و سەرکەفتینە کو بوینە قووتابخانە و هێڤییێن ئازادیخوازان ل جیهانێ.

بەروڤاژی وێ چەندێ، دەمێ کو مەرەم ژ بزاڤ و چالاکییێن سیاسی و درستکرنا گرووپ و پارتان بدەستڤەئینانا دەستهەلاتێ و هێزێ ژ بو بەرژەوەندییێن کەسوکی یان بەرتەنگ بیت، هندی کو یا ب بەرهەم و ئەنجام ژی بیت، ل دوماهیێ ڕویێ راستیێ بۆ مللەتی دیار دبیت و شکەستنا سیاسی دبیتە دوماهیکا وێ. گەلەك پارت و لایەنێن سیاسی ب ڤی ئاوایی ل جیهانێ ب گشتی و ل هەرێما کوردستانێ ب تایبەتی هاتینە د گوڕەپانا سیاسیدا.

پارتا دیموکراتا کوردستانێ ب ڕێبەریا مستەفا بارزانیێ نەمر کو کەساتیەکێ ب کاریزما و نیشتمانپەروەر بوو ل 16 تەباخا 1946ێ هاتە دامەزراندن. بارزانی هەمی خوشییێن ژیانا خو پێخەمەت خوشی و سەربەستی و ئازادیێ ژ بو هەمی تاکێن کوردستانی دانە لایەکی. پارتی هەر ژ دەستپێکا دامەزراندنا خو بڕیار دا خەباتێ ژ بو رزگاری و سەرفەرازیا گەلێ کوردستانێ، ژ بو دیموکراسییێ و دادپەروەری و یەکسانیا جڤاکی بکەت. پارتی ب درێژاهیا حەفتێ و چار سالێن بزاڤا رزگاریخوازا خو ژ بو ئاڤاکرنا جڤاکەکێ شارستانی و پاراستنا مافێ هەر تاکەکێ کوردستانی بێی جیاوازیا ئولی، نەتەوی و ڕەگەزی هەوڵ دایە. کرێکار، جوتیار، ژنا، بسپور، نڤیسکار، هزرڤان، ئافرەت، قوتابی، لاو، موسلمان، کریستیان، ئێزدی، شەبەك، کاکەیی، تورکمان و هەمی پێکهاتێن ئولی و نەتەوی ژبۆ دەستەبەرکرن و پاراستنا مافێن خو ییێن ڕەوا، خو د بازنەیا سیاسەت و ستراتیژیا پارتیدا دیتیە و دبینن. ئەڤ حزبە(پارتی) پشتی هەر شکەستنەکێ ب هێزەکا خورتتر و ب باوەریەکا موکومتر ڕابوویە سەر پێ و چرایێ خەباتێ هێلایە هەل و شورشەکا ئاگرینتر ڤەژاندیە. زیندان، ئەشکەنجە، توپباران، ئەنفال، کیمیاباران، دەربدەری، ئاوارەیی و تەعریب نەشیاینە ئیرادا پارتی یا پیلاییں بشکێنن یان لاواز بکەن یان باوەریا مللەتی ل هەمبەر وێ ژ ناڤ ببەن. نها ژی د سەرەرایا هەبوونا گەلەك پیلانێن تێکدەرانەییێن ناڤخوویی و دەرەکییێن هەڤرك و نەیارێن دۆزا ڕەوایا گەلێ کورد ژ بۆ لاوازکرن و ژناڤبرنا هێز و پێگەهێ پارتی، بەلێ پارتی ب ئیانەکا مەزنتر و ب هێزەکا خورتتر ل بەر خو دایە ژ بۆ پاراستنا ماف و دەستکەفتییێن کو ژ ئەنجامێ خەباتەکا دوویر و درێژ ومێژوویی بدەستڤە هاتینە. پارتی هەول دەدەت و بزاڤێ دکەت ژ بو نێڤنەتەوی کرنا پرسا سیاسیا گەلێ کوردستانێ و درستکرنا ئاشتی و هەڤدەنگیا نیشتمانی.

بێ گومان شکەستنا هەول و بزاڤێن نەیارێن پارتی ژ بۆ لاوازکرنا پێگەهێ وێ و ژناڤبرنا باوەریا مللەتی ب پارتی، بەلێ چوجارا نەشیاینە پەیوەندییا پارتی و ملیلەتی تنێ بلڤینن، ژبەر کوپارتی ژ ئەنجامێ وی بناغێ سیاسی و ستراتیژیێ بهێزە کو ئەڤ پارتە لسەر هاتیە ئاڤاکرن، کو ئەو ژی ئارمانجێن نەتەوی و نیشتمانییێن گەلێ کوردستانێنە. ژ بو ڤێ چەندێ ژی پارتی هەمی کادر و ئەندام و لایەنگرێن خۆ ب هەمان ڕێباز و ب هەمان باوەرا خو گوریکرنێ پەروەردە کرینە و دکەت و چ جاران سازش لسەر مافێن گەلێ کورد نەکریە و ناکەت و هەردەم هەوڵ ددەت پێنگاڤان ژ بو پاشەڕوژەکا گەشتر بهاڤێژیت. لەوما هەردەم گەل پشتەڤان و سەروکانیا هێزا پارتی بوویە.

ل 74ساڵ یادا پارتی و ب ڤێ هەلکەفتا پیرۆز، ڕێز و سلاڤان بۆ گیانێ پاکێ تەڤایا شەهیدێن ڕێیا ئازادیێ و سەرکاروانێ وان بارزانیێ نەمر و ئدریسێ هەردەم ساخ دهنێرین. سلاڤ و ڕێز بۆ هەمی کادر و ئەندام و لایەنگرێن پارتی دیموکراتی کوردستان و پێشمەرگێن قارەمان کو هەردەم سینگێ خۆ کریە قەلغانا پاراستن و بسەرئێخستنا ئەزموونا کوردستانێ.



هەمیشە پارتی جێگای متمانەی خەڵکی کوردستانە

میللەت مەهدی خەلیل*

حەفتاوچوار ساڵ بەر لەئێستا بەمەبەستی خزمەتی دۆزی ڕەوای گەلەکەمان پارتی دموکراتی کوردستان بەسەرکردایەتی بارزانی نەمر دامەزرا هەر لەو ساتەی کە پاریی دامەزرا تاکو ئێستا بەردەوام ئالا هەلگری خەباتی ڕزگاریخوازی بوەو بەزۆر قۆناغی سەخت و هەلومەرجی دژوار تێپەڕیوە بۆ هیچ کاتێ نەیهێشتوە مەشخەڵی کوردایەتی بۆ لەحزەیەکیش بکوژێتەوە. لە کاروانی 74ساڵەی خەباتی خۆیدا، پارتی خاوەنی دەسکەوتێکی زۆربووە بۆ خەڵکی کوردستان و دۆزی ڕەوای میللەتی کورد، هەڵبەت ڕێکەوتنی 11ی ئازار و ڕاپەڕین بەهاری 1991 و پێکهێنان پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان و گشتپرسی خواستی خەڵکی کوردستان و پاراستن و بەرگری بەردەوام لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بەتایبەت لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017، ئەمانە چەند نمونەیەکن لە دەستکەوتەکانی پارتی بۆ خەڵکی کوردستان. ئیمرۆش وا لە حەفتاوچوار ساڵ لەتەمەنی پارتی تێپەڕ دەبێت، دەبینین وەک هەمیشە پارتی جێگەی متمانەی جەماوەری کوردستانبووە. هیوا خوازم ئەم بۆنە مەزنە ببێتە مایەی بەدەستهێنانی دەستکەوتی گەورەترو ئاشتی و ئاوەدانی وئارامی زیاتر بۆ وڵاتەکەمان. بەبۆنەی یادی حەفتا چوار ساڵەی دامەزراندنی پارتەکەمان پارتی دیموکراتی کوردستان ، سالۆڕۆژی لەدایکبوونی سەرۆک و ڕابەرمان پێشەواو مەرجەعی بالای کوردستان جەنابی سەرۆک بارزانی ، گەرمترین پیرۆزبایی لەجەنابی سەرۆک بارزانی و ئەندام و لایەنگرانی پارتی و پێشمەرگە قارەمانەکان و بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و هەموو خەلکی کوردستان دەکەم.

پالاکوانی سیاسی

وون بوون

نووسراوی گومرگی ابراهیم خلیل لەگەڵ مەنەفێستی ئۆتۆمبێل بەناوی کۆمپانیای کوسرەت مامە کاکو جۆری ئۆتۆمبێل اسکانیا راس تریلە ڕەنگی سپی مۆدێل ٢٠١٢ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٢٤٤٠٦ کاتی دهۆك ژمارەی لاشە (شاصی) VLUR٤X٢٠٠٠٩١٦٦١١٢ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٣٩٩٩١٦ هەولێر - تایبەت لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەڕچووە بەناوی دانا مصطفی محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێلی ژمارە ٤١١٣٩٥ هەولێر - تایبەت ژمارەی سالانە ١٥٨٥٢١٦ لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەڕچووە بەناوی علی فیصل صلاح الدین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلێژی بەناوی زانیار سەلیم احمد زانکۆی سەلاحەددین کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەڕچوونی.

***

وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو نیشتەجێکردن بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر کارگێری

ژمارە: ٥٦٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٨

بۆ بەڕێز/ رشا جمال متی/ یاریدەری کیمیاوی ئاگادارکردنەوە

بەهۆی دابڕانت لە دەوامی فەرمی و دەست بەکارنەبوونەوەت لە فەرمانگە پاش تەواو بوونی ماوەی مۆڵەتی بێ موچەکەت لە ٢٠٢٠/٨/١٢ بەبێ هیچ هۆیەك بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە دەست بەکاربیت لەسەر ئیش و کارت لە ماوەی ٧ ڕۆژ ئەگەر لەناو هەرێمی کوردستانی وە لەماوەی ٣٠ ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی لەڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە کۆتایی بەپاژەت دەهێندرێت بەپێی برگەی ٢ی مادەی ٣٧ لەیاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ی هەموارکراو.

نزار حمد سایل

بەڕێوەبەری تاقیگەی بیناسازی هەولێر

***

دادگای باری کەسی خەبات

ژمارە:١٨٠/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١٧

جاردان

بۆ داوالێکراو (سداد عبدالله توفیق)

ئاماژە بە داوای ژمارە (١٨٠/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (بنار رفعت محمد) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تصدیق طلاق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری هەولێر گەرەکی خانەقا بۆیە ئەم دادگا بڕیاری دا لە بەروای (٢٠٢٠/٨/١٧) بەپێی ڕاگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئاماەبوونی خودی خۆت یان بریکاردارت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دابینی ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٩/١) کات ژمێر ٩ی بەیانی بە بەپێچەوانەوە دادگایی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ مسعود سعید صدیق

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ١٧٥٩/٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٣

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) هۆشدار لێکراو: (نەبەز هیدایت محمد) بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر احمد طارق المندلاوی بریکاری بەڕێوەبەری کۆمپانیای Down Town Erbil سەرەڕای کارەکەی) بە ژمارە (١١٨/٢٣٤٣٩) لە ٢٠٢٠/٧/١٣ بەمەبەستی هۆشداری کردنت دانی کرێی هەردوو دووکانی ژمارە (١٣٥٣-١٣٦٥) لە بازاری داون تاون دروستکراو لەسەر مولکی ژمارە (٣٦١/١) خانقا بەکرێی مانگانە بەبڕی ٧٧٥$ حەفت سەدو حەفتاو پێنج دۆلاری ئەمریکی بەگوێرەی گرێبەستی ژمارە (٦٣) لە ٢٠١٤/٢/٨ لەبەر ئەوەی کرێی مانگی (١٢) سالی ٢٠١٤ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی سالی ٢٠١٥ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی سالی ٢٠١٦ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی سالی ٢٠١٧ و مانگەکانی (١/ ٢/ ٣/ ٤/ ٥/ ٦/ ٧/ ٨/ ٩/ ١٠/ ١١/ ١٢) ی سالی ٢٠١٨ و مانگەوکانی (١٢/١١/١٠/٩/٨/٧/٦/٥/٤/٣/٢/١)ی سالی ٢٠١٩ و مانگەوکانی (٧/٦/٥/٤/٣/٢/١)ی سالی ٢٠٢٠ کە کۆی تەواوی کرێی کەلەکەبووەکانی سەرت دەکاتە بڕی ($٥٢٧٠٠) پەنجا و دوو هەزارو حەفت سەد دۆلاری ئەمریکی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان نادیارە بەگوێرەی اشعاری موختاری گەرەکی (٧ حەصارژك لەشاری هەولێر لە ٢٠٢٠/٧/٢٩ بڕیە بەفەرمی لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەیی بڵاو دەکەینەوە.

شوان فوزی زکی

ل. دادنووسی یەکەمی هەولێر

***

ئاگاداری

ڕاگەیاندنی دامەزرانی مالپەڕێکی ڕۆژنامەوانی بەم ڕاگەیەندراوەدامەزراندنی ڕادەگەیەنم بەناوی پەرەگراف بە دۆمەینی (peregraf.com) و دۆمە ینەکانی دیکە (.org.gnet) کەخاوەنی ئیمتیاز و سەرنووسەری (سورکێو محمد محمود) خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی و دانیشتوی شاری سلێمانی مالپەڕەکە هەواڵ و ڕاپۆرت و بەدواداچوونی ڕۆژنامە وانیی بڵاو دەکاتەوەبە هەردووزمانی کوردی وئینگلیزی .هەرکەسێک لاریی هەیە دەتوانێت پەیوەندیی بکات بەم ژمارە مۆبایلەوە (٠٧٧٠١٥١٩٠٣٦)

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٢

ژمارە: ٤٧٧٤ / ش / ٢٠١٩

بەروار: ١٧ / ٨ / ٢٠٢٠

ئاگانامە

داواکار/ نیان جمال رشید

داوالەسەرکراو: سامی صابر اسماعیل

داواکار (نیان جمال رشید) داوایەکی بە ژمارە (٤٧٧٤ / ش / ٢٠١٩) لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وەلەم داوایە داوای (جیابوونەوەی دادوەری بە هۆکاری بەجێهێشتنی بێ پاساوی مێرد) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبونت بە گوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار، دادگا بڕیاری دا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دابینی ٢٠٢٠/٨/٣١ بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٥٣٤/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (علی اسماعیل خلیل) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (زینب یونس سلێمان) داوای ژمارە ژمارە:٥٣٤/ش/٢٠٢٠ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (ئەفسەرانی پۆلیس) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دابینی ٢٠٢٠/٨/٣١ بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:٥٣٤/ش/٢٠٢٠

ڕێکەوت:٢٠٢٠/٨/١٨

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (علی اسماعیل خلیل) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (زینب یونس سلێمان) داوای ژمارە ژمارە:٥٣٤/ش/٢٠٢٠ لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تفریق) دەکات لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعارەکانی مختاری (ئەفسەرانی پۆلیس) بۆیە دادگا بڕیاری دا بەپێ ڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دابینی ٢٠٢٠/٨/٣١ بەپێچەوانەوە دابینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا و پاشملە.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

دادگای بەرایی/ زاخو

ژمارە/ ٢١٠/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٧

ئاگەهداری

بۆ داوالێکراو (اوهانیس سیروب هوفی) جهێ ئاکنجیبوونا تە یا بەرێ زاخو گەرەکا صلاح الدین/٢ جهێ ئاکنجیبوونا نوکە نەدیارە

داواکار (مصطفی جلبی صالح) داو ژمارە/ ٢١٠/ب/٢٠٢٠ لەسەر تە تۆمارکریە وتیدا داخازا مولك کرنا ئاقارێ ژمارە ٨٢٢/٥ کەرتێ ١٤ عباسیە دکت ژ بەر کوجهێ ئاکنجیبونا تە نەدیارە ل دیف نقیسارا بنگەهێ پولیسێن زاخو یا ژمارە ١٥٥٤ ل ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٧/٢٠ و هەڤپێچ دگەل پەسەندا هەلبژارێ تاخێ صلاح الدین /٢ کو تیدا هاتیە دیارکرن ناڤێ وی د تومارا تاخێ مەدا هەیە و مالا خو ژ تاخێ مە بارکریە و نوکە ژی جهێ ئاکنجیبوونا وی نە دیارە و مە چ پێزانین ل دور نینن ژ بەر نەدیاربینا جهێ ئاکنجیبینا وە دادگە هێ ل ڕوژا ٢٠٢٠/٨/١٦ بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداری یێ د دوو ڕۆژنامە یێن نافخوی و ڕوژانە دا پالپشت ب مادێ ٢١ ژ یاسایا دابینیا شارستانی بو ئامادەبوونا تە یان نوێنەرێ یێ یاسایی ل ڕوژا دابینیێ ڕێکەفتی ٢٠٢٠/٩/١٥ ل دەمژمێر ٩:٠٠ سپێدێ و بەروڤاژی دابینی دێ ب شێوێ باشمە هێتە ئەنجامدان.

دادوەر یوسف الیاس سدن

***

دادگای بەرایی سلێمانی٥/

ژمارە/ ٨٢٣/ب/٢٠٢٠

ڕێکەوت/٢٠٢٠/٨/١٢

ئاگاداری

داواکار: عثمان عبدالله حمه فرج

داوا لەسەرکراو: ضیاء نورالدین

بۆ داوا لەسەرکراو بەناوی (ضیاء نورالدین داواکار عثمان عبدالله حمه فرج داوای ژمارە ٨٢٣/ب/٢٠٢٠ لەسەر تۆمارکردووە لە دادگای بەرایی سلێمانی٥/ کە تیایدا بانگەشەی ئەوەی کردووە بە قەرزار کردنت داواکاری ناوبراو بەبڕی ٣٦٠٠ سی و شەش هەزار یۆرۆ کە دەکاتە بڕی ٥٠٤٠٠٠٠٠ پەنجا ملیۆن و چوار سەد هەزار دینار لەبەر ئەوە بانگهێشتی کردووی بۆ دابینی و داوا دەکات بە گەرانەوەی ئەو بڕە پارەیە. وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ڕوونکردنەوەی ئاگادارکەرەوە واژوو مۆری موختاری گەرەکی سەیوان بۆیە دادگا بریاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆ بۆ ئامادەبونت بەخۆت یاخود لە ڕێگەی بریکارێکی یاسایی لە دادگا لە ڕۆژی دابینی کە دەکاتە ڕۆژی ٢٠٢٠/٩/٢٠ کاتژمێر ٩:١٠ سەر لەبەیانی و بە پێچەوانەوە دادگا بە ئامادەیی دابینی ئەنجام دەدات و بریار دەدەرکات بەرامبەرت.

دادوەر/ د. ئاوات عمر قادر

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/ ٢

ژمارە: ٢٠٣١/ش/٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/٨/١٧

ئاگانامە

داواکار/ بینایی حیدر حمەامین

داوالەسەرکراو/ ئالان غفور صوفی

داواکار (بنیایی حیدر حمەامین) داوایەکی بە ژمارە ٢٠٣١/ش/٢٠٢٠ لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەرت وە لەم داوایە داوای (بژێوی هاوسەرگیری رابردوو بەردەوام) دەکات وە لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێبوونت بەگوێرەی باسی پێراگەیەنەر و پشتگیری موختار دادگا بریاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە وە ئامادەبونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لەڕۆژی دابینی کە دەکەوێتە (٢٠٢٠/١٠/٢٨) سەعات ٩:٠٠ی سەر لەبەیانی بەپێچەوانەوە خۆتان ئامادەنەبەن یان بریکار نەنێرن ئەوا دادگا بە (نائامادەیی – غیابی) داواکە ئەبینێ بەپێی یاسا.

دادوەر/ د.طە عمر رشید

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٢٩

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (محمود سلیمان محمد ٥٠٪ و انور صالح عباس ٥٠٪) لە بەرواری ٢٠٢٠/٧/٢٨ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی ونێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا، واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە، وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار، بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دانوسوسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قەرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- مۆلیدەی کارەبا گازوائیل ژمارە/٢١١١٥٦٤ دروستکراوی کۆری مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی گاز توانای ٣٠ امپێر.

٢- دووەانە کەتەری برینی ئاسن ٢٥٪ ژمارە/٢١١١٥٦٥ - ٢١١١٥٦٦ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٠,٢٥ هاوپێچ مقەسی دەستی پلێت برین.

٣- مولیدەی کارەبا ژمارە/٢١١١٥٦٧ دروستکراوی ئینگلیزی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی گاز توانای K.V.A٦٣.

٤- فرنی حراری صبوغ و ووشککردنەوە ژمارە/٢١١١٥٦٨ دروستکراوی محلی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ١٠٠ امپێر گەورەی هێلی تەواوی مکینەی صبوغ کردنی تورکی.

٥- دووەانە کەتەری برینی ئاسن ٧,٥ ژمارە/٢١١١٥٦٩ - ٢١١١٥٧٠ دروستکراوی خۆمالین مۆدێل ٢٠١٤ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*K.W٧,٥.

٦- کۆسەرەی جێگیر ژمارە/٢١١١٥٧١ دروستکراوی صینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٠,٥٠

٧- دریلی ستوونی ژمارە/٢١١١٥٧٢ دروستکراوی یابانی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

٨- دووەانە لەحیم ولدن ژمارە/٢١١١٥٧٣ - ٢١١١٥٧٤ دروستکراوی سویدین مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای ٢*٤٠ امپێر.

***

دادگەها باری کەسایەتی قەسروك

ژمارە/٤/ش/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٨/١٦

ئاگەداری

بو/داوالێکراو (عبدالرحمن حسن عبدالله) ئاماژە بە داوای باری کەسایەتی ژمارە (٤/ش/٢٠٢٠) کە هاتیە تۆمارکرن لە لایەن داواکار (منتهی فرحان محمد علی) تایبەتە بە داوای پەسەندکردنی جیابونەوەی (تصدیق الطلاق) پێویستە ئەم ئاگەداریە بێتە بەلاوکردنەوە لە بەر ئەوەی شوێنێ ئاکەنجیبونی داوالیکراو (عبدالرحمن حسن عبدالله) دیارە نەبو ئەم دادگایە بریاری دا ب ژمارە (٤/ش/٢٠٢٠) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٨) کە تایبەتە بەسەندکردنی جیابونەوە (تصدیق الطلاق) بویە بریاردرا لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بێتە بڵاوکردنەوە بو ئەوی داوالیکراو کە لە سەرەوە ئاماژە ی پێدراوە مافی تانە لێدانی (اعتراض) ی هەبێت وەلە ئەنجام وێنەیەك لە بەلاوکراوەکە بۆمان ڕەوانە بکەن

دادوەر/ لۆی فاخر نعمت

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە /١١/خ/٢٠٢٠

ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٨/١٧

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا مولکی ژمارە (١٩٣٥/١) کەرتێ ٤ منصوریە) یا قەرزدار (صالح عیسو عمر) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێسەندنی وەدلالیێ لسەر بکری نە

ڕووبەر :- (٢٠٠ م٢)

بهایێ هاتیە دانان :- (٦٤٥٠٠٠٠٠) شیست وجوار ملیون وپینج سەد هزار دینارێ عیراقی

جێ بەجێ کاری داد

ریبر سلمان خالد

***

دادگەها کاروبارێ کەسایەتی ل سێمێلێ

ژمارە/٢٧/م/٢٠٢٠

ڕێکەفت/٢٠٢٠/٨/١٧

ئاگەهداری

بۆ داوالێکەراو (سعد ناسو حمه)

جهێ ئاکینجی بوونێ نەدیارە

داواکار (لقاو عامر حسن) داخازێ تێدا دکەت ژێك جوودابوون(التفریق) ناڤبەرا تەو ویدا وژبەر کو جهێ ئاکنجی بوونا تە نەدیارە لدویف ئاگەهەداریا دەستەکا هەلبژیر ناحیا بعشیقە ئاگەهدارکرنا تە بێتە کرن ل دوو ڕوژنامەییێن ڕوژانەییێ نافخویێ کو ئامادەبێ ل بەرامبەر ڤی دادگەهی ل دەمژمیر (١٠) ل سپیدەهیا ڕوژا ٢٠٢٠/٩/١٤ ول بەرۆژڤاژی ڤی جەندی دابینی ل دەرهەقی تەدا ب نەئامادەیی وئاشکرایێ هیتە کرن

دادوەر / زیرك محمد صدیق عبدالکریم

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل

ژمارە /٦/خ/ ٢٠١٩

ڕێکەوت/٢٠٢٠/٨/١٧

ئاگەهداری

ڕێڤەبەریا مە ڕادگەهینیت بفروتنا ئوتومبیلا ژمارە (١٠٣٥٩٤/دهوك تایبەت) ژ جورێ (تویوتا کرولا صالون) ڕەنگ (سبی) مودیل (٢٠١٣) یا قەرزار (سکفان علی حجی)ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣/سی) ڕوژاندا کو دەسپێدکەت ژ ڕوژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان بو زانین بهایی هاتیە دانان دبێتە (١٣,٥٣٠,٠٠٠) سیزدە ملیون وپینج سەد وسیە هزار دینار عیراقی وبو زانین ڕەسمێ لێ سەندنێ وەدلالیێ لسەر بکری نە

جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٢٧٣٤

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٧

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (بارانی کوردستان) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

هۆبەی یاسا

ژمارە: ٧٣٣٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٢١

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (طه ابابکر اودل انتیك) بۆ (بازرگانی گشتی و هاورده و هەنارەدەی کەرستەی بیناسازی/ تاك)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (طه ابابکر اودل انتیك) بۆ (بازرگانی گشتی و هاورده و هەنارەدەی کەرستەی بیناسازی/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (نزار عصمت شاکر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەروای ٢٠٢٠/٧/٢١

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە لقی کۆمپانیای (طه ابابکر اودل انتیك) بۆ (بازرگانی گشتی و هاورده و هەنارەدەی کەرستەی بیناسازی/ تاك) بڕیاری پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر لقی کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ نزار عصمت شاکر

ناونیشان/ هەولێر – بەختیاری

ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٣١٧٧٠٠٠

لەیادی 16ی ئاب دا، سڵاو بۆ منداڵە چاوگەشەکانی شەهیدانی کوردستان و هاوسەر و دایکانی شەهید



دەستڕەنگینی و لێهاتوویی ئافرەتێکی کورد

پەریهان عومەر

تارا ئەمین سەپان لەدایکبووی شاری هەڵەبجەی شەهیدە، کچی مامۆستا ئەمین سەپانی شاعیرە لە دوانزە ساڵییەوە لە سلێمانی ژیاوە، ماوەی 23 ساڵ لە ئەڵمانیا ژیاوە، بۆ ماوەی هەشت ساڵە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە قیدیۆ و خواردنەکانی ناسراوە بەتایبەت خواردنی کوردەواری کە بایەخێکی زۆری پێدەدات. هەروەها خاوەنی پەیجی (xwardni kurdi tara aminm) خاوەنی کەناڵی (tara aminm) لە یوتووب و خاوەنی چەندین ڕیکلامە لە کەناڵەکان. بۆ ماوەی دوو ساڵ چێشتخانەی هەبووە لە ئەڵمانیا لەساڵی (٢٠١٨) یەکەم پەرتوکی هونەری چێشتلێنانی چاپ کردووە کە خۆی لە ٢٦٠ لاپەڕە گرتووە. لە ساڵی (٢٠٢٠) دووەم پەرتوکی چاپی دووەمی تەواو کردووە کە ٤١٧ لاپەڕەیە. خاتوو تارا کاتێ دەگەڕێتەوە کوردستان خاوەنی چێشتخانەیە بە ناوی خواردنەکانی تارا ئەمین لە شاری سلێمانی.

تارا خانی دەسڕەنگین لە بارەی ئەوەی چی وایلێکردووە کە چێشتخانە دابنێت بۆ (خەبات)گوتی: زۆر دەمێك بوو ئاواتم ئەوە بوو کاری تایبەت بە خۆم هەبێت. ئەوە وایکرد کە چێشتخانە دابنێم دەستم پێکرد و ئیستاش خاوەنی چێشتخانەی و بزنسی خۆمم.

تارا جگە لەوەی کاردەکات دەستی نووسینیشی هەیە باس لە کتێبەکەی دەکات و دەڵێت: لە ئێستادا کتێبێکی ئەدەبیم لە ژێر چاپدایە بەناوی (تاوسەژن)، هەروەها ئامادەکاری بۆ دیوانێکی شیعریش دەکەم.

لەپرسیاری ئەوەی ئایا لە ئیستادا بە چی سەرقاڵە من لە ئێستادا سەرقاڵی وەرگێڕانی کتێبی هونەری چێشتلێنانم بەزمانی عەرەبی، هەروەها دامەزرێنەر و خاوەنی پرۆژەی خەڵاتەکانی تارام لە ژێر دروشمی با پاڵپشتی خانمان بین. نووسینەکانم لەبواری ئافرەت خۆی لە کێشەی کۆمەڵایەتی و هەڵەکانی کۆ مە لگە کۆبۆتەوە و بە بایەخە و بە وردی کاری بۆدەکەم.

هەروەها باسی لەو خەڵاتانەش کرد کە بەدەستی هێناوە گوتیی: خاوەنی چەندین خەڵاتی ڕێز لێنانم خەڵاتی الاتحاد العراقی للقوس والاهم٠ خەڵاتی یانەی وەرزشی سلێمانی٠ خەڵاتی یەکێتی ئافرەتانی کوردوستان٠خەڵاتو ڕێز لێنانی مەگەزین فوود ٠ سو پا سنا مە ی بە ڕێو بە را یە تی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی٠ سو پا سنا مە ی کە نا لی سپێدە ٠دواهەمین خەڵات خەڵاتی کاك قوباد تاڵەبانی بۆ پشتگیری ژنانی خاوەن کاری خۆیان بوو.

خاوەن یەکێک لە بەناوبانگترین پرۆژە بیناسازییە جوانکارییەکانی تاران ئافرەتێکە


ڕەنگە زۆرێك لەو میوانانەی سەردانی شاری تارانی پایتەختی وڵاتی ئێرانیان کردبێت بەسەر پردی سروشت (تەبیعەت) دا گوزەریان کردبێت و سەریان لە جوانی و دیزاینە ناوازەکەی ئەو پردە سورمابێت. جێی شانازییە کە دیزاینەری ئەمکارە جوانە خاتوونێکی گەنجی داهێنەر بە ناوی لەیلا عێراقیان 5کە ساڵی 2015 لە5 هەڵبژاردەی سەرەکی بیناسازی لەنێوان 300 کاردا لە سەرانسەری جیهان دەسنیشان کرا. بۆ زانیاری زیاتر بە کورتی تیشك دەخەینە سەر ژیانی ئەو ئافرەتە داهێنەرە.

لەیلا عێراقیان تەمەن 37 ساڵان و لەدایکبووی وڵاتی ئێرانە. لە بەشی عیلمی دیپلۆمی وەرگرتووە و زۆر خولیای وێنەکێشانی هەبووە. بینا سازی پەیوەندییەکی بیرکاری و وێنەکێشانە و ئەوەش وایلێدەکات ساڵی 2003 خۆیندن لە بەشی ئەندازیاری بیناسازی زانکۆی شەهید بەهەشتی تاران دەستپێبکات. بڕوانامەی ماستەری لە زانکۆی بریتیش لە کۆلومبیا وەردەگرێت.


لەیلا لەگەڵ هاوپیشەیەکی خۆی بە ناوی عەلیرەزا بەهزادی ساڵی 2008 بەشداری پێشبڕکێی دیزاینی ئەو پردە دەکەن و یەکەم دینەوە و پاش ماندووبوونێکی زۆر ساڵی 2015 پرۆژەکە کۆتایی پێدێت و خەڵاتی بیناسازی (ئاقا خان) وەردەگرێت. ئەو پرۆژەیە بە مەبەست و بە دروشمی (چون پردێك بۆ کۆکردنەوەی خەڵك دیزاین دەکەم) ئەنجامدرا.

هەروەها ساڵی 2011 لە دیزاینی شوێنی وەرزشی، لە دووهەم کۆنفرانسی دروستکراوە و بیناسازی خەڵاتی دووهەمی بەدەستهێنا.

لەیلا عێراقیان هەروەها لە نۆژەنکردنەوەی کەپری قوماشی بنمیچ و دیکۆری ستادیۆمی بی سی پڵیس لە وەنکۆوێری کەنەدا کە لە لایەن کۆمپانیای ئەڵمانی هایتێکس ئەنجامدرا وەك یاریدەدەری فەنی کاریکردووە.









بنیاتێ هەرکارەکێ مەزن، ئافرەتەکا ژێهاتییە



سەربەست خالد کۆچەر

د درێژیدا دیرۆکێدا خۆیایە ل چاخێ وەلاتەکێ شەر یان شۆرەش پەیدا دبیت، بەرخودان و پێشەنگیا بزاڤا ئافرەتان، باندۆر و کاریگەریا خۆ هەیە. شۆرەشا فرەنسا وەك بویەرەك دیرۆکی و گرنگ ب شێوەیێ کودەتایەك سیاسی ل فرەنسا، بیرمەند و فەیلەسوفێ نوی چاخی ڕۆشنگەری کاریگەریەکا بهێز ل سەر باندۆرا راستەوخۆیا وێ شۆرەشێ هەبوویە. مینا، ئافرەتەکا فرەنسی (شارلوت کوردای دارمان) ئێك بۆ ژ سمبۆلێن شۆرەشا فرەنسا کو ئەو وەك ناڤەك بلند د میژوویا مرۆڤایەتێدا هەر دەم زیندی مایە. یان ل چاخێ گەشەکرنا شۆرەشا پیشەسازی ل بریتانیا، خزمەتەکا وەسا پێشکێشی بزاڤا ئافرەتان کریە چ جاران ناهێتە ژ بیرکرن، چونکی ئەو خەباتا ئابووری د بەرفرهبوونێدا بوو، ئافرەتان ژی هەڤپشکی تێداکربوو، بۆنموونە ژ وان ئافرەتا (مەدام ئەکرمەن لویز) کوهوزانڤان و نڤێسەرا فەلسەفێ بوو، دەمێ راپەرینا ئافرەتان گەشە کری و ئەو کومەلێن ژ پێخەمەتی ئافرەتان خەبات کری، زۆربوون کو حکومەت نەچارکر، چاڤدێریا ئافرەتا کرێکار بکەت و داکو مافێن خۆ دەستڤەبینن بێ جیاوازیا فەرهەنگا ڕەگەزی، رامیاری و کۆمەلایەتی.

بزاڤا رزگاریخوازیا گەلێ کورد دا، پەنجێن ئافرەتا کورد ل سەر دیار بووینە. ئافرەتا کورد ب حوکمێ بارێ جوگرافی، نافچەیی، داب و نەریتێن کۆمەلایەتی و جڤاکی هەردەم مل ب ملێ زەلامی د هەمی بۆار و کارگوزاریان، و ل ئیدارە و کاروبارێن سیاسیدا، نواندنا نەخشە و ڕۆلێ خۆ سەلماندیە. ئافرەتا کورد د شۆرەشا رزگاریخوازیا نەتەوا مەدا ب تایبەت ل شۆرشا ئەیلۆلێ پشت و پەنا و هەڤسەنگەرا پێشمەرگەی بوویە. بارزانیی نەمر دبێژیت: (ئەو ئافرەتا نانی بۆ پێشمەرگەی دکەت ئەو ژی پێشمەرگەیە). هەلبەت بارزانیی نەمر و سەرکردایەتیا شۆرشێ بایەخ و گرنگی ب خەباتا ئافرەتان دایە.

دێ تیشکێ ئێخمە ڕۆحا بەرەنگاربوون و بەلاڤکرنا فەرهەنگا هۆشیاریا نەتەوەیا ئافرەتا کورد، تێکۆشەر (لەیلا قاسم)ە، دناڤ ڕێزێن ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ، و پارتی دیموکراتی کوردستاندا. ئەو کچا کورد کو ل پێناڤ هەستکرن ب بەرپرسیارەتیا نەتەوەی، نیشتیمانی، تێکۆشان ل پێناڤ چالاکییێن سیاسی و بەژداریکرنا کارا یا وێ د بزاڤا شۆرەشگێڕی یا گەلێ مەدا، میرخاسی و چەلەنگیا شەهید لەیلا قاسم، دناڤ جەرگێ دۆژمنی و زۆرداریا ڕژیما دەستهەلاتدارا وی دەمی، ب ئازا و ئازاد، ئیراده و خودان بریار، چالاکییێن سیاسی کریە. د داریّ سێدارێ دا و زالبوونا ترس ئەشکەنجەدانا دۆژمنی، لەیلا قاسم بەرگێ ئیرادێ گرت و هەلاویستێ خۆیێ نیشتیمانی پاشڤەکێشی نەکر. لەورا لەیلا قاسم ئەو بۆ ئێکەم ئافرەتا کورد شەهید بووی، بەرپەرێن میژوویێ ب شانازی ڤەنڤ و پێگەهێ وێ تۆمار کر.

د نموونەیا لەیلا قاسم دا، هەست و ڕۆحا بلندا ئافرەتا کورد بۆ قوربانیدانێ پێخەمەتژیان، ئازادی، مافێن ڕامیاری و نەتەوەی بەرجستە بوویە.

پشتی پەیدابوونا سەقامگیری و ئاشتیا سیاسی و دامەزراندنا حکومەت و پەرلەمانێ کوردستانێ و بەرەڤ دامەزراوەبوونا فەرمیا سازییێن هەرێمێ، ئێکسەر بزاڤا ئافرەتان ژی پێشەنگبوویە، باوەری ب ڕۆل و تێگەیشتنێ و پێگەهێ گرنگێ ئافرەتێ هاتیە دان ل کوردستانێ. بلندبوونا ڕێژا ئافرەتێ د ئەرك و بەرپرسیارەتیا ئەڤڕۆدا ئاماژەییێن ب هێزبوونا باوەری دانێ یە ب ئافرەتێ. هەلبەت بەرچاڤروونیەکێ بۆ دوهی و ئەڤڕۆ بکەین کو ئافرەت، یا د قۆناغا سەرکردایەتی و شادبوونا مافێن خۆ دایە بێ هیچ ڕێکگرتنەکا سیاسی و جوداهیا ڕەگەزی. بەلێ ئەڤە ڕاوەستیاننینە و نابیت بۆ ئافرەتێ، بەلکو پێدڤیە وان ئاستەنگێن جڤاکی و کۆمەلایەتی دەرباس بکەت. دیسان نابیت بهایێن پیرۆزییێن جڤاك، نەتەوە و کەلتۆرێ خۆ ژ بیر بکەت، دڤێت خەباتێ بکەت ژ بۆ دادپەروەری، یەکسانی، گیانێ ئێکدوو قەبوولکرنێ و مافێ مرۆڤی. واتە د دیرۆکێ داخۆیا بوویە ئەو وەلات و مللەتێن پێشکەفتین، نەبووینەڕێگر ل هەمبەری ماف و خەبات و بزاڤا ئافرەتێ، چونکە بنیاتێ هەر کارەکێ مەزن، ئافرەتەکا ب هێز و ژێهاتی ل پشتبوویە. ئەڤە ژ مە دهێت خواستن ب هەڤرا پشتەڤان و هەڤهەلویستێن ئافرەتێ بین بۆ داکوکیکرن ل چەسپاندنا یەکسانی و دادپەروەریا کۆمەلایەتی بۆ وەلات و جڤاکەکێ پێشکەفتی د کوردستانەك ئازاددا.

مەپرسن کێم

بیری بەرزی بارزانیم و
حەفتاو چوار ساڵ بەر لە ئێستا
لەدایکبوون و کورد پەروەریم
دوانەی خەبات و سمبولی شۆڕش بوون.
مەچەکی کوردایەتیم
شکاندنی بازووی دووژمن بوون.

شەش مەغزەنی بەشەهالەو
مەتارەی ئاوو نووردوویەک نان
تێشوی سەفەری هات و نەهاتم
ڕێگەی مان و نەمان بوون.

زۆرێک شەوان
لە ناو ئەشکەوتێکی سپڕدا
پەنجەو دەستم
لە سەرمانا هەڵ لەرزیون
ژوانم لەگەڵ سەنگەر و
نیگام لەسەر سێرەی چەکدا
هەر بۆ داگیرکەر و دووژمن بوون.

تەماشای قەدوو بالای مێژووم کەن
لە هیچ شەڕەکان
بالای کەڵەگەتم نەچەمیوە
تا هەنووکەش.. هەدا نادەم
ماندوویی ڕۆژێک
لە شەوێکدا بکەمە میوانی.
زۆرێک بەیانیان
هەنجیرێکی ڕەش
بەنانێکی تەندووڕەوە،
کردوومەتە نانی بەیانی.

لە زۆر داستانان
چۆڕاوگەی خوێن
بەخوڕ لە زامم ڕژاوە.
ئێشی ئەو زامە سەختەم
بە بنێشی دارەبەنێ
بە جامانە پێچاوە.

لە ڕۆژانی تەنگانەدا
سێرەی چەکی پێشمەرگەم و
نەیارانم پێ دەبیندرێ.
ئەمڕۆ ئەبێت، یاخود سبەی
کوردستانم پێدەسپێردرێ.

دڵشاد میراودەلی





شاعیر و نووسەر سروە سالّەیی بۆ خەبات:

مرۆڤ بۆ ئەوەی لە شیعر تێبگات دەبێت لە کەلتوور و زمان و ڕەسەنایەتی ئەو گەلە تێگەیشتبێت

بەهیوام بتوانم خزمەتی نیشتمان بکەم



دیمانە/ حەمید سورچی

شاعیر و نووسەر سروە سالّەیی لەم دیمانەیەدا لەگەڵ خەباتدا تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی ناوێتەبوونی لەگەڵ جیهانی شیعردا و کاریگەری خوێندنەوە و بەهرە لەسەر شیعر و چەند پرسێکی تری پەیوەست بە ئەدەب و شیعر شرۆڤە دەکات.

لە دەسپێکدا پێناسەیەکی خۆت ڕیانامەتان؟

سروە محەمەد شەریف ڕەشید سالّەیی ١٩٧٦ لە هەولێر لە دایکبووم و ناسراوم بە (سروە سالّەیی). هەر لە هەولێر بوومە وگەورە بوومە، خوێندن و ژیانم لەگەڵ خانەوادەکەم گوزەراندیە، ئیستاش ماوەی شانزە ساڵە لە تۆسڵۆ پایتەختی نەرویج ژیان دەگوزەرێنم لە گەڵ خێزانە خۆشەویستەکەم.. واتا هاوسەر ومندالّەکانم ...کە جیهانێکی بچوکراوەی منن.هەرلە هەولێر قۆناغەکانی خوێندنم تا پەیمانگەی دەدانسازی تەواوکردیە، بەڵام دوای خوێندن وەک مامۆستا کارمکردیە نەک بوارەکەی خۆم .. ئێستاش لە (تۆسڵۆ)ی پایتەختی نەرویج وەک مامۆستایەک کارگوزارم ..

چۆن لەگەڵ دونیای شیعردا ئاوێتە بوویت؟

لە زۆر منداڵیەوە پێنوس وکتێبم لە دەستخۆم بینیوە لە قۆناغی ناوەندی مامۆستایانی کوردی هەڵیانبژاردم کە هەموو هەفتەیەک ڕۆژی شەممە لە حەوشی قوتابخانە وتارێک دەربارەی کوردستان وخۆشەویستی نیشتمان بنوسم وبخوێنمەوە ئەوەش تا قۆناغەکانی دوا ناوەندی بەردەوام بوو لە زۆر پێشبڕکێ قوتابخانەکانی لەسەرئاستی هەولێر بەشدار بوومە هەر ئاستی باشترینم هێنایە بۆ ناوبانگی قوتابخانەکەم کە قوتابخانەی هەولێری کچان ئەوکات بەناوی گەلاوێژیش بوو ... ناو بەناو نوسینەکانم کۆ دەکردەوە بەڵام زۆریان لە بەین چوون چونکە کەسێک نەبوو پشتگیرم بکا یا ئامۆژگاری کۆکردنەوەیان ..دوو وتارم ئەوکات هاورێیەکم لە قوتابخانە بێ ئاگایی خۆم بردبووی وبۆی بڵاوکردمەوە یەکیان لە گۆڤاری قوتابی هەبوو ئەوسەدەمی ئەوی دیان لە ڕۆژنامەی گوڵان ئیستاش ئەو دوو دانەیەم پاراستووە، لەپەیمانگە لەسەرئاستی پەیمانگە بەشدار بووم بە شیعرێک لە یادی ڕۆژنامەگەری کوردی پلەی یەکەمم بەدەستهێنا لە شعرەکە و جۆریەتی وچۆنیەتی خوێندنەوەی ...هەروا بەردەوام بووم وبەهیوام بتوانم خزمەتی نیشتمان بکەم بە وشەکانم کە خۆشەویستیەکەم وەک پێشمەرگەیەک بۆ خاک زۆر خاکیە لەناخمەوە بە خۆشەویستی کوردستان دەگەشێمەوە ..

ئاوێتە بوونم لەگەڵ دنیای شیعردا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرلە هەرزەکارییەوەیە بەڵام زۆر ئەو هێڵەم توند نەگرت ئەوەش پەشیمانم لێ کە زۆر شیعری جوانم لێ ون بوو وزۆر بە هەرەمەکی کاتم بۆ نوسین دادەنا، شیعر ژانرێکی ئەدەبی ڕەسەنە و لەگرنگیەکانمە .لەیانزەساڵیەوە هێڵکاری و کورتە دارشتنی ئەدەبیم نوسیە و لە کەشکۆڵێکی بچوک کۆمەدەکردنەوە وپاشان نازانم بۆ تورەمەدان ،ئەو سەردەمی گۆڤاری کاروان هەبوو کە گۆشەی شیعر وئەدەبیاتم لەخۆدەگرت ،زۆرکات وشە قورس وتێر ماناکانم لای خۆم دەنوسیەوە ..وەک کەرەستەی شیعری بەکارم دەهێنان ،شیعر کۆڵەکەی ڕوحی ئەدەبیاتە تەژییە لە جوانی پێم وابێت شعر فریادڕەسی ئەدەبیاتە و لە لوتکەیەدایە بەهیچ شێوەیەک حەزناکەم شیعرێک بخوێنمەوە زوو تێبگەم وهەموو گرێیەکانی کراوە بن ڕەوانبێژیەکەی بەهێز نەبێ، شیعر بەدەرلەوەی بەهرەیە دەبێت ئەو بەهرەیە زۆر سەنگین بێت ئەوەش لەسەر ئاستی شاعیر وەستاوە.

کام لە شاعیرانی کورد کاریگەری بەسەرتەوەهەیە؟

وەک کاریگەر زۆرم حەز بە شیعرەکانی مامۆستای بلیمەت لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس وعەبدوڵلا گۆران دەکەم ،لە سەردەمی منداڵیم ئەوها یانزەساڵ دەبووم نامیلکەی شاعیرەیەکم دەخوێندەوە بەناوی دکتۆرە نەسرین وابزانم کتێبەکە ناوی (من وێناوی برینی تۆم) بوو ، و شێوازێکی زۆرجوانی بەرگری وخۆشەویستی نیشتمان بوو زۆر کاریگەری لەسەرمەوە مایە ...ئەوان داهێنەرن لە ڕێباز وشێوازی شیعر کە پەیکەری ڕەوانبێژی ڕووداو وتابلۆیەکی چیرۆک ئاسا دەبەخشنە خوینەران وشەگەلێکی زۆریان لە شیعر دا بەخشیە گەنجینەی شیعریان زۆر زەنگین وپڕە لە وشە و لە ڕەوانبێژی کاتێ تێکستێکی ئەو شاعیرانەی ناومبردن دەخوێنیەوە دەچیە جیهانێکی تەواو جیاواز کە پڕن لە کەسایەتی ئەندێشەیی و ڕووداوی ڕاستی . مرۆڤ کە ئاستی زمانەوانی بەرز نەبوو ناتوانێ هۆنراوەی پڕ وشەسازی وپەیکەری ڕەوانبێژی ساز بکا، ئەوان وچەندەها پێنوسی جوان لە نیشتمانمان هەن کە دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی سازگار تێنوویەتی وشە وبنەمای ئەدەبیاتیان لێنی بشکێنین ، فێرگەیەک بن بۆ نەوەکانمان ..

قسەت چییە لەسەرشێوازی تاییەت لەنووسینی شیعردا، دوورلەلاسایکردنەوە؟

مرۆڤ بۆئەوەی لە خۆدی خۆی تێبگا ونابێت لاسایی کەس بکاتەوە،دەکرێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی نوسین وتێگەیشتن گوێ بگرین بۆ کەسانی خاوەن ئەزمون بەڵام نابێت دووبارە بین ،مەرج نیە قەبە و قەبارە گەورە وناوبانگ دەرکەین، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار پڕ وتێروتەسەل دەبین لە ئەزمونێک کە بەهەمووی خۆمانە دەردەکەوین ،گرنگ خزمەتی نیشتمان بکەین ...ئیدی وایە لە دارستان داری گەورە وبچوک هەیە بچوکەکان بە پەروەردە وپشتگیری گەشە دەکەن ....

لە شیعریشدا گەر من شێوازی خۆم نەبێت و لەنێو چەندەها جۆری شیعر نەناسرێتەوە کەواتە هیچم پێشکەش نەکرد بۆ دەرکەوم ...،فلۆبێر دەڵێت :شاعیر بریتیە لە شێواز نەک ناوەڕۆک چونکە شێواز قورسە کەم کەس دەتوانن دەرکەن بە شێوازی خۆیان نەک ناوەڕۆک کە هەموو شاعیرێك دەتوانێ دایڕێژێت ...شاعیر دەبێت وەک هەر بەهرەیەکی ئەدەبی جێ پەنجەی خۆی دیار بێت لە بەهرەکەی..لاسایی ناتگەیەنێتە هیچ شوێنێك تەنیا خۆ ماندوو کردنە وهیچیتر یا بە کوردیەکەی چنگ گیر کردنە لە خەرمانی کەسانی دی ،و بردنی بیروهزر و ماندووبوونی کەسانی کارامە، بۆیە درەنگ دەرکەوتنم پەیوەست بوو بەو جیاوازبوونە هەر لەسەرەتاوە بڕیارمدا خۆم بم وەک هەست وژینگەی خۆم بنوسم بە چاوپۆشین.

سڵاو دەنێرین بۆ سەرجەم چین و تۆێژەکانی گەلە خۆڕاگرەکەمان کە لەهیچ بارودۆخێکدا سەریان بۆ دوژمن شۆڕ نەکرد

خەبات | www.xebat.net | چوارشەممە 2020/8/19 ژمارە(5990) | # ماسك بەستن | کاروباری نێودەوڵەتی | 13 | 74 | ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٦ ئاب ١٩٤٦ - ١٦ ئاب ٢٠٢٠

لوبنانییەکان بەردەوامن لە دەربڕینی ناڕەزایی







هەزاران کەس لە گۆڕەپانی شەهیدان ناوەندی شاری بەیروت پایتەختی لوبنان گردبوونەوە و هوتافیان لە دژی سەرکۆماری لوبنان، میشێل عۆن و ئەو گرووپە سیاسیانە گوتەوە کە چەندین ساڵە دەسەڵاتیان لەو وڵاتە گرتووەتە دەست. لە خۆپیشاندانەکەدا هوتافەکانی وەکو «رۆژی لێپرسینەوە»، «تۆڵەی ئەو کەسانەی کە لە تەقینەوەکەی بەیروت گیانیان لەدەستدا»، «ئەم دەرفەتە لەدەست نادەین بۆ گۆڕینی دەسەڵات» گوتەوە. هاوکات خۆپیشاندەران هەوڵیان دا رێگەی پەرلەمان بگرنەبەر کە چەندین مانگە بەهۆی خۆپیشاندانەکانی قەیرانی ئابووری بە بەربەستی کۆنکرێتی و ئاسنین داخراون.خۆپیشاندەران بە هاوبشتنی بەرد وەڵامی ئەو پۆلیسانەیان دایەوە کە بە بەکارهێنانی گازی بیبەر رووبەڕووی خۆپیشاندەران بوونەوە.لەلایەکی دیکەوە خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی شەهیدان، وێنەی سەرۆکی پەرلەمانی ئەو وڵاتە، نەبیە بەری و ئەمینداری گشتی حزبوڵڵای لوبنان، حەسەن نەسروڵڵا-یان لەسەر داری سێدارە هەڵواسی کە بە شێوەیەکی سیمبولی لەو گۆڕەپانە ریزکراون.بەپێی ئەو راگەیەندراوەی لە یەکەکانی ئاسایشی ناوخۆی لوبنان بڵاوکراوەتەوە، تێدا ئاماژە بەوە کراوە کە بە تێگەیشتنەوە دەڕوانە تورەیی خۆپیشاندەران بەڵام پێویستە خۆبەدوور بگیرێ لە توندوتیژی و زیانگەیاندن بە مووڵکی گشتی.هاوکات خاچی سووری لوبنانی رایگەیاند کە لە رووبەڕووبوونەوەی نێوان خۆپیشاندەران و پۆلیس لە نزیک باڵەخانەی پەرلەمان چوار خۆپیشاندەر بریندار بوون و رەوانەی نەخۆشخانەکان کراون.

-دەستلەکارکێشانەوەی پەرلەمانتاران بەردەوامە

سەرۆکی گشتی پارتی کەتایبی کریستیان، سامی جومەیل بەشداری لە رێورەسمی ماتەمینی سکرتێری گشتی پارتەکەی، نزار نەجاریان کرد کە لە تەقینەوەکەی رۆژی سێشەممە رابردووی بەندەری بەیروت گیانی لەدەستدا.سامی جومەیل رایگەیاند کە خۆی و ئەندامانی دیکەی پارتەکەی نەدیم جومەیل و ئیلیاس هانکێش دەستبەرداری ئەرکی پەرلەمانتاری دەبن.سامی جومەیل رووی قسەکانی ئاراستەی سەرکۆماری لوبنان، میشێل عەون کرد و گوتی: «رێکەوتی ٤ی ئاب دەبێتە لەدایکبوونی لوبنانێکی نوێ لەسەر داروپەردووی ئەو لوبنانەی پێشوو کە ئێوە نوێنەرایەتیتان دەکرد».گوتیشی: «شەڕ لەپێناو ئەو لوبنانە دەکەین کە دەمانەوێت. رێگە نادەین هیچ کەسێك داپەشی بکات. هەموومان یەك گەلین و هەڵدەستینەوە سەرپێ و دۆخەکە دەگۆڕین، کار بۆ ئەمەش دەکەین».پارتی کەتائیب خاوەنی 3 کورسییە لە کۆی 128 کورسی پەرلەمانی لوبنان.لەلایەکی دیکەش پەرلەمانتاری سەربەخۆ، پاولا یەعقوبیان لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەر دەستلەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاندبوو و داواشی کرد کە گشت پەرلەمانتاران دەستلەکاربکشێنەوە.



مانشێت

ئۆبزێرڤەر:



لە باشووری رۆژهەڵاتی شاری قامیشلی سووریا فڕۆکەکانی ئەمەریکا پێگەیەکی سەربازیی سوپای رژێمی ئەسەدیان بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا سەربازێك کوژرا و دووی دیکە بریندار بوون.

یۆرۆ نیوز:




بوومەلەرزەیەکی بەهێز بە گوڕی 6.7 پلە لە ناوەڕاستی فلیپین رووید و دەسەلاتداران رایانگەیاند بوومەلەرزەکە لە قوڵایی زەوی بووە بۆیە چاوەڕێ ناکرێ تسۆنامی رووبدات.

ئەی ئێف پی:



بەر لە نیشتنەوەی لە واشنتۆن ، فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوان تا ئاستێکی زۆر لە فڕۆکەی دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمەریکا نزیك کەوتەوە ، بەرپرسانیش دەڵێن سەرۆکی وڵات لە ئەگەری ڕووداتی کارەساتێك رزگاری بووە.

ئیلاف:



سەرۆکی مەکسیك رایگەیاند ئەگەر ڤاکسینەکەی ڕووسیا کاریگەریی ئەوتۆی هەبێ ئەو بەر لە هەمووان بەکاری دێنێ.

رۆیتەرز:



چەند کاتیۆشایەك ئاراستەی ناوچەی دیبلۆماسی شاری کابوڵی پایتەختی ئەفغانستان کران و لە ئەنجامدا زۆربەی بالیۆزخانە و کونسولخانەکان داخران.

کەنالی ئار تی:




وەزارەتی دەرەوەی ئسپانیا بەنیازە سزا بەسەر ژمارەیەك کەسایەتی بیلاروس بسەپێنێ بەهۆی ئەنجامدانی پێشێلکاریی لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەی ئەو وڵاتەدا.



عەرەب لە نێوان (ئیمارات و ئیسرائیل)دا

یونس حەمەد - ئۆسلۆ

لە ساڵی 1979 بۆ یەکەم جار دوای سەردانی محەمەد ئەنوەر سادات بۆ ئیسرائیل ڕێککەوتنامەی ئاشتی نێوان هەردوو لایەنی سەرەکی لە ململانێی عەرەب ئیسرائیل ، واتا میسر و دەوڵەتی ئیسرائیل لە کامپ دێڤید لەژێر سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیمی کارتەری سەرۆکی ئەوکات مۆر کرا ، دوای ئەم مێژووە ئیتر بە کردەوە تارادەیەکی زۆر کێشەکانی نێوان هەردوولا بەرەو هێورببونەوە چوون، مناهیم بێگنی سەرۆك وەزیران و ئەنوەر ساداتی سەرۆك کۆماری میسر ڕێککەوتنە مێژوویی کەیان مۆر کرد ، کە دواتر بە لایەنی ئەرێنی و نەرێنی ئەو ڕێککەوتنە دەنگی دایەوە ، زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و هاوپەیمانیان لەلایەك دەستخۆشیان لێ کرد ، لەملاشەوە وڵاتانی عەرەبی و موسڵمان بە تووندی دژی وەستانەوە و کار گەیشتە ئەوەی بچڕاندنی پەیوەندییەکانی نێوانیان وێڕای نیشاندانی هەستی ناڕەزایی چ بە خۆنیشاندانی سەر شەقام یان پەیوەندی سیاسی و ئابووری و دیپلۆماسی، شەقامی عەرەبی بەهۆی ڕاگەیاندن و میدیاوە زۆر بە تووندی دژی ئەم ڕێککەوتنەی کامپ دێڤید وەستایەوە ، ڕۆژانە بە هەموو جۆر و شێوازێك تەشهیر بە سادات و حکومەتی میسری دەکرا ، میسر لە ڕووی ئابوورییەوە نزیك ببۆوە لە داڕمان و هیچ شتێك بەرانبەری نەمابوو تەنیا درێژکردنی دەستی ئاشتی بوو بۆ ڕۆژئاوا و ئیسرائیل ، ئەوە بوو محەمەد ئەنوەر سادات سڵی لەوە نەکردەوە و کارە ئاشتیخوازییەکەی ئەنجام دا .. دوای بچڕانێکی زۆر لەو پەیوەندیانە وردە وردە وڵاتانی عەرەبی چ بە ئاشکرا یان لەژێرەوە لەگەڵ کۆماری میسری عەرەبی پەیوەندییان ئاسایی کردەوە ، تەنیا چەند دەوڵەتێك نەبێت وەك سووریا و جەزائیر و لیبیا و سودان کە بەرەبەکیان بە ناوی بەرەنگاربوونەوە دامەزراند ، ئەگەر چی هەندێك لە وڵاتان هەر لە سەرەتادا پەیوەندییەکەیان هێشتەوە و نەیانپچڕاند وەك سوڵتانی عومان ، بەڵام هیچ ئاڵوگۆڕییەك نەدەبینرا تەنیا بۆ ئەوە بوو سوڵتان عومان بێ لایەنی نیشان بدات کە پێی ناسراوە ، دوای ئەوەی بە ناو ڕاپەڕینەکەی خەڵکی فەلەستین لە ساڵی 1987 سەری هەڵدا عەرەبەکان بە ئاشکرا خۆیان لە میسر نزیك کردەوە و حوسنی موبارەك ڕۆڵێکی بەرچاوی لە نزیکبوونەوەی ئەو پەیوەندیانەدا هەبوو ، بەڵام ئەوەی زیاتر دۆخەکەی ئاڵۆز و شل کردەوە لە هاوینی 1990 عەرەب بووە دوو بەش ، ئەو سەردەم بوو سوپای عێراق کوێتی داگیر کرد ،ئینجا هیچ شتێك نەما بە ناوی بچڕاندنی پەیوەندییەکان ، لەم ڕوانگە و بەرەدا میسر ڕۆڵی سەرەکی خۆی لە ناو عەرەبەکاندا هێنایەوە شوێنی خۆی و بەشداریی کارای لە ڕزگارکردنی کوێتدا کرد لە پاڵ سوپاکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.. بەهۆی گوشاری زۆری عەرەب لە 1993 سەرەتا لە مەدرید چەند کۆبوونەوەیەکی نهێنی بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی نێوان عەرەب و فەلەستین و لەملاشەوە ئیسرائیل بەرێوەچوو بۆ تیگەیشتنی زیاتری نێوان ئەو دوو لایەنە ناکۆکیەکەی چەندین ساڵە لە کۆبوونەوەی مەدرید لەپاشاندا ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆی لێ کەوتەوە دواتر لە 13 سێپتەمبەری 1993 لە واشنتۆن بۆ یەکەم جار بە ئاشکرا بە سەرپەرشتی بیل کلینتۆن سەرۆکی ئەوکاتی ئەمریکا هەردوو کەسایەتی فەرمی فەلەستینی و ئیسرائیل شیمۆن پیریز و یاسر عەرەفات واژیان لەسەر کرد کە دواتر ناونرا ڕێککەوتنامەی ئۆسلۆ ، چونکە لە ئۆسلۆ پایتەختی نەرویژ ڕێککەوتنەکە ئەنجام درا ، بەڵام لە واشنتۆن واژوو کرا ،لە سەروبەندی ئەمانەدا و لە هەمان ساڵدا و بە هەمان شێوەی یەکلایەنەی میسر و ئیسرائیل ئەمجارە ئوردەن بۆ ئیسرائیل هاتە پێش و ڕێککەوتنی ئاشتیان مۆر کرد .. ئەوەی بۆ ڕای گشتی جیهانی عەرەبی و جیهان بە گشتی زۆر گرینگە ڕێککەوتنی نێوان میرنیشنی ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبییە لەگەڵ ئیسرائیل کە بڕیارە لە ئایندەیەکی نزیکدا لە واشنتۆن لە نێوان هەردوولا و لەسەر ئاستیکی باڵا واژوو بکرێت ، ڕێککەوتنی ئیمارات شێوازێکی دیکە لەم ململانێیە ،چونکە ئەم میرنشینە وڵاتی سەر سنووری ئیسرائیل نیە و لە ڕووی مەوداوە لە یەکتر دوورن ، کە ڕێککەوتنیان کردووە هۆکارەکە فەلەستین نیە ،بەڵکو شتی تر لەم سۆنگەیەوە بەدی دەکرێت ! پێشبینیە فەرمی و نافەرمییەکان ئەوە دەردەخەن کە دوای ڕێککەوتنی ئیمارات چەندین ڕێککەوتنی دیکەی هاوشێوە نێوان عەرەبەکان و ئیسرائیل مۆر دەکرێن و زۆرترین چاوێش لەسەر پاشانشینی سعودیایە لە ئامادەباشیش دایە بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ دەوڵەتی عیبری ، ئەمەش دوای ئەوە دێت بە ئاشکرا عەرەبەکان و بەتایبەت کەنداوییەکان دەڵێن ئەو هاتوهاوارەی 70 ساڵی ڕابردوو هیچ ئاکام و سوودێکی نەبوو بۆیە تەنیا ئاشتی ڕێژەوی هەموو پرسەکان دەکاتەوە.



کاریکاتێر (وەرگیراوە)

ئەمشەو بۆ گەیشتن بە یاریی کۆتایی

لیۆنی فەڕەنسی دەیەوێت بایرن میونشنی ئەڵمانی تووشی شۆک بکات





ئەمشەو کاتژمێر 10ی شەو بەکاتی هەولێر لەسەر یاریگای خۆسی قەلەدی پورتوگالی دوا یاریی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا لەنێوان بایرن میونشنی ئەڵمانی و لیۆنی فەڕەنسی بەڕێوەدەچێت.

یانەی بارن مونشین دوای بردنەوە گەورەکەی بەسەر یانەی بەرشلۆنەدا، ئێستا تاکە پاڵێوراوی بەهێزی بردنەوەی ناسناوەکەیە، بەتایبەتیش کە لەنێو ئەوانەی گەیشتبوونە ئەم قۆناغەی پێشبڕکێیەکە، تاکە یانەیە کە ناسناوەکەی بەدەستهێنابی، بۆیە ئەو یانەی ئەڵمانیە دەیەوێت بەربەستی لیۆن ببڕێت و خۆی بگەیەنێتە یاری کۆتایی و لەوێش جامەکە بۆ شەشەم جار لەمێژوویدا بەرزبکاتەوە.

یانەی بایرن پێناچێت هێندە لە ڕووبەڕووبوونەوەی لیۆن بترسێت، چونکە پێشتر هەر لەم پاڵەوانێتییەدا لە ساڵی 2010 دووجار ڕووبەڕووی بۆتەوە و هەردووجار لە چوون و گەڕانەوەدا لێی بردۆتەوە، بەڵام یانەی لیۆن وابەئاسانی نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغە، هەروەك مۆلەری هێرشبەریان رایگەیاندبوو سەبارەت بەم یارییە کە گوتبووی ئەمە قۆناغی هەشت و قۆناغەکانی تر نییە، ئێمە ئێستا لەقۆناغێکین بۆ بردنەوەی ناسناوەکە و پێویستە بە ئاگادارییەکی زۆرەوە یاری بکەین و یانەی لیۆن باشی بزانێت و هیچی نییە لێی بترسێت کەلەدەستی بدات.

لەبەرامبەردا یانەی لیۆن بەمتمانەیەکی بەهێزەوە ئەو یارییە داکات، هەروەك ڕۆدی گارسیای ڕاهێنەر دەڵێت: بڕوایەکی تەواومان بەخۆمان هەیە، بەڵام لێرەدا دەبێ ئەنجامێك بەرامبەر بایرن بەدەستبهێنین کە ئەوان شۆك بکەین.

پێشتر چەندین ناسناویان بەدەستهێناوە



سێ یاریزانی کوردی هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانێتی کاراتێی وڵاتانی عەرەب دەکەن

خەبات: عەلی بانیشاری-خورماڵ

کۆتایی ئەم مانگە پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب بۆ وەرزشی کاراتێ(کاتا) بەشێوەی ئۆنلاین لە تونس بەڕێوەدەچێت و سێ یاریزانی یانەی وەرزشی کاراتێی خورماڵ لە چوارچێوەی هەڵبژاردەی کاراتێی عێراقدا بەشداری دەکەن. ڕاهێنەر و سەرپەرشتیاری گشتی کاراتێی خورماڵ دەڵێت: خۆمان بۆ پاڵەوانێتیەکە ئامادەکردووە و چاوەڕوان دەکەین یەکەم بین.

سۆران زاهیر، سەرپەرشتیاری گشتی کاراتێی خورماڵ و ڕاهێنەری پلەیەکی کاراتێی کوردستان و عێراق بە (خەبات) ی گوت: هەرسێ یاریزانی کاتا (بینەر مستەفا، پەژار مەدی، یوسف سەلام) کە یاریزانی یانەی وەرزشی خورماڵ و هەڵبژاردەی کاراتێی عێراقن بەشداری پاڵەوانێتی کاراتێی وڵاتانی عەرەب دەکەن. گوتیشی: خۆمان بۆ ئامادەکردووە و ئاوبریارە کۆتایی ئەم مانگە سەرجەم وڵاتانی عەرەب بەشداری پاڵەوانێتیەکە بکەن.

لەبارەی شێوازی بەڕێوەچوونی پاڵەوانێتیەکە، ناوبراو گوتی: هەڵبژاردەی عێراق ڕۆژێکیان بۆ دیاری دەکات کە ئێمە یاریەکە لە هۆڵی خۆمانەوە لە شارۆچکەی خورماڵ ئەنجام بدەین و پاشان ڤیدیۆی یاریەکە بۆ هەڵبژاردەی عێراق بنێرین و ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بۆ دادوەرانی پاڵەوانێتیەکەی بنێرن. سۆران زاهیر لەبەر بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا یەکەمجارە پاڵەوانێتیەکە بەشێوەی ئۆنلاین بینەر مستەفا، یەکێك لەو سێ یاریزانەی کە بڕیارە بەشداری لە پاڵەوانێتی کاراتێی وڵاتانی عەرەب (خەبات)ی گوت: ماوەی هەفتەیەکە خۆمان بۆ پاڵەوانێتیەکە ئامادە کردووە و ڕاهێنانەکانمان زۆر بەباشی بەڕێوەدەچێت و دڵخۆشین کە بۆ جارێکی دیکە بەشداری پاڵەوانێتیەکە دەکەینەوە. دەشڵێت: ساڵی ڕابردوو لە پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەب لەگەڵ دوو یاریزانەکەی هاوڕێم (پەژار مەهدی، یوسف سەلام) توانیمان پلەی سێیەم بەدەستبێنین، بەڵام ئەمساڵ چاومان لە پلەی باشترە.

ئەمساڵ یانەی وەرزشی کاراتێی خورماڵ بەشێوەی ئۆنلاین بەشداری دوو پاڵەوانێتی لە تاران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و توانیوویەتی لە هەردوو پاڵەوانێتیەکەدا پلەی یەکەم بەدەستبهێنێت. یانەکە لە 1994 دامەزراوە و لەئێستادا خاوەنی زیاتر لە 170 یاریزانی کاراتێیە لە هەردوو بەشی کاتا و کۆمێت لە سەرجەم ئاستەکاندا.

هەرکاتێک گەیشتبێتە فایناڵ

ناسناوەکەی بەدەستهێناوە



بۆ جاری شەشەم لە مێژوویدا، یانەی سێڤیا گەیشتە یاریی کۆتایی جامی یەکێتیی ئەوروپا (یۆرۆپالیگ)، دوای ئەوەی شکستی بە یانەی مانچێستەر یونایتد هێنا و بە ئەنجامی دوو گۆل بەرامبەر بە گۆڵێك لێیبردەوە.

یانەی سێڤیای ئیسپانی وەك تاکە نوێنەری ئیسپانیا لەسەر ئاستی پاڵەوانێتییە ئەوروپییەکان ڕکابەریی دەکات و هیچ یانەیەکی ئینگلیزیش لە خولە ئەوروپییەکان نەماوە، دوای ئەوەی مان یونایتد و مان سیتی لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا لە یۆرۆپالیگ و چامپیۆنزلیگ مانئاواییانکرد.

سێڤیا جاری شەشەمە دەگاتە کۆتایی، پێشتر پێنج جار بووەتە پاڵەوانی ئەم پاڵەوانێتییە لە ساڵەکانی 2006, 2007, 2014, 2015, 2016, ئەو تیپە بە پاشای ئەم خولە ناسراوە و خاوەنی زۆرترین نازناوە، هەرکاتێك گەیشتبێتە فایناڵ بەدەستیهێناوە.

ڕۆنالد کومان دەبێتە ڕاهێنەری بەرشلۆنە



سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی ئیسپانیا چەندین بەڵگەی ڤیدیۆیی و وێنەیان بڵاوکردۆتەوە کە ڕۆنالد کومان نزیکە لە دەستنیشانکردنی وەك ڕاهێنەری نوێی بەرشلۆنە.

ڕۆژنامەی مارکا بە مانشێتێك نووسیویەتی:ڕۆنالد کومان ڕاهێنەری داهاتووی بەرشلۆنەیە. مانگێك لەمەوبەر خانوویەکی لە شاری بەرشلۆنە کڕیوە و ڕۆژی یەکشەممە گەیشتە هەرێمی کەتەلۆنیا.

کیکی ماتیۆ ڕۆژنامەنووسی ئیسپانیا لەوبارەوە نووسیویەتی: "ڕۆنالد کومان خراپترین ڕاهێنەرە لە مێژووی ڤالێنسیا، پێم سەیرە بەرشلۆنە چۆن بیر لەو ڕاهێنەرە شکستخواردووە دەکاتەوە.

دوای بەدەستنەهێنانی هیچ پاڵەوانێتیەك لەمساڵدا و دۆڕانێکی ئابڕووبەرانە لە چامپیۆنزلیگ ، کارگێڕی یانەی بەرشلۆنە یەکەم کاردانەوەی دوورخستنەوەی کیکی سیتین و هێنانی ڕاهێنەرێکی نوێ دەبێت بۆ یانەکە.

یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی هەنگاریا بۆ خەبات دەدوێت

دۆرینا دیمیتار: هەرگیز ئەوە لەبیر ناکەم کاتێک لە پیا کراملینگی پاڵەوانی ئافرەتانی جیهانم بردەوە









دیمانە/ هاوار مورتکەیی

دۆرنا دیمیتار Dorina Demeter خانمە شەترەنجزانە لاوەکەی هەنگاریا، یەکێکە لە شەترەنجزانە دیارەکانی ئەمڕۆی هەنگاریا و تەنانەت ئەوروپاش، بەتایبەتیش دوای ئەوەی لە یەکێ لە پێشبڕکێیەکانی وڵاتەکەی توانی لە پیا کراملینگی پاڵەوانی ئافرەتانی جیهانی بباتەوە، ئەمە بۆ ئەو پازدانێکی گەورە بوو لە کاروان ژیانی وەرزشی و زیاتر بایەخ بەخۆی بدات، ئەوەبوو زۆلتان ریبیلی بووە ڕاهێنەری کە ڕاهێنەری لاوانە لە یەکێتی شەترەنجی هەنگاریا، لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات چەند پرسیارێکی لەبترەی خەون و ئەنجامەکانی لێکرد و بەمشێوەیە وەڵامی داوە.

بروانامەی ماموستای نێودەوڵەتی

دۆرینی تەمەن 15 ساڵان دەڵێت: کاتێك تەمەنم 17 ساڵ بوو توانیم بڕوانامەی مامۆستای نیودەوڵەتی شەترەنجی ئافرەتان بەدەست بهێنم، کە ئەمەش بۆ من لەوتەمەنەدا زۆر گرنگ بوو، لەشاڵی 2018 بەشداری پاڵەوانێتی جۆدێت پۆڵگارم کرد و لەوێ کەوتمە بەرامبەر پیا کراملینگ کە هەڵگری ناسناوی ئافرەتانی جیهانە، خۆشبەختانە توانیم ئەو یارییە ببەمەوە، ئەمە زیاتر هانیدام کاتەکانم بۆ یاری شەترەنج تەرخان بکەم، بەتایبەتیش لەوەی کە وازم لەخێندن هینابوو، دواتر لەگەڵ زۆلتان ریبیلی هەڵگری بڕوانامەی گراندماستەرە و لەهەمان کاتیش ڕاهێنەری لاوانە لە یەکێتی شەترەنجی هەنگاریا، ئەو ئێستا ڕاهێنەرمە، ڕۆژانە ڕاهێنان دەکەم و لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی فێربوونی زمانی ئینگلیزی دەدەم و لەهەفتەیەکدا 15 کاتژمێر وانەی فێربوونی ئینگلیزی دەخوێنم، بۆئەوەی بتوانم زیاتر بایەخ بە وەرزشەکەم بدەم.

دوو جار پاڵەوانی هەنگاریا بووە

دواتر دۆرینای کچەشترەنجزانی لاوی هەنگاری گوتی: دەسکەوتم زۆرن، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەو ئەنجامانەم بدەم کە شانازی پێوەدەکەم، لەوانە لەخوار تەمەنی 8 و 10 ساڵیدا توانیم ببمە پاڵەوانی هەنگاریا، دواتر کەتەمەن بووە 11ساڵ و 11 مانگ توانیم بڕوانامەی مامۆستای نێودەوڵەتی ئافرەتان بەدەست بهێنم WFM ، هەروەها توانیم یەکەمی پاڵەوانێتی جۆدێت پۆلگار بەدەست بهێنم لە ساڵی 2017، هەروەها پاڵەوانێتی دواتر لە ساڵ 2018، ئێستاش لەبەر بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە لەڕێگای ئۆنلاینەوە بەشداری پاڵەوانێتییەکان دەکەین و هەروەها ڕاهێنا نە کا نیشم لەگەڵ ڕاهێنەر لە ڕێگای ئۆنلاینەوە.

گەیشتە هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی

لەسەروبەندی تەواوکردنی ئەم دیانەیە بوو دۆرینا پەیوەندی پێوەکردم و گوتی هەواڵێکی خۆشم پێیە حەزەکەم لە دیانەکەدا ئاماژەی بۆ بکەی کە هاتنەدی خەونێکی دیکەمە، ئەویش لە ڕیزی هەڵبژاردەی ئۆڵۆمپی هەنگاریا وەرگیرام ئیتر لەمەودوا بەدرێسی هەڵبژاردەی هەنگاریا بەشداری لە ئۆڵۆمپیادەکانی جیهانی دەکەم و بگومان لەمەش خۆشتر نییە نوێنەرایەتی وڵاتەکەت بکەی بەشەداریيە ئۆڵۆمپییەکاندا، بۆیە زۆر دڵخۆشم و لەهەمان کاتیش هەستەکەم ئەرکەکەم قورستر بووە، چونکە کاتی زیاترم دەبێ بۆ ڕاهێنان و شیکردنەوەی یارییەکان تەرخان بکەم.

گواردیۆلا: من پیاوێکی بەختدارم

وادەی هەڵبژاردنی بەرشلۆنە دیاریکرا

پیپ گواردیۆلا نایشارێتەوە کە چەند بەخت یاوەری بووە لە بردنەوەی نازناوەکان بە تایبەت چامپیۆنزلیگ لەگەڵ بەرشلۆنە کاتێك کە خاوەنی سیانەی تۆقێنەری وەك مێسی و چاڤی و ئینێستا بووە.

لە چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوانی پاش کرانە دەرەوەیان لەسەر دەستی یانەی لیۆنی فەرەنسی، پرسیار ئاراستەی گواردیۆلا کرا: ئایا لەوەتەی جێهێشتی بەرشلۆنە، چامپیۆنزلیگت نەبردۆتەوە و خەڵکێکیش دەڵێن لەبەر ئەوەیە کە مێسی و چاڤی و ئینێستات نییە؟

پیپ لە وەڵامدا گوتی: "بە تەواوەتی هاوڕای ئەوەم. کاتی خۆشی کە ڕاهێنەری بەرشلۆنە بووم، چەندین جار ئەوەم گوتووە. بۆ چرکەیەکیش گفتوگۆ ناکەم بۆ نکۆلیکرد لەو قسەیە. وتوومە کە من لەوێ بووم، دەمگوت خاوەنی یاریزانگەلێکی سەرسوڕهێنەرم. خۆ لە بایرن میونشن و مان سیتیش بە هەمان شێوە، بەڵام لەگەڵ بارسا من پیاوێکی بەبەخت بووم."

گواردیۆلا ئەم وەرزەش نەیتوانی لەگەڵ مان سیتی بگاتە چارەکی کۆتایی و بە ئەنجامێکی چاوەڕوان نەکراوی ٣-١ بە لیۆنی فەرەنسی دۆڕا و لەچارەکی کۆتایی مالئاوایی لە پاڵەوانێتیەکە کرد.

هیگواین و خدێرا یانەکەیان جێناهێڵن

دوای بڵاوبونەوەی دەنگۆی بەرێکردنی چەند یاریزانێکی یانەی یۆفانتۆس، هەر زوو بلەیس ماتیۆدی فەرەنسی ئەو یانەکەی جێهێشت و خدێرا و هیگواین ئەو دوو یاریزانەش ناویان لە لیستەکەدا هەیە، بەڵام ئەوان ئامادە نین یانەکەیان جێبێڵێن.

ڕۆژنامەی وەرزشی توتۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاویکردۆتەوە پیرلۆ داوای لە کارگێری یانەکەی کردووە ئەو دوو یاریزانەش بەرێ بکەن و لە شوێنی ئەوان یاریزانی لاو بگوازنەوە یانەکەیان، بەڵام ئەوان ئامادەنین یانەکەیان جێبێڵن و دەیانەوێت تاوەکو کۆتایی گرێبەستەکەیان بەردەوام بن، ناوەڕاستکارە ئەڵمانیەکە ساڵانە ٦ ملیۆن یۆرۆ وەکو موچە وەردەگرێت و گۆڵکارەکەی تانگۆش ساڵانە ٧ ملیۆن وەکو موچەی لە یانەکەی وەردەگرێت.

سەرچاوەکە بڵاویشی کردۆتەوە یانەکەی وڵاتەکەیان بە دەرفەتیشی دەزانێت ئەو یاریزانانە بەرێ بکات کە موچەیان زۆرە، بەڵام ئەگەر بێتو ئەو یاریزانانە رازی بە هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەیان نەبن، ئەوا کاتێك کە یانەکەیان بە ناچاری جێدێڵن پێویستە تاوەکو کۆتایی گرێبەستەکەیان موچەکەیان پێ بدرێت، ئەگەر بە ڕێکەوتنی هەردوولا گرێبەستیان هەڵبوەشێندرێتەوە، ئەو کات یانەکە تەنها نیوەی موچەکەیان دەدات.

یانەکە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی پێشوەختە.

ئەوەی هەواداران داوای دەکەن هەمان ئەو داواکارییەیە کە خودی یاریزانەکانی کەتالۆنیاش داوای دەکەن، بۆیە یانەکە دواجار کەوتە ژێر ئەو بڕیارەوە کە لەکاتێکی نزیکدا هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژی 15ی ئاداری داهاتوویان کردووە کە هەڵبژاردنی یانەکە بە ڕێوە بچێت.

سڵاو دەنێرین بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی جەنگی ڕوبەڕووبوونەوەی تیرۆر، پاڕێزەرانی خاک و شکومەندی گەلەکەمان

٧٤ ـەمین ساڵیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان
١٩ی ئاب ١٩٤٦ - ١٩ی ئاب ٢٠٢٠

ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Wed.19 Aug. 2020 No.:(5990)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616


Awder Osman , oil painting ,120x80cm , 2012





دیدار:بەرهەم شێخ عزەدین



ناودێر عوسمان ناوێکی ناشنا بە دنیای هونەری کوردی، لە ساڵی هەزارو نۆسەدو هەشتاو سێ لە دایك بووە لە ساڵ دوو هەزارو شەش بەشی شێوەکاری تەواو کردووە. لە ساڵی دوو هەزارو شانزە ماستەری لە بواری هونەری جەنگ و جینۆساید بە پلەی ئیمتیاز لە کۆلێژی هونەر لە زانکۆی تاران بەدەستهێناوە. ماوەی پانزە ساڵە لە بواری هونەری جەنگ و کارەسات بە شێوەی هونەری وێنەکێشان و فۆتۆ کار دەکات. لەم ڕووەشەوە چەندین پرۆژەی ئەنجامداوە لەو ناوچانەی جینۆساید کراون و یادەوەری جەنگ بۆتە بەشێك لە ژیانیان. لەساڵی دووهەزار دوانزە وەك نوێنەری حکومەتی هەرێم لە بریتانیا بەشداری ئۆلۆمپیادی ئارتی کردووە. هەر وەکو چاڵاکی لە ئەلمانیا بەشدار بووە و وێرای بەشداریکردن لە چەندین ڤیستیڤاڵی ناوخۆو دەرەوە.ئەم وتانەی هونەرمەند لەمیانی ئەم دیمانەیەهات کەبۆخەبات لەگەڵی سازماندا وە:

هونەری جەنگ و کارەسات

لە هەرشوێنێکی ئەم کوردستانەدا کە جوامێرێک تێیدا شەهید بووە حەز دەکەم مۆنۆمێنتی بۆ دروست بکەم

خەونەکانم زۆرن بۆیە هەمیشە هەوڵدەدەم و ئەجەنگم تا بە دیان بهێنم .



چۆن خۆت دەناسێنیت و لەخۆت دەدوێیت؟

خودی هونەر بابەتێکی زاتیە بۆیە ئەکەوێتە سەر ئەوکەسە خۆی کە بەردەوام بێت یان نا, دواتر هونەری نیگارکێشان پەیوەستە بە هەست و نەستەوە بۆیە هەرکاتێك ئەو کەسە کارتێکەرەکانی نێو کۆمەڵگە ببێتە هۆی فشاری هەست و نەستی باشتر ئەتوانێت پیشانی بدات بە ڕێگەی نیگارکێشان و لقەکانی تری شێوەکاری ئەمەش پرۆسەیەکی ڕێژەییە.

بۆ دەرچوانی بەشی شێوەکاری دوای دەرچونیان بەردەوام ناہن لەسەرهونەری شێوەکاری؟

من لەجۆرە هونەرمەندانەم کە زۆرترین کەرەستە (مەتریال) بەکار ئەهێنمەوە بۆ تابلۆکانم هەربۆیە زۆربەی بیرۆکەکانم کە ئەمەوێت جێبەجێی کەم بیر لە بەکارهێنانی مەتریال ئەکەمەوە



لەوانەش(بەردەلم,نەوتی ڕەش , کەرەستەی بیناسازی, کەرەستەی ئارایشت...هتد)

چی شتێك ئاوێتەی ڕەنگ دەکەیت بۆڕازاندنەوەی تابلۆکانت؟

بەهەموو کارەهونەریەکانمەوە شانازی ئەکەم , بۆیە شانازیەکانیشم فراوانترن و مرۆڤدۆستانەن.

خاوەنی چەند پێشەنگایەکی تایبەتم و لە چەندین پیشانگەو ڕوداوی جیهانی بەشداریم کردووە, ڕاستی تا ئێستا بەرهەمەکانم نەژماردووە.

بۆ لە کوردستان هونەری شێوەکاری بەرەوپێش ناچێت؟

پەیوەستە بە چەند هۆکارێکەوە , لەوانە نەبونی سیاسەتی کەلتوری لایەنی پەیوەندیدار , نەبوونی فەرهەنگی بینین, نەبونی دامەزراوەی هونەری پێشکەوتوو, نە بونی دیدگای تازەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و نەکرانەوەی بەرووی جیهاندا, نەبونی کادری پێشکەوتوو لە ناوەندەکانی کە پەیوەستن بە هونەر و کەلتورەوە....هتد

پێشمەرگەوشەهید لە کوێی تابلۆکانی تۆدا جێی بۆتەوە؟

شەهید ماناو گوزارشتێکی گەورەیە کەبەداخەوە حکومەتی هەرێم بەهەمو کایینەکانەوە نەیتوانیوە کار بۆ بەفەرهەنگی کردنی ئەم گوزارشتە بکات, بۆنمونە دەیتوانی دیداری هونەری شەهید ڕێکبخات, دەیتوانی چەندەها مۆنۆمێنت و یادگاری لەناو فەزای گشتی شارەکاندا ئەنجام بدات تا زیاتر لە ناو هەستی جەماوەردا ڕەگ داکوتێت بەڵام ئەفسوس... من بۆخۆم زۆربەی بەرهەمەهونەریەکانم تایبەتن بەم گوزارشتە گەورەیە! بەهەمان شێوە گوزارشتی پێشمەرگەلە نێو کۆمەڵگەدا تەنها لەسەر لاپەرەکانەو کارێکی شایستەی بۆ نەکراوە بەڕاورد بە شۆرشگێڕەکانی تری جیهان. پێشمەرگە ئەوجوامێرەیە کە دەبێت لە هەمو گۆڕەپانی گوند و شارەدێ و شارۆچکەو شارێکدا مۆنۆمێنتی بۆبکرێت چونکە لەوان زیاتر کەس بە شایستەتر نازانم ! هەربۆیە چەندی توانیبێتم هەوڵم داوە کار بۆ ئەو ماناگەورەیە بکەم.

هاوڵاتیان تا چەند تابلۆی خۆمانی واتابەرهەمی هونەرمەندانی خۆمان دەکڕن؟کڕینی تابلۆتاچەند هۆکاردەبێت بۆبەرەو پێش چوونی هونەری شێوەکاری؟

بەداخەوە چون ئێمە گرفتی سیاسەتی کلتوریمان هەیە هەرئەمەش وایکردووە کە لەنێو کۆمەڵگەدا لە جیاتی بەرهەمی هونەرمەندانی کورد بەرهەمی دەستی چینی و ئێرانی و تورکی ... ڕەواجی هەبێت و بکردرێت. کرین و فرۆشتنی بەرهەمی هونەری سیاسەتی ئابووری هونەری بەرەو پێش ئەبات و هونەرمەندان هان دەدات بۆبەرهەمی هونەری تازە .

لەچی نیگەرانیت؟

لە بێخەمی ئەوانەی کەلتورو هونەری کوردیان بەدەستە! لەو بێ پلانیەی کە ئەگوزەرێت سەبارەت بە فەرهەنگ, لە بێخەبەری وبێ بەرپرسیارێتی ئەوانەی کە کورسی و دەسەڵاتی هونەری و فەرهەنگی ئەم هەرێمەیان بەدەستە!

حەزدەکەیت چی تابلۆیەك بکێشیت وپێشکەشی کێی بکەیت؟

حەزدەکەم پرۆژە هونەریەکانم پێشکەش بە ناوچە کارەساتبارەکان بکەم حەز دەکەم مۆنۆمێنت دروست بکەم لە هەرشوێنیکی ئەم کوردستانەدا کە جوامێریك تێیدا شەهید بووە.

خەونت چیبە؟

خەونەکانم زۆرن بۆیە هەمیشە هەوڵدەدەم و ئەجەنگم تا بە دیان بهێنم .

پرۆژەی داهاتوت چیبە؟

پرۆژەی داهاتوم کارکردنە لەسەر چەند بابەتێکی زانستی ,هونەری لەدەرەوەی وڵات.

بۆ ئەوەی خۆشەویستانمان پارێزراو بن



با پێکەوە پابەند بین

نادین نەجیم لوبنان بەجێدەهێڵێ

دوای تەقینەوە بەهێزەکەی وڵاتی لوبنان کە بە سەدان کەس تێدا کوژران و بە هەزاران بریندار بوون و کاولکاری زۆربەی گەرەکەکانی بەیروتی پایتەختی لێکەوتەوە، کچە هونەرمەندی شۆخی لوبنانی نادین نەجیم تێدا بریندار بوو، ئێستا لە نەخۆشخانە چارەسەری وەردەگرێ، نادین نەجیم یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەکتەرەکانی لوبنان و هاوکات بە شاجوانی ئەو وڵاتەش هەڵبژێردراوە. بەگوێرەی هەواڵێکی گۆڤاری لەیالینا نادین نەجیم زۆر لەو تەقینەوەیە ترساوەو بریاری داوە بۆ هەمیشە زێدی خۆی جێبهێڵێ. لە تویتەرەکەی خۆیشی ناماژەی بەوە داوە کە دەچێتە وڵاتێك ڕێز لەگەلەکەی بگرێ نەوەك وەك لوبنان گەلەکەی فەرامۆش بکات شایەنی باسە شان بەشانی ناوبراو چەندین ناودارو هونەرمەندی دیکە بریندار بووە.